# هێنریك ئیبسن
# پایەکانی کۆمەڵگە
شانۆگەرییەکە لە چوار بەشدا
وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە
هاودەم ساڵح جاف

لەم کتێبەوە کراوە بەکوردی.
HENRIK IBSEN
Samfundets støtter
SKUESPILL I FIRE AKTER
Utgitt første gang 1877
Oversatt fra utgave ved Gyldendal Norsk Forlag A/S 1992

## کەسایەتییەکان

کونسووڵ بێرنیک[1]
بێرنیک خانم[2] هاوسەری کونسووڵ بێرنیک.
ئۆلاف ، کوڕی بێرنیك خانم و کونسووڵ  بێرنیك، تەمەنی 13 ساڵانە.
بێرنیك خاتوون[3] ، خوشکی کونسووڵ  بێرنیك.
یوهان تۆنەسێن ، برا بچوکی بێرنیك خانم.
هێسڵ خاتوون[4]، زڕخوشکی گەورەی بێرنیك خانم.
هیلمار تۆنەسێن ، کوڕی مامی بێرنیك خانم.
مامۆستا ڕۆڕلوند[5].
بازرگانی جوملە فرۆش  ڕوومێل.
بازرگان ڤیگەلاند.
بازرگان ساندستاد.
دینا دۆرف، کچێکی گەنج لە ماڵی کونسووڵدا.
پارێزەر کراپ.
ئەونای بەلەم ساز.
ڕوومێل خانم هاوسەری بازرگانی جوملە فرۆش  ڕوومێل.
هۆڵت خانم هاوسەری هۆڵت سەرۆکی پۆست.
لینگە خانم هاوسەری دکتۆر لینگە.
ڕوومێل خاتوون/ هیلدا کچی ڕوومێل خانم  و بازرگان ڕوومێل.
هۆڵت خاتوون/ نێتە کچی هۆڵت خانم و هۆڵت.
هاوڵاتیانی شار وخەڵکی بێگانەی لە ڕێی دەریاوە هاتوو
نەفەرەکانی پاپۆڕێکی بووخاری.... هتد.

ڕووداوەکە لە ماڵی کونسووڵ بێرنیکدا ڕوو دەدات لە یەکێك لە شارە بچووکەکانی نەرویج لە کەنار دەریا.

[1] کوونسوڵ [ڕاوێژکار] :  لەلایان بێتی هاوسەری و کەس وکاری نزیکییەوە بە کەشتن، ناوی یەکەمییەوە بانگدەکرێ. وەرگێڕ.
[2] بێرنك خانم: لەلایان مێردەکەی و کەسو کاری نزیکیەوە بە بێتی، ناوی یەکەمییەوە بانگ دەکرێ و لەمەودوا هەر ناوی یەکەمی دەنووسین.
لە کۆمەڵگەی ئەورووپیدا بەگشتی هەموو خێزانێک خاوەنی لەقەبی خۆیەتی، ئافرەتان پاش شوکردن بە لەقەبی خێزانی پیاوەکانیانەوە تۆماردەکرێن. وەرگێر
[3] بێرنیك خاتوون: لەلایان کەس و کاری نزیکییەوە بە مارتا، ناوی یەکەمییەوە بانگ دەکرێ و لەمەودوا هەر ناوی یەکەمی دەنووسین. وەرگێڕ.
[4] هێسڵ خاتوون: لەلایان کەس و کاری نزیکییەوە بە لوونا، ناوی یەکەمییەوە بانگ دەکرێ و ئێمەش هەر بەو ناوەوە پێشکەشی دەکەین. وەرگێڕ.
[5] Adjunkt : واتە مامۆستای ئامادەیی. وەرگێڕ.

## بەشی یەکەم

(هۆڵێکی فراوانی سەر باخچەیەك لە ماڵەکەی کونسووڵ بێرنیکدا. لەبەشی پێشەوەی هۆڵەکەدا، بە لای چەپدا دەرگایەك دەباتە ناو ژوورەکەی کونسووڵەوە؛ لە هەمان دیواردا، زیاتر بەرەوە دواوە، دەرگایەکی وەکو دەرگاکەی پێشوو هەیە. لە ناوەڕاستی دیوارەکەی بەرامبەردا، دەرگایەکی گەورەتری چوونە ژوورەوە هەیە. دیوارەکەی پشتەوە هەمووی جامخانەیە و دەرگای چامخانەکە کەوتۆتە سەر هەیوانێك، کە بۆتە پلیکانەیەکی فراوان بۆ باخچەیەك و بەسەر هەیوانەکەدا سەیوانەیەك بۆ خۆ پاراستن لە تیشکی خۆر هەڵدراوە، لە خوارەرەوەی پلیکانەکە بەشێك لە باخچەکە دەبینرێ، کە بە پەرژینێکی ئاسنین و دەرگایەکی چوونە ژوورەوەی بچکۆلە دەورەدراوە. شەقامێك بەبەردەم دەرگاکەو بە درێژی پەرژینەکە درێژ دەبێیتەوە، ئەو بەری شەقامەکە پێچەوانەی ئەم بەر بە خانووی لە دار دروستکراوی بچکۆلەی بەڕەنگی کاڵ بۆیاخ کراو، ئاوەدان کراوەتەوە.

هاوینەو خۆرهەتاوێکی گەرمە. تاکوتەرا خەڵك بەسەر شەقامەکەدا تێ دەپەڕن؛ ڕادەوەستن و پێکەوە قسە دەکەن؛ لە بەردەم دوکانێکی بچکۆلەدا کە دەکەوێتە سوچێکەوە، خەڵك خەریکی شت کڕینن ... هتد.)

(کۆمەڵێ ئافرەت لە ناو هۆڵی پێش باخچەکەدا لە دەووری مێزێك دانیشتوون. لە ناوەڕەستدا لەبەردەم مێزەکەدا بێتی دانیشتووە. لە لای چەپی ئەوەوە هۆڵت خانم و کچەکەی دانیشتوون، ئینجا ڕوومێل خانم و کچەکەی. لە لای ڕاستیشییەوە، لینگە خانم و مارتا و دینا دۆرف دانیشتوون . ئافرەتەکان هەموویان خەریکی ئیشی دەستن. لەسەر مێزەکە قووماشی کەتانی نیوە دووراو و بڕاو لەگەڵ جلوبەرگی ترا هەڵدراونەتەوە. لە دواوە ، لەسەر مێزێکی بچکۆلە، کە دوو ئینجانەی گوڵ و پەرداخێك شەربەتی لەسەرە، مامۆستا ڕۆرلوند دانیشتووە و بە دەنگی بەرز کتێبێکی قەراغ زەرد دەخوێنێتەوە، بە جۆرێك کە دانیشتوان تەنها گوێیان لە تاكو تەرای وشەکانە. لە دەرەوە لە باخچەکەدا ئۆلاف بەم لاو بەولادا ڕادەکاو بە تیرو کەوانەکەی نیشانە دەگرێتەوە.)

( پاش ماوەیەکی کەم (ئەونا) ی بەلەمساز لە سەر خۆ لە دەرگایی ڕاستەوە دێتە ژوورێ. لەو کاتەدا هەندێ پشێوی لە خوێندنەوەکەدا ڕوو دهدات، بێتی سەری بۆ ڕادەوەشێنێ و بە پەنجە ئاماژە بۆ دەرگای ژوورەکەی لای چەپ دەکات. ئەونا لە سەر خۆ بەرەو ئەوێ دەچێ و هێواش دووجار لەدەرگای ژوورەکەی کونسووڵ دەدات، وەلێ لە نێوان هەر دووجار لە دەرگا دانەکەدا کەمێک چاوەڕێ دەکات. پارێزەر کراپ، بە شەپقەکەی دەستییە وە و هەندێ کاغەز لە ژێر باڵیدا، لە ژوورەکەی دێتە دەرێ.)

**پارێزەر کراپ:**

ئا بەڕاست ؛ ئەوە ئێوەن لە دەرگا دەدەن؟

**ئەونای بەلەمساز:**

کونسووڵ ناردبووی بە دوامدا.

**پارێزەر کراپ:**

وایە؛ بەڵام ناتوانێ بتان بینێ، منی ڕاسپاردوە تا .

**ئەونای بەلەمساز:**

ئێوە؟ بەڕاستی من زیاتر حەزم دەکرد-

**پارێزەر کراپ:**

منی ڕاسپاردوە پێتان بڵێم، کە ئێوە دەبێ لە وانە وتنەوەکانی ڕۆژانی شەممان بە کرێکاران دەست هەڵگرن.

**ئەونای بەلەمساز:**

ئەوها؟ بیرم کردبووەوە کە دەبێت من کاتی بێ ئیشی خۆم بەکاربێنم -

**پارێزەرکراپ :**

ئێوە نابێ کاتی بێ ئیشی خۆتان بەکاربێنن بۆ ئەوەی وا لە خەڵك بکەن لە کاتی ئیشکردندا بێ کەڵك بن. ئێوە شەممەی ڕابردوو، دەربارەی ئەو زیانەی کرێکارەکان پێیان دەگات بە هۆی مەکینە تازەکانمانەوە و، شێوازی تازەی کارکرنەوە لە کارگەی بەلەم سازیەکەدا، گوتارتان داوە. بۆچی ئاوا دەکەن؟

**ئەونای بەلەم ساز:**

بۆئەوەی یارمەتی کۆمەڵگاە بدەم.

**پارێزەر کراپ:**

سەیرە ! کونسووڵ دەڵێ ئەمە کۆمەڵگە شێوێنە.

**ئەونای بەلەمساز:**

کۆمەڵگەکەی من کۆمەڵگەی کونسووڵ نیە، جەنابی پارێزەر! وەکو لێپرساراو لە کۆمەڵگەی کرێکاران من دەبێت-

**پارێزەر کراپ:**

پێش هەموو شتێ ئێوە لێپرسراون لە ورشەکەی کونسووڵ بێرنیك.

پێش هەموو شتێ ئێوە دەبێت خۆتان بە قەرزارباری ئەو کۆمەڵگەیە بزانن کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگەی کارگەی کونسووڵ بێرنیك، چونکە ئێمە هەمووومان لەسەر ئەوە دەژین. – بەڵێ ئێستا ئێوە دەزانن کونسووڵ چی هەبوو پێتان ڕابگەیەنێت.

**ئەونای بەلەمساز :**

جەنابی پارێزەر ! کونسووڵ هەرگیز نەیدەویست بەو شێوەیە قسەبکات. بەڵام من خۆم دەزانم دەبێ سوپاسی کێ بکەم بۆ ئا ئەمە. ئەویش ئەو پاپۆڕە بە نەفرەتبوە ئەمریکییە شکاوەیە. ئەو خەڵکە دەخوازن ئیشەکە بەو شێوەیە بڕوات کە لای خۆیان خویان پێوەگرتووە ئەوەش -

**پارێزەر کراپ:**

ئا، ئا ، ئا، من ناتوانم لەمە زیاتر درێژەی پێ بدەم ، ئێستا ئێوە لە مەبەستی کونسووڵ تێگەیشتن، ئیتر تەواو! فەرموون بڕۆنەوە بۆ سەر کارەکەتان، لە وانەیە وا پێویست بکات، تۆزێکی تر من خۆشم دێم - ببورن خانمەکانم!

(سڵاو دەکات و لە باخچەکەوە دەڕواتە دەرەوە و لە شەقامەکەوە بەرەو خواردەبێتەوە. ئەونای بەلەمساز لەسەرخۆ بەلای ڕاستدا دەچێتە دەرێ. مامۆستا بە درێژایی ئەو دەمەتەقێ هێمنە هەر بەردەوام بووە لەسەر خوێندنەوە، یەکسەر دوای تەواو بوون لەکتێبەکە و داخستنی.)

**مامۆستا ڕۆر لوند:**

ببینن ئاوها، گوێگرە ئازیزەکانم بەم شێوەیە کۆتایی هات.

**ڕوومێل خانم:**

ئەھ، چ چیرۆکێکی پەروەردەیی بەسوودە!

**هۆڵت خانم:**

ئینجا زۆر ئاکارخوازانەش!

**بێتی:**

کتێبی ئاوها بەڕاستی وات لێ دەکات زۆر بیربکەیتەوە.

**مامۆستا ڕۆر لوند:**

ئۆ، بەڵێ؛ ئەوە خێرخوازییەکی دژ بەوە دادەمەزرێنێت کە ئێمە بەداخەوە ڕۆژانە دەتوانین، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بیانبینین. ئەو کۆمەڵگە گەورانەی کە دیوی دەرەوەی زەرکەشکراو و ئارایشکراویان خستۆتە بەر چاو- لە ڕاستیدا ئەمانە

ناوئاخنیان چییە؟  من دەبێ بڵێم، پووکی و ڕزیوی. هیچ بنچینەیەکی ئەخلاقیان نییە کە لەسەری ڕابووەستن. بە کورتییەکەی، –  ئێستا لەم ڕۆژەدا  ئەم کۆمەڵگە گەورانە چاڵی گەچن.

**هۆڵت خانم**:

بەڵێ بێ گوومان ئەوە ڕاستە.

**ڕوومێل خانم**:

[بۆ ڕاستی ئەمە] ئێمە تەنها پێویستمان بە سەیرکردنی پیاوانی تاقمی پاپۆڕە ئەمەریکیەکە یە، کە لەم کاتەدا لێرەن.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

ئێستا، نامەوێ بە هیچ کلۆجێ لە بارەی ئەم جۆرە ترۆکراوانەی مرۆڤایەتیەوە قسە بکەم. بەڵام ئاخۆ لە خودی توێژەکانی بەرەو ژوورتردا – لەوێ دەبێت چۆن چۆنی بێت؟ گومان و نائارامیەکی  هەڵچوو لە هەموو لایەکەوە، ناکۆکی لە میزاجەکان و دوودڵی لە هەموو پەیوەندییەکاندا. چۆن دەبێت ژیانی خێزانی لەوێ دانەڕزابێ؟ چۆن چۆنی ئارەزووە ئاوەژووە بێ شەرمەکان خۆیان ڕێك بەرامبەر جیددیترین ڕاستیەکان پیشان نادەن؟

**دینا** ( بە بێ ئەوەی سەیرکا) :

بەڵام ئایا لەوێش زۆر کاری گەورە ناکرێت؟

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

زۆر کاری  گەورە-؟ من تێناگەم –

**هۆڵت خانم** ( بەسەر سامییەوە) :

ئۆی خوایە، دینا-!

**ڕوومێل خانم** ( لە هەمان کاتدا):

بەڵام ، دینا، تۆ چۆن دەتوانیت ئاخر-؟

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

من لەو باوەڕەدانیم ڕێگەدان بە هاتنە ناوەوەی ئەو جۆرە کارانە بۆ نێو ئێمە سوودبەخش بێت. نەخێر پێویستە ئێمە لێرە لە وڵاتی خۆماندا سوپاسی خودا بکەین، کە ئێمە بەو شێوەیەین کە هەین. دیارە لێرەش زرەگیا لە ناو قەرسیلەی گەنمدا گەورە دەبێت، بە داخەوە، بەڵام ئێمە ڕاشکاوانە تێ دەکۆشین ئەوەندە بژار بکەین کە لە تواناماندا هەیە. ئەمە پەیوەندی

به خاوێن ڕاگرتنی کۆمەڵگەوە هەیە. خانمان، ئاستەمە تەحەمولی ئا ئەم هەموو شتە تازانە بکرێ کە زەمەنێکی شپرزە دەیەوێت سەرماندا بیانسەپێنێت.

**هۆڵت خانم:**

بەداخەوە زیاد لە پێویست ئا لەو جۆرە شتانە هەیە.

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، ئەوەندەی نەمابوو ساڵی پار ئێستگەی شەمەندەفەرمان لەم شارە بۆ بکرێتەوە.

**بێتی:**

بەڕاستی، کەشتن نەی هێشت.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ویستی خودا، بێتی خانم. دڵنیابن پیاوەکەتان کە لە ئەستۆگرتنی ئەو کارەی ڕەتکردەوە، ئامرازێك بوو ئەو لە دەستێکی باڵاتردا.

**بێتی:**

جا لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکان ئەو هەموو قسە ناخۆشانەیان دا بە گویدا. بەڵام ئێمە سەرجەم خەریکە لەبیرمان دەچێت، کە سوپاستان بکەین، جەنابی مامۆستا. بەڕاستی ئەمە گەلێك لە هاوڕێیەتی زیاترە لە ئێوەوە کە ئەم کاتە زۆرە بۆ ئێمە بەخت دەکەن.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ها چی، لەبەر ئەوەی  کە لە کاتی پشووی قوتابخانەدا....

**بێتی:**

بەڵێ، بەڵێ ، بە هەرحاڵ ئیتر ئەوهش جۆرێکە لە خۆ بەخت کردن، جەنابی مامۆستا.

**مامۆستا ڕۆرلوند** (کورسیەکەی خۆی دەگوێزێتەوە نزیکتر) :

هەرگیز لەم بارەیەوە قسە مەکە، باشترین خانم، ئایا ئێوە هەمووتان پێکەوە ئامادە نین بۆ خاتری مەسەلەیەکی باش قوربانی پێشکەش بکەن؟ بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە ئەو کارە ناکەن ؟ ئەم ئاکار گەندەڵ بووانە، کە ئێمە بۆ چاککردنیان کاردەکەین، دەبێ وەك سەربازگەلێکی لە مەیدانی جەنگدا بریندار کراو حیسابیان بۆ بکەین، ئێوە خانمەکانم،

پەرستارەکانن، ئێوە خوشکە بە ڕەحمەکانن، کە لەوێ، بۆ ئەو بەدبەختە برینداركراوانە، لەفاقی لە کەتان دروستکراوتان بەدەستەوە گرتووە و، برینەکانیان بە کەتان دەپێچنەوە و تیماریان دەکەن و چاکیان دەکەنەوە.

**بێتی:**

ئەوە دەبێ دیارییەکی بەڕەحمانەی خودای گەورە بێ کە بتوانرێ گشت لە ڕووناکیەکی هێندە جواندا ببینرێ.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

زۆر شت لەو ڕووەوە زگماکییە، بەڵام زۆر شتیش دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. مەسەلکە تەنها ئەوەیە کە شتەکان لەبەر ڕووناکی ئەرکێکی ژیانی جیدیدا بینین. بەڵێ ، مارتا خاتوون ئێوە ئێستا چی دەڵێن؟ ئایا لەوەتەی ئێوە خۆتان بۆ کارو ئەرکەکانی قوتابخانە تەرخان کردووە، خۆتان وا نابیننەوە وەك ئەوەی زەمینەیەکی ئاسوودە ترتان بەدەست هێنابێ تا لە سەری ڕاوەستن؟

**مارتا:**

بەداخەوە. نازانم بڵێم چی. زۆرجار، کە لەقوتابخانە دەچمە پۆلەوە، ئاوات بەوە دەخوازم کە دوور لەو دەریا کێوییەدا بوومایە .

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵێ تەماشا کە، خانمی ئازیز ئەوە گومان و ڕاڕاییەکانن. بەڵام بەڕووی ئەم چەشنە میوان گەلە نائارامانە دا وا چاکترە دەرگا دابخرێت. ئەو دەریا کێوییە.--- بێگومان ئێوە مەبەستان دەقاو دەق دەریایی کێوی نیە، ئێوە مەبەستان ئەو جموجۆڵە نائارامە گەورەیەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە، کە بێشمار خەڵکی تێدا نقووم دەبێت.

ئایا ئێوە بەڕاستی هێندە نرخ بۆ ئەو ژیانەی کە ئێوە گوێتان لە گێزە گێزو هاژە هاژێتی لێرەو لەوێ لە دەرەوەی ئێرە دادەنێن؟ تەنها تەماشایەکی شەقامەکەی خوارەوە بکە. خەڵکەکان لەوێ لەبەر گەرمایی خۆردا ئارەقە دەڕژن و دێن و دەچن و لەگەڵ بابەتە بچکۆلەکانی خۆیاندا خەریکن. نەخێر، لە ڕاستیدا ئێمە باشترین، ئێمە، کە لێرە لەفێنکایدا دانیشتووین و پشتمان کردووەتە ئەو گۆشەیەی کە جارڕزبوونی لێوە دێت.

**مارتا:**

بەڵێ، خوای گەورە، بێگومان ئێوە تەواو لەسەر هەقن .

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

له یەك خانووی وەكو ئەمەدا- له یەك ماڵی چاك و پاكدا، كه ژیانی خێزانی بەجوانترین دیمەنی خۆیەوە دێتە بەر چاو و ئاشتی و تەبایی سەردارن- (ڕوو دەكاتە بێتی) خانم، ئەوە ئێوە گوێتان بۆ چی هەڵخستووە؟

**بێتی** ( ئاوەڕێ داوەتەوە بەرەو دەرگای پێشەوەی لای چەپ):

ئەوانە لە ژوورەوە چەند دەنگیان بەرزە.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

ئایا شتێكی تایبەتی لە ئارادا هەیە؟

**بێتی**:

نازانم، گوێم لە یەكێكە لە ژوورەوە لەلای پیاوەكەم.

( هیلمار تۆنەسێن چرووتێكی بەدەمەوەیە، لە دەرگایی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە، بەڵام  هەر كە چاووی بەو هەموو ژنانە دەكەوێ دەوەستێ)

**هیلمار تۆنەسێن**:

ئۆ، داوای لێبووردن دەكەم ـ ( دەیەوێ بگەڕێتە دواوە.)

**بێتی**:

نا، هیلمار، وەرە نزیكەوە، تۆ كەس نارەحەت ناكەیت، پێویستیت بە هیچ هەیە؟

**هیلمار تۆنەسێن**:

نەخێر، تەنها دەمویست سەیرێكی ئێرە بكەم. بەیانیتان باش، خانمەكانم. ( ڕوو دەكاتە بێتی) بەچی گەیشت ؟

**بێتی**:

چی بە چی گەیشت؟

**هیلمار تۆنەسێن**:

بێرنیك كۆبوونەوەی هەیە.

**بێتی**:

ئەوها ؟ بەڵام بەڕاستی چی‌یە دیسان؟

**هیلمار تۆنەسێن**:

ئۆ، دیسان بەزمی ئێستگەی شەمەندەفەرەكەیە.

**ڕوومێل خانم** :

نا، شتی وا دەبێ؟

**بێتی:**

کەشتنی داماو، دیسان دەبێ ئەو گرفتاری چەندەها ناڕەحەتی بێ—

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵام سەروای ئەمە چۆن چۆنی بهێنینەوە، جەنابی تۆنەسێن؟ کونسووڵ بێرنیك ئەو ساڵی پار ئاشکرا خستییە ڕوو کە ئەو بەهیچ جۆرێك ئێستگەی شەمەندەفەری ناوێت.

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڵێ، منیش پێموابێ وابوو، بەڵام کراپی پارێزەرم بینی، ئەو باسی کرد کە مەسەلەی ئێستگەکە دووبارە هەڵی داوەتەوە و بێرنیك لەگەڵ سێ پیاوی پارەداری شار کۆبووەتەوە.

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، من هەر خۆم پێموابوو کە گوێم لە دەنگی ڕوومێلە لە ژوورەوە.

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئا، بێگومان بەڕێز ڕوومێلیان لەگەڵە، هەروابێتەوە بازرگان ساندستادی سەرگردەکە و میکێل ڤیگەلاندیش، ـ کە پێی دەڵێن " میکێلی – پیرۆز"

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

هم—

**هیلمار تۆنەسێن:**

داوای لێبووردن دەکەم ، جەنابی مامۆستا.

**بێتی:**

ئێرە ئێستا چەند خۆش و ئاسوودە بوو.

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڵێ، من بەش بەحاڵی خۆم، هیچ دژی ئەوە نیم ئەگەر ئەوان دووبارە بیکەنەوە بەهەراوهووریا. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوە دەبێتە مایەی سەرگەرمی.

**ماماستا ڕۆرلوند:**

ها، من پێم وایە ئەو جۆرە سەرگەرمییانە مرۆڤ دەبێ لێیان گەڕێت.

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئەوە کەوتووەتە سەر مرۆڤ خۆی، بێگومان هەندێکەس پێویستیان بە خەباتێکی پڕمەترسییە. بەڵام بە داخەوە ژیانی ناو شارە بچکۆلەکان هێندەی لەو شێوە خەباتە پڕمەترسییانە تێدانییە.

ئینجا هەموو کەسێکیش ناتوانێ کە ـ (کتێبەکەی مامۆستا هەڵدەداتەوە) " ئافرەت وەك خزمەتکاری کۆمەڵگە" ئەم قسە قۆڕانە چین؟

**بێتی:**

خوایە هاوار، هیلمار، تۆ نابێ ئەو قسەیە بکەی. بێگومان تۆ ئەو کتێبەت نەخوێندۆتەوە.

**هیلمار تۆنەسێن:**

نەخێر، نیازیشم نییە بیخوێنمەوە.

**بێتی:**

ئەمڕۆ تۆ تەواو خۆت نیت.

**هیلمار تۆنەسێن:**

نەخێر، تەواو نیم.

**بێتی:**

لەوانەیە ئەم شەو باش نەخەوتبیت؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

نا، هەر زۆر خراپ نووستم. دوێنێ ئێوارە چووم بۆ پیاسەیەك لەبەر خاتری نەخۆشییەکەم. ئینجا چوومە سەرێ بۆ یانە و لەوێ سەفەر نامەیەکم لەسەر جەمسەری باکوور خوێندەوە. لە بەدوادا چوونی مرۆڤ و جەنگەکەی لەگەڵ توخمەکانی سروشتدا، هەندێك ورەبەرزبوونەوە و بەهێزبوون هەیە.

**ڕوومێل خانم:**

بێگومان دیارە کە ئەوە بۆئێوە شتێکی باش نەبووە، جەنابی تۆنەسێن.

**هیلمار تۆنەسێن:**

نەخێر، ئەوە بۆ من زۆر خراپ بوو. هەموو شەوەکە پاڵ کەوتبووم و بەدەم نیمچە خەوەوە ئەم دیو ئەو دیوم دەکردو خەوم دەبینی. لەخەومدا بە شێرماسییەکی پیس دوام کەوتبوو.

**ئۆلاف** (کە هاتۆتە سەرەوە بۆ سەر پلیکانەکانی باخچەکە) :

مامە شێر ماسییەك بە دوای تۆوە بوو؟

**هیلمار تۆنەسێن**:

لە خەوما، هەی دەبەنگ! هێشتا تۆ هەر لێرە دێیت و دەچیت و بەو کەوانە هەزەلیە یاری دەکەیت؟ تۆ بۆچی تفەنگێکی ڕاستەقینە پەیدا ناکەیت؟

**ئۆلاف**:

با، من زۆرم حەز لەوەیە بەڵام –

**هیلمار تۆنەسێن**:

چونکە لە تفەنگێکی ئاوهادا، هەندێ مانا هەیە: هەمیشە هەندێك مێشك خرۆشێنەرە کاتێك مرۆڤ دەخوازێت بیتەقێنێت.

**ئۆلاف**:

مامە، ئەوسا دەتوانم تەقە لە ورچیش بکەم. بەڵام بۆم نیە باوکم نایەڵێت.

**بێتی**:

هیلمار، بەڕاستی نابێ تۆ ئەم شتانە بخەیتە مێشکییەوە.

**هیلمار تۆنەسێن**:

هم، - بەڵێ، ئەمرۆ ئەم نەوەیە ئەوا پەروەردە دەکرێن! باس هەر باسی وەرزش و وەرزش،-- خوا ڕەحم کات، بەڵام ئەمە هەمووی گەمەیە، هەرگیز جووڵەیەکی جیددی بۆ ئەو تۆکمەکردنە نیە کە مەبەستی ئەوەبێت، ئەوان پیاوانە بەرەنگاری دۆخێکی مەترسیدار ببنەوە. لاچۆ کەوانەکە ئاڕاستەی من مەکە، هەی ناقۆڵا، لە دەستت دەردەچێت.

**ئۆلاف**: نا، مامە، خۆ تیری تیدا نییە.

**هیلمار تۆنەسێن**:

تۆ چووزانیت، لە گەڵ ئەوەشدا لەوانەیە تیرێکی تێدا بێت. ئەڵێم ئەوە لابە!--- بە ناخێرت تۆ بۆ چی قەت بەیەکێك لە پاپۆڕەکانی باوکت نەچوویت بۆ ئەمەریکا؟ لەوێ دەتتوانی ڕاوی ڕەوە گامێش یان شەڕێك لەگەڵ سوور پێستەکاندا ببینیت.

**بێتی:**

نا، بەڵام هیلمار---

**ئۆلاف:**

با، مامە حەزم لەوەیە، ئەوسا لەوانەیە بوو بمتوانیایە خاڵە یۆهان و پوورە لووناش ببینم.

**هیلمار تۆنەسێن:**

هم، -- ، قسەی هیچ.

**بێتی:**

ئۆلاف ، تۆ بۆت دەتوانیت ئێستا بچیتەوە ناو باخچەکە.

**ئۆلاف :**

دایکە، دەتوانم بچمە کۆڵان؟

**بێتی :**

بەڵێ، بەڵام دوورنەکەویتەوە .

( ئۆلاف لە دەرگایی پەرژینەکەوە ڕادەکاتە دەرەوە)

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

جەنابی تۆنەسێن نەدەبوو ئێوە ئەو بیرە خراپانە بخەنە مێشکی ئەو منداڵەوە.

**هیلمار تۆنەسێن:**

نەخێر بێگومان، ئەو پێویستە لێرە بمێنێتەوە و ببێت بە یەکێك لەوانەی کە هەر لەماڵەوە دادەنیشن، وەك زووربەی ئەوانی تر.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵام بۆچی ئێوە خۆتان سەفەر ناکەن بۆ ئەوێ؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

من؟ بەم نەخۆشیەوە؟ بەڕاستی، خۆ ئاشکرایە، لەم شارە خەڵك زۆر گوێ بەو شتانە نادەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئیتر بێگومان مرۆڤ چەند ئەرکێکی لەسەرشانە لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی. ئاخر لێرە لانیکەم دەبێت چەند کەسێك هەبێت کە ئاڵای بیری نموونەیی بەرز ڕاگرن. ئاخ، ئەوە دیسان کەوتەوە هاوار هاوار!

**خانمەکان:**

کێ هاوار دەکات؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

ها، نەخێر، نازانم. ئەوان لە ژوورەوە تۆزێ دەنگیان بەرزە و، ئەوەش توشی شڵەژانم دەکات.

**ڕوومێل خانم:**

ئەوە پیاوەکەی منە، جەنابی تۆنەسێن. بەڵام با پێتان بڵێم ، ئەو ڕاهاتووە کە لە کۆبوونەوە گەورەکاندا وتار بدات.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

من لەو باوەڕەدام ئەوانی تریش هێندە دەنگ نزم نین.

**هیلمار تۆنەسێن:**

نەخێر، خوایاربێ، هەڵبەتە، ئەگەر باس لە پاراستنی کیسە پارە بێت، ئاوهایە، -- ئا هەموو شتێك لێرە دەچێتە نێو کەرەسەی وردی حیساب کارییەوە. ئاخ!

**بێتی:**

بە هەرحاڵ ئەوە لە جاران باشترە، کە هەموو شتێ دەچووە ناو خانەی سەرگەرمییەوە .

**لینگە خانم:**

بۆ بەڕاستی ئێرە جاران هێندە خراپ بوو؟

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، لینگە خانم، باوەڕکەن بەختەوەرانە دەتوانن ستایشی خۆتان بکەن کە ئەوسا ئێوە لێرە نەدەژیان.

**هۆڵت خانم:**

ئا، ئێرە بەڕاستی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە! کاتێك من بیر دەکەمەوە لە جاران، ڕۆژانی کچێنیم –

**ڕووومل خانم:**

ئۆ، لەپڕا بیرکەرەوە لە چواردە- پانزە ساڵ لەمەوبەر خودا  بمان بەخشێت، چ ژیانێك بوو لێرە ! ئەوسا هەردوو سەندیکای تۆپان و سەندیکای مۆسیقاران هەبوون-

**بێتی:**

سەندیکای شانۆکارانیش. باش دێتەوە بیرم.

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، جەنابی تۆنەسێن، شانۆگەرییەکەی ئێوهش لەوێ پێشکەش کرا.

**هیلمار تۆنەسێن:**

( بەرەو دواوە). ها، چی، چی !-

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

شانۆگەرییەك لەنووسینی تۆنەسێنی قوتابی؟

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، ئەوە زۆر پێش هاتنی ئێوە بوو بۆ ئێرە، جەنابی مامۆستا. پاشان تەنها یەکجار نمایشکرا.

**لینگە خانم:**

ئەوە لەو شانۆگەرییەدا نەبوو ڕوومێل خانم کە ئێوە بۆتان باسکردم دەوری عەشیقەتان تێدا بینیبوو؟

**ڕوومێل خانم** ( سەیرێکی خێرایی مامۆستا دەکات):

من ؟ لینگە خانم بەڕاستی ئەوەم بیر نایەتەوە ، بەڵام باش ئەو هەموو هەراو هووریایەی ئاهەنگێڕانی ناو خێزانەکانم لە بیرە.

**هۆڵت خانم:**

بەڵێ، هەڵبەتە من چاك ئەو ماڵانەم بیرە کە هەفتەی دوو نانخواردنی گەورەی ئێوارانیان تێدا دەدرا.

**لینگە خانم:**

من بیستوومە گوایە گروپێکی شانۆکارانی گەڕۆك  لێرە هەبووە.

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ،  تازە ئەوە کە لە هەمووان خراپتر!

**هۆڵت خانم:**

(بێ قەرارانە) هم، هم –

**ڕوومێل خانم**:

بەڕاستی، ئەکتەرەکان؟ نەء، بە هیچ شێوەیەك من ئەوەم بیر نایەتەوە.

**لینگە خانم**:

بەڵێ، هەروەکو دەڵێن، ئەو خەڵکانە گەلێ کاری شێتانەیان کردووە. بەڕاستی ئەو بەسەرهاتانە چۆن چۆنی بوون؟

**ڕوومێل خانم**:

ئۆ، لینگە خانم، لە ڕاستیدا ئەو شتانە هیچ نەبوون.

**هۆڵت خانم**:

دینابی شۆخ، ئەو کەتانەم لەوێدا بدەرێ.

**بێتی** (لەهەمان کاتتدا):

ئازیزم دینا، بچۆ بە کاترینە بڵێ تا قاوەکەمان بۆ بهێنێ.

**مارتا**:

دینا، منیش لەگەڵت دێم.

(دینا و مارتا لە لای چەپی دەرگاکەی سەرەوە دەچنە دەرەوە)

**بێتی** ( هەڵدەستێتە سەرپێ) : کەمێك، دەبێ بمبوورن خانمەکان؛ وا باشترە قاوەکەمان

لە دەرەوە بخۆینەوە.

( دەچێتە دەرەوە بۆ سەر پلیکانەی باخچەکەو مێزێك دەرازێنێتەوە؛ مامۆستا لە ناو دەرگاکەدا قسەی لەگەڵدا دەکات.

هیلمار تۆنەسێن لە دەرەوە دانیشتووەو جگەرە دەکێشێ.)

**ڕوومێل خانم** (لەسەرخۆ):

خوایە، هەر ڕۆحت بردم ! لینگە خانم.

**لینگە خانم**:

من؟

**هۆڵت خانم**:

بەڵێ، ڕاستە ڕوومێل خانم بەڵام، ئێوە خۆتان دەستان پێ کرد.

**ڕوومێل خانم:**

من؟ نەخێر، چۆن وا دەڵێن، هۆڵت خانم؟ کوا لەو کاتەدا من یەك تاکە وشەم بە دەمدا نەهات.

**لینگە خانم:**

بەڵام چی بووە ئێستا؟

**ڕوومێل خانم:**

چۆن توانیتان ئەو باسە بکەنەوە! هەرخۆتان بیری لێ بکەنەوە- ئاخر دیناتان نەبینی کە لێرە لە ژوورەوە بوو؟

**لینگە خانم:**

دینا؟ خوا ڕەحم کات، بۆ هیچ لە ئارادا هەیە لەگەڵ --؟

**هۆڵت خانم:**

ئینجا لێرەش لە م ماڵەدا! بۆ نازانن کە ئەو [کەسە] برای بێرنیك خانم بوو؟

**لینگە خانم:**

چی ئەو؟ من هیچ شتێك نازانم؛ هەروەکو دەزانن من لێرە هێشتا تازەم ـ

**ڕوومێل خانم:**

بۆ گوێتان لێنەبووە کە --؟ هم – ( ڕوو دەکاتە کچەکەی) هیلدا، دەتوانیت کەمێك بچیتە باخچەکەوە.

**هۆڵت خانم:**

تۆش برۆ، نێتە. بەڕاستی ئەو دینا داماوە کە هات، دڵی ڕاگرن.

(هیلدا و نێتە دەچنە دەرێ بۆ ناو باخچەکە.)

**لینگە خانم:**

ئێ، چی بووە لەگەڵ براکەی بێرنیك خانمدا؟

**ڕوومێل خانم:**

بۆ نازانن ئەوە ئەو بوو دووچاری ئەو بەسەر هاتە ناقۆڵایە بوو؟

**لینگە خانم:**

تۆنەسێنی قوتابی دووچاری بەسەرهاتی ناقۆڵا بوو؟

**ڕوومێل خانم:**

نەخێر، دەتوخوا وەرە، لینگە خانم، قوتابی کوڕی مامی بێتییە، من باسی براکەی  دەکەم.

**هۆڵت خانم:**

ئەو نارەسەنە.

**ڕوومێل خانم:**

یۆهانی ناو بوو. هەڵهات بۆ ئەمەریکا.

**هۆڵت خانم:**

هەر دەبووایە هەڵبێت. ئیتر بزانە.

**لینگە خانم:**

کەواتە ئەو دووچاری ئەو بەسەرهاتە ناقۆڵایە بوو بوو؟

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، شتێك لەو جۆرە؛ چی ناو بنێم؟ شتێکی لەو جۆرە بوو لەگەڵ دایکی دینا دا. ئۆی، هەروەکو ئەمڕۆ ڕووی دابێت وا، لە بیرم ماوە. یۆهان تۆنەسێن ئەوسا لە نوسینگەی  بێرنیك خانمی پیر بوو؛ کەشتن  بێرنیك تازە لە پاریس  گەڕابووەوە، هێشتا ژنی نیشانە نەکردبوو-

**لینگە خانم:**

ئێستا، بەسەرهاتە ناقۆلاکە [چی بوو]؟

**ڕوومێل خانم:**

ئا، دەزانی چی - ئەو زستانە گروپی شانۆی (ئاش) لێرە بوون.

**هۆڵت خانم:**

دۆرفی ئەکتەرو ژنەکەی لەو تیپەدا بوون. کوڕو کاڵیشی هەموویان تەواو شەیدایی ئەو ژنە بوو بوون.

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێت، نازانن چەند شۆخ و شەنگ بوو. بەڵام دۆرفی ئەکتەر ئێوارەیەك درەنگ دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە.

**هۆڵت خانم:**

تەواو چاوەڕوان نەکراو.

**ڕوومێل خانم:**

دەبینێ وا ، نەء ، بە ڕاستی ئەمە ناگێڕدرێتەوە.

**هۆڵت خانم:**

نەخێر، ڕوومێل خانم، ئەو هیچی نەبینبوو، چونکە دەرگاکە لە دیوی ناوەوە داخرابوو.

**ڕوومێل خانم:**

ئاخر، منیش هەر وا دەڵێم؛ ئەو دەرگاکەی بە داخراوی بینیبوو. ئینجا هەر بیری لێ بکەنەوە خۆتان، ئیدی ئەوەی لە ژوورەوە بوو، لە پەنجەرەوە بۆی دەرچووە دەرەوە.

**هۆڵت خانم:**

لەسەرەوە، لە پەنجەرەیەکی بەرزی ژووری سەرەوە.!

**لینگە خانم:**

ئینجا ئەوە براکەی بێرنیك خانم بوو؟

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، بێگومان.

**لینگە خانم:**

ئینجا پاشان هەڵهات بۆ ئەمەریکا؟

**هۆڵت خانم:**

بەڵێ، دەبووایە هەڵبێت، تێگەیشتن.

**ڕوومێل خانم:**

لە پاشان شتێك ئاشکرا بوو کە تا ڕادەیەك هێندەی ئەوە ناخۆش بوو؛ هەرئەو (قاسە) کەشیانی بڕیبوو-

**هۆڵت خانم:**

بەڵام ڕوومێل خانم، کەس ڕاستی ئەمە نازانێت، لەوانەیە تەنها قسەو باسی نێو خەڵك بێت.

**ڕوومێل خانم:**

من دەڵێم، نەخێر وا نییە- ! ئەی لە سەرانسەری شارەکەدا ئەوە بڵاو نەبووەوە؟ بێرنیك خانمی پیر خەریك بوو مایەپووت بێت لەبەر خاتری ئەو مەسەلەیە؟ من ئەوەم لە خودی ڕوومێلەوە بیست. خوا لێم نەگرێت.

**هۆڵت خانم:**

ئێستا بەهەرحاڵ پارەکان بۆ مەدام  دۆرف نەبوون، چونکە ئەو –

**لینگە خانم:**

باشە، ئەی دایك و باوکی دینا پاشان نێوانیان چۆن چۆنی بوو؟

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، دۆرف ژنو منداڵی بەجێ هێشتنو سەری خۆی هەڵگرت و سەفەری کرد. بەڵام خانم هێند بێ شەرم بوو، بابی ئەوەی کە ساڵێکی ڕەبەق  لێرە بمێنێتەوە. نەی وێرا چیدی خۆی لەسەر شانۆ نیشان دا؛ بەڵام بە کارەکەرێنی و دوورمان کردن بۆ خەڵك خۆی دەژیان.

**هۆڵت خانم:** و زۆریش هەوڵی دا قوتابخانەیەکی سەماکردن بکاتەوە.

**ڕوومێل خانم:**

بێگومان بۆی نەچووە سەر. چ دایك و باوکێك منداڵی خۆی بەیەکێکی ئاوها دەسپێرێت؟ بەڵام زۆری نەخایاند؛ ئەو ژنە جوانە دیاربوو ڕانەهاتبوو بەکارکردن؛ سینگی تووشی نەخۆشی بوو، مرد.

**لینگە خانم:**

ئۆی، بەڕاستی ئەم بەسەرهاتانە ناخۆش بوون!

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، باوەڕکەن ئەوە هەرسکردنی بۆکونسوولیش گران بوو. وەکو ڕوومێل جارێکیان گوتی، هەر ئەوەش بووەتە ئەو پەڵە ڕەشەی سەر خۆری شادمانیان. لەبەر ئەوە لینگە خانم، لێرە لەم ماڵەدا هەرگیز لە بارەی ئەو شتانەوە قسە مەکە.

**هۆڵت خانم:**

ئینجا، هەر بۆ خاتری خوا، هەرگیز لە بارەی زڕخوشکەکەشیەوە قسە مەکە!

**لینگە خانم:**

بەڵێ، بۆ بیتی خانم زڕخوشکێکیشی هەیە؟

**ڕوومێل خانم:**

هەی بوو. خۆشبەختانە، ئێستا خوشکایەتی لە نێوان ئەو دووانەدا نەماوە. ئا، ئەویش یەکێ بوو بۆ خۆی! بیهێننە پێش چاوتان کە چۆن قژی خۆی بڕیبوو، ئینجا لە کاتی باران بارینیشدا بە جزمەی پیاوانەوە هاتوو چۆی دەکرد.

**هۆڵت خانم:**

وکاتێ زرپراکەی، ئەوکەسە ناڕەسەنە هەڵهات، بێگومان هەموو شارەکە لێی تووڕە بوون، دەزانن ئەو خانمە چی کرد؟

سەفەری کرد و چوو بۆلای ئەو!

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، هۆڵت خانم، بەڵام ئەی ئەوکارە ئابڕوتکێنەی کە ئەو پێش سەفەرەکەی کردی!

**هۆڵت خانم:**

ووس، باسی ئەوە مەکە.

**لینگە خانم:**

خوای گەورە ، ئەمە کاری ئابڕوبەرانەشی کردووە؟

**ڕوومێل خانم:**

ئا، لینگە خانم، تۆ هەروا گوێبگرە. بێرنیك تازە (بێتی تۆنەسێن) ی نیشانە کردبوو؛ پێکەوە قۆڵ لە قۆڵدا دەچن بۆ لای

پووری بێتی هەتا هەواڵی نیشانەکردنەکەی پێ ڕابگەیەنن.

**هۆڵت خانم:**

بێتی و یۆهان لە ڕاستیدا بێ دایك و باوکن، با بزانیت –

**ڕوومێل خانم:**

- ئینجا لوونا هێسل، لەسەر ئەوکورسییەی کە لە سەری دانیشتووە هەڵدەسێتە سەر پێ و، زللەیەك لە پەنا گوێی ئەو

کەشتێن بێرنیکە جوانە خوێندەوارە دەسرەوێنێ وکاسی دەکات.

**لینگە خانم:**

نا من هەرگیز - !

**هۆڵت خانم:**

بەڵێ، هەر چۆن دەڵێم ئاوها – !.

**ڕوومێل خانم:**

ئینجا جانتای کۆکردەوە و لێیدا چوو بۆ ئەمەریکا.

**لینگە خانم:**

بەڵام دەبێ ئەو خۆی چاوی لەسەر ئەو پیاوە بوو بێت.

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، دڵنیابن ئەو خۆی حەزی لێی کردبوو. لوونا بەخەیاڵی خۆی وای دانا بوو، کە ئەوان دەبنە هاوسەری یەکتری کاتێ کە بێرنیك لە پاریس دەگەڕێتەوە.

**هۆڵت خانم:**

بەڵێ، ئینجا بزانن ئەو باوەڕی بەشتێکی ئاوها هەبوو! بێرنیك، ئەو گەنجە بە ئەدەبەی دنیایی پیاو، کەسێکی تەواو بەڕێز، ئازیزی دڵی هەموو ئافرەتان –

**ڕوومێل خانم:**

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شایستە، هۆڵت خانم؛ زۆر بە ڕەوشت.

**لینگە خانم:**

بەڵام ئەی ئەم هێسل خانمە لە ئەمەریکا بەچییەوە خەریکە؟

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، سەیرکەن، ئەوە، وەك جارێکیان ڕوومێل گوتی، چارشێوێکی بەسەردا دراوە، کە هەرگیز نابێت هەڵدرێتەوە.

**لینگە خانم:**

ئەمە مانای چی؟

**ڕوومێل خانم:**

ئەو چیدی پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەیدا نییە، تێگەیشتن، بەڵام شارەکە هەموو هێندە دەزانن کە ئەو لەوێ لە ئوتێلەکاندا بە پارە گۆرانی دەڵێ -

**هۆڵت خانم:**

لە هۆڵەکانیشدا گووتار دەخوێنێتەوە -

**ڕوومێل خانم:**

وە کتێبێکی شێتانەشی بە چاپ گەیاندوە.

**لینگە خانم:**

نا، ئینجا بزانە - !

**ڕوومێل خانم**:

بەڵێ، بێ شك لوونا هێسل یەکێکە لە پەڵەکانی سەر خۆری بەختی خێزانی بێرنیك. بەڵام ئێوە ئێستا هەواڵەکەتان زانی لینگە خانم. بەخوا، من بۆیە باسی ئەمەم کرد هەتا ئێوە ئاگاتان لە خۆتان بێت.

**لینگە خانم**:

بەڵێ، خەمتان نەبێ خۆم دەزانم. . بەڵام ئەو بێ چارەیە دینا دۆرف! بەڕاستی خەفەتی بۆ دەخۆم.

**ڕوومێل خانم**:

ئێستا، بەڕاستی دینا بەختی هەبوو. بیرکەرەوە ئەگەر ئەو بکەوتایەتە دەست دایك و باوك! بێگومان ئێمە هەموومان پێکەوە ئاگاداری دەکەین و هێندەی لە تواناماندا هەبێت چاك ئامۆژگاری دەکەین ، وێڕای بەربەستەکانیش بیتی خانم زۆریکرد هەتا دینا بێتە ئەمماڵەوە.

**هۆڵت خانم**: بەڵام دینا هەمیشە منداڵێکی دژوار بووە. ئەو هەموو نموونە خراپانە، بهێننە بەر چاوی خۆتان. یەکێکی ئەوها دیارە وەکو یەکێك لەوانەی خۆمان نیە؛ لینگە خانم پێویستە لەگەڵی نەرم بین.

**ڕوومێل خانم**:

بێدەنگ، ئەوە هات. ( بەدەنگی بەرز) بەڵێ، ئەو دینایە، بەڕاستی کچێکی زیرەکە، ها، ئەوە لێرەیت، دینا؟ ئێمە خۆ دانیشتووین و دەستمان لە جلەکان هەڵگرتووە.

**هۆڵت خانم**:

ئۆه، قاوەکەت چەند بۆنی خۆشە. دینای جوان. کوپێك قاوەی پێشی نیوەڕۆ بەم جۆرە ---

**بێتی**( لە دەرەوە لەسەر پلیکانەی باخچەکە):

فەرموون، خانمەکانم!

( مارتا و دینا لەهەمان کاتتدا یارمەتی کچەخزمەتکارەکە دەدەن لە هێنانی کەرەسەکانی قاوە خواردنەوەدا. هەموو ژنەکان لە دەرەوە دادەنیشن؛ ئەوان زیاد لە پێویست بەڕووی خۆشەوە لەگەڵ دینا قسە دەکەن. پاش تۆزێك دینا دەچێتەوە هۆڵەکەو دەست دەکاتەوە بە کاری دەستیەکە.)

بێتی ( لە دەرەوە لەسەر مێزی قاوە خواردنەوەکەوە):

دینا، ئەی ناخوازیت - ؟

دینا : نەخێر سوپاس؛ نامەوێ. ( ئەو لە جێگەی درووومان کردنەکەی خۆی دادەنیشێت.  بێتی خانم و مامۆستا پێکەوە چەند قسەیەك دەکەن؛ پاش کەمێك مامۆستا دەچێتە ژووری بۆ ناوهۆڵەکە.)

**مامۆستا ڕۆرلوند** ( وا نیشاندەدات کە خەریکی شتێکە لەسەر مێزەکە و لەسەرخۆ دەڵێ):

دینا.

**دینا**:

بەڵێ.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

بۆچی ناخوازن بێنە دەرێ؟

**دینا**: کە من هاتمە ژوورەوە، قاوەکەم هانی، لەو ژنە بێگانەیەدا بەدیم کرد، ئەوان باسی منیان دەکرد.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

بەڵام ئەی نەتان بینی ئەو لە دەرەوە لە گەڵتان چەند دۆست نەواز بوو.

**دینا**:

بەڵام من بەرگەی ئەوە ناگرم!

**مامۆستا ڕۆرلووند**:

دینا، ئێوە مەزاجیکی شەڕانگیزانەتان هەیە.

**دینا**:

بەڵێ.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

بەڵام بۆ ئەو میزاجەتان هەیە؟

**دینا**:

من جیاواز نیم.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

ناتوانن هەوڵبدەن جیاوازبن.

**دینا**:

نەخێر.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بۆچی نا؟

**دینا** (سەیری دەکات) :

ئیتر منیش هەر سەر بەو ئاکار خراپانەم.

**مامۆستا ڕۆرلووند:**

شەرمکە، دینا !

**دینا:**

دایکیشم هەر سەر بەو ئاکار خراپانە بوو.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

کێ لەبارەی ئەم شتانەوە قسەی بۆ کردوون؟

**دینا:**

هیچ کەس؛ ئەوان هەرگیز قسە ناکەن. بۆ قسە ناکەن! هەموو لە گەڵمدا هێندە لەسەرخۆن هەر وەك ئەوەی من ووردوو خاش بم ئەگەر --. ئای چەند ڕقم لەم هەموو دڵ باشییە دەبێتەوە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

دینای ئازیز، من چاك تێ دەگەم ئێوە لێرە وا هەست دەکەن لەژێر گوشاردان، بەڵام –

**دینا:**

بەڵێ، بەس بم توانیایە لێرە دوورکەومەوە ئیتر من خۆم دەم توانی خۆم بەڕێوەبەرم، تەنها لەنێو خەڵکێکدا نەژیابامایە کە وەکو ئەمانەی ئێرە بن- ئاوها.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

چۆن چۆنی ئاوها؟

**دینا**: ئاوها بەئەدەب و ئاوها بە ئەخلاق؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵام، دینا، ئەوە ئێوە بە ڕاستانە.

**دینا:**

ها، ئێوە باش دەزانن من مەبەستم چییە. هەموو ڕۆژێك هیلدا و نێتە دێنە ئێرە تا بیانکەم بە نموونەی بەرزی خۆم. من هەرگیز ناتوانم هێندە ڕێکوپێك بم، وەکو ئەوان. من ناخوازم وام لێ بێت. ئۆ، هەر لێرە دووربوومایە، ئیتر بێ شك دەبووم بە ئینسانێکی باش.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

دینای ئازیز، ئێوە ئینسانیکی باشن.

**دینا:**

لێرە چ سوودێکی هەیە ئەوە بۆ من؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

کەواتە سەفەر-. بەڕاستی ئێوە بیر لەوە ناکەنەوە؟

**دینا:**

من ئەگەر ئێوە نەبن، ناخوازم لێرە ڕۆژێك زیاتر بمێنمەوە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڕاستی پێم بڵێ، دینا -  بۆچی حەزدەکەن لەگەڵمدا بن.

**دینا:**

چونکە ئێوە زۆر شتی جوانم  فێر دەکەن.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

جوان؟ ئێوە بەوەی کە من  فێرتان دەکەم دەڵێن شتی جوان؟

**دینا:**

بەڵێ، یان لەڕاستیدا- ئێوە هیچم فێر ناکەن؛ بەڵام کاتێ کە گوێم لێیە گوتار دەدەن، ئەوسا زۆر شتی جوان دێنە بەرچاوم.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

لەڕاستیدا ئێوە چی لەشتی جوان تێدەگەن؟

**دینا:**

من هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئێستا ئیتر بیر لەوە بکەرەوە. تێگەیشتنی ئێوە بۆ شتی جوان چییە؟

**دینا:**

شتی جوان. شتێکی گەورەیە- و زۆر دوورە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

هم. – دینای ئازیز، من لە دڵەوە بۆتان نیگەرانم.

**دینا:**

بەس ئەوەندە ؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بێگومان لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە چاك دەزانن، کە ئێوە هێندە ئازیزن لەلام هەر لە باسکردن نایە.

**دینا:**

ئەگەر من هیلدە یاخود نێتە بوومایە، لەوە نەدەترسان ئیوە کە کەسێك بەمە بزانێت.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئۆ، دینا، ئێوە زۆر کەم دەتوانن حوکم بدەن بەسەر ئەو هەزارەها بەرژەوەندیانەی کەدەبێ لەبەرچاوبگیرێن .. کاتێ پیاوێك دانرابێت کە پایەیەکی ڕەوشتی بێت بۆئەو کۆمەڵگەیەی تیاییدا دەژی، ئیتر -؛ پیاو ناتوانێت بەڕاستی لەسەرخۆ بێت. ئەگەر من بەس دڵنیا بووما یە لەوەی کە خەڵك ڕاست تێدەگەن و چاك هۆکارەکانی هەڵسوکەوتم شرۆڤە دەکەن-، بەڵام با هەر ئاوها بێت؛ دینا، پێویستە و دەبێت ئێوە یارمەتی بدرێن. ئەمە پەیمانێکە ، کە کاتێك من دێم- کاتێ پەیوەندییەکان ڕێگام دەدەن کە بێم- و دەڵێم؛ ئەمە دەستی من، - ئەوسا دەخوازن ئێوە دەستم بگرن و ببنە هاوسەرم؟ دینا، ئێوە بەڵێنی ئەوەم پێ دەدەن؟

**دینا:**

بەڵێ.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

سوپاس، سوپاس ! منیش بەڵێن بێت. ئۆ، دینا لەلای من ئێوە گەلێ ئازیزن-. ووس؛ ئەوا هاتن. دینا، لەبەر خاتری من، بچۆرە دەرەوە بۆ لای ئەوانی تر.

( دینا دەجێتە دەرەوە بۆ لای مێزی قاوە خواردنەوەکە. لە هەمان کاتتدا بازرگان ڕوومێل، بازرگان ساندستاد و بازرگان ڤیگەلاند لە ژوورەکەی پێشەوەی لای چەپ، بە یاوەری کونسووڵ بێرنیك، کە دەستەیەك کاغەزی بە دەستەوەیە، دێنە دەرێ.)

**کونسووڵ بێرنیك:**

کەواتە ئێستا، مەسەلەکە بڕیاری لەسەر درا.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

بەڵێ، ناوی خوای لێ دەهێنین.

**بازرگان ڕوومێل:**

ئەوە بڕیاری لەسەردرا، بێرنیك! خۆت دەزانیت قسەی پیاوی نەرویجی وەك تاشە بەردی نێاکایچ دۆڤرەفییەل[6] پتە و جێگیرە!

**کونسووڵ بێرنیك:**

کەس لەقسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە؛ کەس لەبەڵێنی خۆی ناگەڕێتەوە، ئەگەرچی بەرەوڕووی هەر جۆرە بەرهەڵستی کردنیکش ببینەوە.

**بازرگان ڕوومێل:**

بێرنیك، ئێمە ڕاوەستان و کەوتنمان پێکەوەیە!

**هیلمار تۆنەسێن** ( لە دەرگای باخچەکەوە هاتووەتە ژوورەوە):

کەوتن؟ بەیارمەتی، ئایە ئەوە ئیستگەی هێڵی شەمەندەفەرەکە نیە کە دەکەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

نەخێر بە پێچەوانەوە؛ ئەو کارە، جێبەجێ دەکرێت.

**بازرگان ڕوومێل:**

بەهەڵم، تۆنەسێنی بەڕێز.

---

[6] Dovrefjell زنجیرە چیایەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی نەرویجەوە و بەرزترین چیاش لەنێو ئەو چیایانەدا، چیایی سنۆهێتە یە ـ Snøhetta- کە 2286م لە ڕووی دەریاوە بڵندە. وەرگێڕ.

**هیلمار تۆننەسێن** ( نزیکتر):

بەڕاست؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

چۆن چۆنی؟

**بێتی**( لە ناو دەرگای باخچەکەوە):

بەڵام کەشتنی ئازیز، بە ڕاستی ئەمە چیە؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

ئۆ، بێتی ئازیز، ئەمە ئێستا چەند مایەی سەرنج ڕاکێشانتە؟ ( ڕوودەکاتە بازرگانەکان) ئیتر پێویستە ئێمە لیستەکانمان تەواوکەین، هەرچی زووتر باشتر. شتێکی ئاسابیە سەرەتا ئێمە هەرچوارمان نەخشەی خۆمان بکێشین. ئەو پێگەیەی ئێمە لە کۆمەلگەدا گرتوومانە، ئەرکەمان دەخاتەسەرشان کە هەتا ئەوجێگەیەی بۆمان بلوێ خۆمان کێش کەین.

**بازرگان ساندستاد:**

شتێکی ئاشکرایە، جەنابی کونسووڵ.

**بازرگان رووملێ:**

ئەمە هەردەبێ بێ، بێرنیک؛ سوێندی لەسەر خورا.

**کونسووڵ بێرنیک:**

ئا بەڵێ، من بەهیچ شێوەیەك لە دەرئەنجامەکەی ناترسم. ئێمە دەبێت کارێگەریمان هەبێت. هەریەکەمان لەنێو بازنەی ئاشناو ناسیاوانی خۆیدا؛ سەرەتا ئێمە دەتوانین ئاماژە بۆ بە بەشداربوونی ڕاست و زیندوی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بکەین، ئەوسا خۆ بە خۆ شارەوانیش بەدوایدا دەبێت، باربۆی خۆی بدا.

**بێتی:**

بەڵام کەشتن، سەرئەنجام دەبێ بێیتە دەرەوەو پێمان بڵێیت ـ

**کونسووڵ بێرنیک:**

ئای، بێتی ئازیز، ئەمە شتێکە کە ئافرەتان سەری لێدەرناکەن.

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڕاستی هێشتا تۆ دەخوازیت دۆزی ئیستگەی هێڵی شەمەندەفەرەکە بگریتە ئەستۆی خۆت؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵێ، بێگومان.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵام جەنابی کونسووڵ ساڵی پار- ؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

ساڵی پار ئەوە تاڕادەیەك مەسەلەیەکی تر بوو. ئەوسا مشتومڕ لەبارەی هێڵێکی سکەی ڕۆخ دەریاوە بوو-

**بازرگان ڤیگەلاند:**

.کە تاڕادەیەك دەبووە شتێکی زیادە، جەنابی مامۆستا؛ چوونکە ئێمە پاپۆڕە هەڵمییەکەمان هەیە .

**بازرگان ساندستاد:**

ئینجا زۆر خەیاڵیش گران دەکەوتەوە.

**بازرگان ڕوومێل:**

ـ بەڵێ، ئینجا ڕاستەوخۆش بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی ناو شارەکە زەرەرمەند دەبوون.

**کونسووڵ بێرنیک:**

مەسەلە سەرەکیەکە ئەوەبوو، کە ئەوە بەهیچ شێوەیەك سوودی بە ئەو کۆمەڵگە گەورەیە نەدەگەیاند. بۆیە من دژی وەستامەوە، پاشان بڕیاری کردنەوەی ڕێیەکی ئاسنینی ناوخۆی درا.

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڵێ، بەڵام خۆ ئەوە کاریگەری بۆ سەر شارەکانی دەوروبەری ئێرە نابێت.

**کونسوڵ بێرنیک:**

هیلماری ئازیز، ئەوە کاریگەری بۆ سەر شارەکەمان دەبێت؛ چوونکە ئێستا هێڵێکی سکەی لاوەکی لێرە دەکەینەوە.

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئەها؛ داهێنانێکی تازە.

**بازرگان رووومێل:**

بەڵێ، ئایا ئەمە داهێنانێکی گەورە نیە؟ ها؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

هم .

**بازرگان ڤیگەلاند:**

ناتوانرێ ئەوە ڕەتبکرێتەوە کە چارەنووس ناوچەکەی وەها ڕەخساندووە، کە بۆ هێڵێکی سکەی لاوەکی دەست بدات.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڕاستانە ئەوەی دەیڵێن، جەنابی ڤیگەلاند؟

**کونسوڵ بێرنیك:**

بەڵێ، دەبێت دانبەوەدابنێم کە منیش وەك سەرۆکی کارگێڕی، منیش هەر وای دەبینم. کە لە بەهاردا بە نیازی بازرگانی بەرەو باکوور سەفەرم کرد، بەڕێکەوت بە دۆڵێکدا تێپەڕیم کە پێشتر قەت نەم دیبوو، لەپڕ بە بیرمدا هات، کە ئێمە پێویستە لێرە بتوانین هێڵێکی شەمەندەفەری لاوەکی بۆ خۆمان دامەزرێنین. من ئەندازیارێکم نارد بۆ پشکنینی ناوچەکە؛ لە ئێستادا بە گوێرەی مەزەنە و حیسابکردنم؛ هیچ بەربەستێك لە ڕێگادا نیە.

**بێتی** ( هەتا ئێستا وەك ئافرەتەکانی تر، لە ناو دەرگای سەر باخچەکەدایە):

بەڵام کەشتنی ئازیز، تۆ ئەمەت هەمووی لە ئێمە شاردبووەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئۆ بێتی یە باشەکەم، ئێوە ئەوسا نەتان دەتوانی لە ڕاستی مەسەلەکە  تێبگەن. لەگەڵ ئەوەشدا من هەتا ئەمڕۆ ئەمەم بە هیچ کەس نەگوتووە. بەڵام ئێستا کاتی یەکلابوونەوە هاتووە؛ ئێستا پێویستە ڕوون و ئاشکرا و بە هەموو تواناوە ئەوە ئەنجام بدرێت، بەڵێ، ئەگەر ئەم مەسەلەیە لێم بخوازێ تەواوی ژیانمی بۆ تەرخان بکەم، ئامادەم تاکۆتایی بە ئامانجی بگەیەنم.

**بازرگان رووملێ:**

ئێمە لەگەڵتاین، بێرنیك؛ لەوە دڵنیابە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڕاستانە بەڕێزان، ئیوە لەم پرۆژەیەدا هێندە بە تەمای قازانجن؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، من لەوباوەڕەدام. ئەوە بۆ کۆمەڵگەکەمان چ ئامرازێکی یارمەتیدەر نابێ؟ تەنها بیر لەو ناوچە زۆرە گەورە دارستاناویانە بکەرەوە کە دەکەونە بەردەست؛ بیر لەو هەموو ناوچە بەکانزا ئاخناوە دەوڵەمەندانە بکەرەوە، کە دەکرێ

بەکار بهێنرێن؛ بیر لە تاڤگەی ئەو ڕووبارە بکەرەوە، کە لەسەرەوە دەڕژێتە ناو تاڤگە یەکبەدوای یەکا هاتووەکانی دیکەدا! چ کارگەیەك ئا لەوێدا ناتوانرێ بخرێتە گەڕ؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئەی ئێوە لە پەیوەندیەکی نائاسای لەگەڵ دنیای دەرەوەی گەندەڵبوو ناترسن ـ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

نەخێر، جەنابی مامۆستا، تەواو بێخەمبن. ئەم شوێنە بچکۆلە زەحمەتکێشەی ئێمە، سوپاس بۆ خوا هەتا ئەمڕۆ لەسەر زەوییەکی تەندروستی ئاکارخوازانە ڕاوەستاوە؛ کە هەر هەموومان پیکەوە هاوکاریمانکردوە بۆ دەرهێنانی تەڕوتوشی ئەوزەوییە، ئەگەر بوێرم بڵێم؛ ئێمە هەتا ئێستاش هەر خەریکین، هەرکەسە بەگوێرە خۆی. ئێوە، جەنابی مامۆستا، لە چالاکی پڕ دلۆڤانیتان لە ناو قوتابخانەوماڵەوەدا بەردەوامن. ئێمە، پیاوانی کردەیی کارگێڕ، بەزەحمەتکێشان لەفراوانی بازنەیەکی شیاودا بە بڵاوکردنەوەی خۆشگوزەرانی یارمەتی کۆمەڵگە دەدەین؛ ئافرەتانیشمان، بەڵێ، وەرنە پێشەوە، خانمەکانم؛ پێویستە ئێوە گوێتان لەمەبێ؛ من دەڵێم ژنانمان، کەیبانوەکانمان و کچەکانمان، بەڵێ، ئێوە بێ وەڕزبوون لەخزمەتی کاری چاکەکردندان، خانمەکانم، پاشان بۆ نزیکەکانتان هاریکار و مایەیی بەختیارین. وەکو ئازیزەکانی من بێتی و مارتا کە چۆنن بۆ من و ئۆلاف بەو شێوەیە ـ ( چاودەگێڕێ بە دەوری خۆیدا.) بەڵێ، ئەرێ ئەوە ئەمڕۆ ئۆلاف [دیار نییە] لە کوێیە؟

**بێتی:**

ئۆ، ناکرێ ئێستا لە کاتی ئەم پشووی سەری ساڵەدا لە ماڵەوەی توندکەیت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

کەواتە هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەو دیسان لەخوارەوەیە لە قەراغ ئاوەکە! وازناهێنێ هەتا کارەساتێك نەقەومێ ئەوا دەشی بینیت.

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەهـ ـگەمەیەکی بچکۆلە لەگەڵ هێزە سروشتییەکاندا ـ

**ڕوومێل خانم:**

چەند جوانە، جەنابی بێرنیك، کە ئێوە هێندە هۆشتان بەلای خێزانەوەیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

خێزان، بێ شك ناوکی کۆمەڵگەیە. ماڵێکی چاك، هاوڕێیانی بەڕێزودڵسۆز، بازنەیەکی

بچکۆلەی چڕی بە تەنیشت یەکترییەوە ڕاوەستاو، کەهیچ توخمێکی وەڕسکەر سێبەری خۆی نەخزێنێتە ناو. ( پارێزەر

کراپ لەلای ڕاستەوە، بەکۆمەڵێ نامەورۆژنامەوە دێتە ژوورەوە.)

**پارێزەرکراپ:**

پۆستی دەرەوەی وڵات، جەنابی کونسووڵ؛ تەلەگرافێکش لە نیۆرکەوە.

**کونسووڵ بێرنیك** ( وەریدەگرێ) :

ئەها، لەکۆمپانیایی کەشتیڕانی " کچی هیندی سوور" ه وە.

**بازرگان ڕوومێل:**

پۆستەکە هاتووە؟ بەڵێ، کەواتە من دەبێ بڕۆم.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

بەڵێ، منیش هەمان شت.

**بازرگان ساندستاد:**

کونسوڵی بەڕێز، خوات لەگەڵ.

**کونسوڵ بێرنیك:**

خواتان لەگەڵ، خواتان لەگەڵ بەڕێزانم. هەروەها بیرتان نەچێ، کە ئێمە پاش نیوەڕۆ کاتژمێری پێنج کۆبونەوەمان هەیە.

**هەرسێکیان پیکەوە:**

بەڵێ، بەڵێ؛ ئاشکرایە.( لەلای ڕاستەوە دەچنە دەرەوە.)

**کونسووڵ بێرنیك** ( کەلەخوێندنەوەی تەلەگرافەکە دەبێتەوە):

نەخێر، بەڕاستی ئائەمە تابڵێیت ئەمەریکیانەیە! تەواو شتێکی ناشرینە.

**بێتی:**

ئەی خوایەگیان، کەشتێ ئەوە چییە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

سەیرکە؛ بەڕێز کراپ؛ بیخوینەرەوە!

**پارێزەر کراپ** ( دەیخوینێتەوە) :

" بەکەمترین چاکردنەوەی مومکین هەستن؛ بەزووترین کات < کچی هیندی سوور> بنێرنەوە هەر هێندەی توانی سەرئاوکەوێ؛ وەرزخۆشە؛ لەکاتی تەنگانەشدا ئەوا بارەکە دەبێتە هۆی نقووم نەبونی." - هەردەبێ بڵێم، سەیرە .

**کونسووڵ بێرنیك:**

بارەکەی دەبێتە هۆی نقووم نەبوونی! ئەوبەڕێزانە چاك دەزانن ئەگەر بەلەمەکە بەوبارەوە بەر هەر بەربەستێك بکەوێت وەك تاشە بەرد نقووم دەبێت.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵێ، لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت ببینێت کە بارودۆخی ئەو کۆمەڵگە گەورە پیاهەڵگوتراوانە چۆن چۆنیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێوە ڕاست دەکەن؛ کاتێك کایەیی سوودوبەرژەوەندی دێتە گۆڕ، تەنانەت بۆ ژیانی ئینسانیش هیچ حیسابێك ناکرێ. ( ڕوودەکاتە کراپ.) < کچی هیندی سوور> دەتوانێ لەم چوارپێنج ڕۆژەدا بچێتەوە ناو دەریا؟

**پارێزەر کراپ:**

بەڵێ، ئەگەر بازرگان ڤیگەلاند قبوڵکات ئێمە ئیشەکەی < لقە دارخورما> هەتا ئەوکاتە ڕاگرین.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم، قبووڵی ناکات. ئێستا فەرموون سەیری پۆستەکەبکەن. گوێبگرە، ئەی لە بەندەرەکەی خوارەوە ئۆلافتان نەبینی؟

**پارێزەر کراپ:**

نەخێر، جەنابی کونسووڵ. ( دەڕواتە ناو ژوورەکەی پێشەوەی لای دەستی چەپ.)

**کونسووڵ بێرنیك** ( دووبارە سەیری تەلەگرافەکان دەکاتەوە):

ئەو بەڕێزانە یاری بە ژیانی هەژدە مرۆڤ دەکەن بێ ئەوەی بیریان لێ بکەنەوە .

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئیستا، ئەوە ئیشی دەریاوانە بەرەنگاری توخمەکان بێتەوە؛ دەبێت بوونی پارچە تەختەیەکی باریك لە نێوان خود و خەڕەنگێکی هەزار بە هەزاردا، ئاوها، ئەوە شتێکی دەماربزوێنەر بێت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئا، من دەمەوێ خاوەن کەشتییەکی لای خۆمان ببینم کە بەشتێکی ئاوها ڕازی بێت! کەس نییە، تاکە کەسێك چییە نییە .

( سەیری ئۆلاف دەکات) بەڕاست، بەڵام سوپاس بۆخوا، کە ساخ و سەلامەتە.

( ئۆلاف، پەتێکی ماسیگرتنی بەدەستەوەیە و لەوبەری شەقامەکەوە بەڕاکردن لە دەرگای باخچەکەوە دێتە ژوورەوە.)

**ئۆلاف** ( هێشتا لە باخچەکەدایە):

مامە هیلمار، لە خوارەو بووم و سەیری کەشتیە هەڵمییەکەم دەکرد.

**کونسوڵ بێرنیك**:

دیسانەوە چووبویت بۆ بەندەرەکە؟

**ئۆلاف**:

نەخێر، هەر لە بەلەمێکدا بووم. بەڵام مامە هیلمار، بیهێنە پێش چاوت، یانەیەکی ڕاهێنانی ئەسپ سواری تەواو بە ئەسپ و ئاژەڵی ترەوە لە پاپۆڕەکە دابەزین؛ و پاشان سەرنیشینەکانی هێجگار زۆر بوون.

**ڕوومێل خانم**:

نا، بەڕاست کەواتە ئێمە ڕاهێنەرانی ئەسپ سواری دەبینین!

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

ئێمە؟ من چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد.

**ڕوومێل خانم**:

نەخێر، بێگومان ئێمە نا، بەڵام ـ

**دینا**:

من حەزدەکەم ڕاهێنەرانی ئەسپ سواری ببینم.

**ئۆلاف**:

بەڵێ، منیش.

**هیلمار تۆنەسێن**:

تۆ دەبەنگی. ئەگینا هەر تەنها مەشق بە ئاژەڵکردن، شتێکە سەیربکرێت؟ نەخێر، بەڵام ئەوە شتێکی ترە ببینی، گاوانێك [7] بەسواری ئەسپە هەناسە پێکەوتووە نیوەچڵ کێوییەکەی خۆیەوە، بە دەشتە ڕووتەنەکانی باشووری ئەمەریکادا خەریکی ڕاوکردنە. بەڵام، لێرە لەم شوێنە بچووکانەدا، خوا بۆ خۆی ڕەحمبکات .

**ئۆلاف** (مارتا ڕادەکێشێ) :

---

[7] Gauchoen: گاوانەکانی ئەمەریکای باشوور.

پوره مارتا، سەیرکە، سەیرکە ئەوا هاتن!

**هۆڵت خانم:**

بەڵێ، بەخوا، ئەوە هاتن.

**لینگە خانم:**

ئۆف، ئەو بەشەرە خراپانە!

( ژمارەیەکی زۆر گەشتیار و هۆردوویەك لە خەڵکی شارەکە بە شەقامەکەدا بەرەو ژووردەبنەوە.)

**ڕوومێل خانم:**

ئا، خۆ ئەوە گاڵتەچی ڕاستیش هەیە. هۆڵت خانم، سەیری ئەو ئافرەتە بکەن، ئەوەی کراسە خۆڵە مێشیەکەی لەبەردایە؛ ئەوەی جانتا وەك تورەکەکەی بەکۆڵەوەیە.

**هۆڵت خانم:**

بەڵێ، تەماشا، ئەو جانتا تورەکییەکەی بەسەری چەترەکەی هەڵگرتووە! بێگومان ئەوە ژنی سەرۆکی کارگێڕانیشە.

**ڕوومێل خانم:**

ئەوەش خودی سەرۆکی کارگێڕانە؛ ئەوەی ڕیشەکەی هەیە. بەڕاستی هەر لە چەتە دەچێ. سەیری مەکە، هیلدا!

**هۆڵت خانم:**

نێتە، تۆش سەیری مەکە!

**ئۆلاف:**

دایکە، ئەوە خۆ سەرۆکی کارگێڕان سڵاومان لێدەکات.

**کونسووڵ بێرنیك:**

چی؟ چی؟

**بێتی:**

ئەوە دەڵێی چی، ڕۆڵە؟

**ڕوومێل خانم:**

بەڵێ، بە خوا، خۆ ئەوە ئافرەتەکەش سڵاو دەکات!

**کونسووڵ بێرنیك:**

نەخێر، تابلۆی ناشرینە!

**مارتا**( لەخۆوە هاوارێکی لێهەڵدەسێ):

ئاھ ـ!

**بێتی**:

مارتا، ئەوە چییە؟

**مارتا**:

نا، هیچ نەبوو؛ تەنها ـ

**ئۆلاف** ( لەخۆشیاندا هاواردەکات):

سەیرکەن، سەیری ئەوانی تر کە لەگەڵ ئەسپ و ئاژەڵەکاندا هاتن! ئەوەش ئەمەریکیەکانن! هەموو دەریاوانەکانی سەر < کچی هیندی سوور> .

( گۆرانی " Yankee Doodle[8]" بە هەمڕای ئالەتی کلارنێت و تەپڵ و دەهۆڵ دێتە گوێ.)

**هیلمار تۆنەسێن**( گوێکانی خۆی دەگرێ) :

ئاخ، ئاخ، ئاخ!

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

خانمەکانم، پێموایە پێویستە ئێمە کەمێك خۆمان جیابکەینەوە؛ ئەمە بۆ ئێمە نابێت. بابڕۆین دووبارە بەلای کاری خۆمانەوە.

**بێتی**:

پەردەکان دایەینەوە؟

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

بەڵێ، منیش مەبەستم هەر ئەوە بوو.

( ژنەکان لە جێگەکانی خۆیان لە دەوری مێزەکە دادەنیشنەوە؛ مامۆستا دەرگای سەر باخچەکە دادەخات و پەردەی سەردەرگاکە و پەنجەرەکان دادەداتەوە؛ ساڵۆنی دانیشتنەکە نیوە تاریك دادێت.)

[8] Yankee Doodle: گۆرانیەکی میللی ئەمەریکییە کە لە کاتی شۆرشی ئەمەریکیدا زۆر بەناوبانگ و بڵاو بووە.

**ئۆلاف** ( بەدزێوە سەیری دەرەوە دەکات):

دایکە، ئێستا ژنەکەی سەرۆکی کارگێڕان لەلای بەلوعەی ئاوەکەوە وەستاوە و دەم وچاوی دەشوا.

**بیتی**:

چی؟ لە ناوەڕاستی بازاڕەکەدا!

**ڕوومێل خانم**:

بە ڕۆژی نیوەڕۆ!

**هیلمار تۆنەسێن**:

بەڕاستی، ئەگەر منیش بە سەفەر لە بیابانێکدا بوومایە و لەپڕ چاوم بە حەوزێکی ئاو بکەوتبایە، ئیتر بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ـ ئاخ، لەو کلارنێتە ناخۆشە!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڕاستی  هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی پۆلیس بەکاری خۆیان هەستن.

**کونسوڵ بێرنیك**:

ها چی؛ مرۆڤ نابێ لەگەڵ بێگانەدا سەختگیربێت؛ ئەو خەڵکە ئەوهەستە شیاوە بنجداکوتاوەیان نییە کە ئێمە  لە سنورێکی ڕاستەقینەدا کۆدەکاتەوە. وازیان لێ بێنن با بەئارەزووی خۆیان بکەن. ئەوە کاری بەسەر ئێمەوە چییە؟ ئەم هەموو بەد ڕەفتارییەی کە دژ بە داب و نەریتە باشەکان دەوەستنەوە، خۆشبەختانە خزمایەتییان لەگەڵ کۆمەڵگەکەی ئێمەدا نییە؛ ئەگەر من ئیتر بتوانم بڵێم ـ ئەرێ ئەوە چییە؟

( ئافرەتێکی بێگانە بەخێرایی لەدەرگای لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە.)

**خانمەکان** ( تۆقیون، بەڵام لەسەرخۆن):

خانمە ڕاهێنەرەکەی ئەسپ سواری! خانمەکەی سەرۆکی کارگێڕ!

**بێتی**:

خوایە، ئەمە مانای چی!

**مارتا** ( بەخێرای هەڵدەسێتە سەرپێ):

ئاهـ!

**خانمەکە**:

ڕۆژباش، بێتی ئازیز! ڕۆژباش، مارتا! ڕۆژباش، زاوا!

**بێتی**( بەزریکەیەکەوە):

لوونا !

**کونسووڵ بێرنیک**( هەنگاوێك دەچێتە دواوە):

ڕاستیە یا خەون!

**هۆڵت خانم**:

خوا بۆ خۆی ڕەحم کات!

**ڕوومێل خانم**:

نابێت مەحاڵە!

**هیلمار تۆنەسێن**:

بەڕاست ! ئاخ!

**بێتی**:

لوونا! هەر بەڕاستی ئەوە ـ !

**لوونا**:

چی کە ئەوە منم؟ بەڵێ، هەروەها ڕووحێکی زیندووشم؛ هەر لە پێناو ئەوەی ئێوە باشتر بزانن کە ئەوە منم دەتوانن دەست بکەنە ملم.

**هیلمار تۆنەسێن**:

ئاخ؛ ئاخ!

**بێتی**:

تۆ هاتووی بۆ ئێرە ئێستا وەك ـ؟

**کونسووڵ بێرنیک**:

بەڕاست دەخوازیت ڕۆڵ ببینیت؟

**لوونا**:

ڕۆڵ بینین؟ چۆن چۆنی ڕۆڵ بینین؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، من مەبەستم . لەگەڵ یانەی ڕاهێنەرانی ئەسپ سواریدا.

**loona:**

هاهاها! ئەوە تۆ شێتی، زاوا؟ وادەزانیت من سەر بە یانەی ڕاهێنەرانی ئەسپ سواریم؟ نەخێر؛ لەڕاستیدا من لەسەر زۆر چەشنە هونەر مەشقم کردووە و بە زۆر شێوە خۆمکردووە بەمەخسەرە -

**ڕوومێل خانم:**

هم .

**لوونا:**

بەڵام هەرگیز هونەری گەمەی سەرپشتی ئەسپم نەکردووە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

کەواتە ئیتر [مانای] نەخێر.

**بێتی:**

ئاه، سوپاس بۆ خوا!

**لوونا:**

نەخێر، هەڵبەتە ئێمەش وەك خەڵکانی ڕێکوپێکی تر هاتووین، ـ لەڕاستیدا بە بلیتی نمرە دوو، بەڵام ئیمە لەسەر ئەوە ڕاهاتووین.

**بێتی:**

گووتت، ئێمە؟

**کونسووڵ بێرنیك** ( هەنگاوێك دێتە پێشەوە):

کام ئێمە؟

**لوونا:**

بێگومان، من و منداڵەکە.

**خانمەکان** ( بەیەك دەنگ):

منداڵەکە!

**هیلمار تۆنەسێن:**

چی!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئەوها، کەواتە ـ!

**بێتی:**

بەڵام لوونا، تۆ مەبەستت چییە؟

**لوونا:** بێگومان من مەبەستم جۆنە؛ من جگە لە جۆن یان یۆهان، وەك ئێوە بانگتان دەکرد، هیچ منداڵی ترم نییە، دەزانم.

**بێتی:**

یۆهان ـ!

**ڕوومێل خانم** ( بەهێواشی بە لینگە خانم دەڵێ):

ئەوە برا نارەسەنەکەیەتی!

**کونسووڵ بێرنیك** ( بەترسەوە):

یۆهانیشت لەگەڵدایە؟

**لوونا:**

بەڵێ، ئەی چۆن؛ من بەبێ ئەو سەفەر ناکەم. بەڵام ئێوە زۆر دڵتەنگ دیارن. لێرە لەم نیمچە تاریکییەدا دانیشتوون و شتێکی سپی دەدوورن. خۆ کەس لەخێزانەکە نەمردووە؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:** خانمەکەم، ئێوە لە شوێنێکدان لێرەکە سەندیکایەکە بۆ ئەوانەی ڕەوشت خراپن ـ

**لوونا** ( کەمێك بە هێواشی):

فەرمووتان چی؟ گوایە ئەم ئافرەتە ڕێکوپێك و جوانانە دەبێت ـ؟

**ڕوومێل خانم:**

نەء، ئەوە دەڵێ چی!

**لوونا:**

ئا، تێگەیشتم، تێگەیشتم! ئەی نەفرەت لە شەیتان، خۆ ئەوە ڕوومێل خانمە! ئەوەش هۆڵت خانمە لەویدا دانیشتووە! ئیتر، لەوساوە تا ئێستا ئێمە هەرسێکمان گەنجتر نەبووینەتەوە. بەڵام ئەی خەڵکانی باش، ئێستا گوێ بگرن؛ لێ گەڕێن ئەو ڕەوشت خراپانە با ڕۆژێك چاوەڕێ بن؛ خۆ بەڕۆژێك خراپتر نابن زیاتر لەوەی کەهەن. ساتێکی شادهێنەر وەك ئەم ساتە .

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

گەڕانەوە بۆ وڵات هەمووجارێ ساتێکی شادهێنەر نیە.

**لوونا:**

ئاوها؟ بۆ جەنابی قەشە ئێوە چۆن چۆنی، ئینجیلەکەتان دەخوێننەوە؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

من قەشە نیم.

**لوونا:**

بێ شك ڕۆژێك دەبنە قەشە.  بەڵام پف، پف، پف . بۆگەنی ئەم قوماشە کەتانە ئەخلاقیە چەند ناخۆشە، تەواو وەك کفنی مردووی بۆگەنکردوو. دەبێ بڵێم، کە من هۆگری هەوای مێرگوزارەکانم.

**کونسووڵ بێرنیك** ( بەناوچەوانگرژکردنەوە):

 بەڵێ، بەڕاستی شتێکی قێزهێنەرەوە لەم شوێنەدا هەیە.

**لوونا:**

بۆستە، بۆستە؛ ئێمە پێویستە لەم گۆڕە بێینە دەرەوە. ( پەردەکان لادەدا) ئێرە دەبێت پڕبێت لە ڕووناکی خۆر، کاتێك کوڕەکە دێت. بەڵێ، ئێوە کوڕێکی پاك و کەشخە دەبینن .

**هیلمار تۆنەسێن:**

 ئاخ!

**لوونا** ( دەرگاو پەنجەرەکان دەکاتەوە):

 بەڵێ، واتە، [پاش ئەوەی] کە لە ئوتێلەکە ـ خۆی شت؛ چوونکە لەپاپۆڕەکەدا ئەو زۆر پیس بوو.

هیلمارتۆنەسێن:

 ئاخ، ئاخ!

لوونا. ئاخ؟ بەڵێ، بەڕاستی ئەوە ئاخ هەڵکێشانی ناوێت!( دەست بۆ هیلمار ڕادەکێشێ بەوانی تر دەڵێ) ئەمە هێشتا لێرە هەر خەریکی ئاخ هەڵکێشانە؟

**هیلمار تۆنەسێن**:

من خەریکی هیچ نیم؛ لەبەر نەخۆشییەکەم لێرەم.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

هم، خانمەکانم، پێموانییە ـ

**لوونا** (چاوی بەئۆلاف دەکەوێت):

بێتی، ئەوە هی تۆیە؟ . ئا کوڕەکە، دەستم بەرێ! یا ڕنگبێ تۆ لەم پورە ناشرینەت بترسیت؟

**مامۆستا ڕۆرلوند** ( لەوکاتەدا کە کتێبەکەی دەخاتە بندەستی):

خانمەکانم پێموانیە کە ئەمڕۆ ئێرە لەباربێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر کارەکەمان. بەڵام ئێمە دووبارە سبەینێ پێکەوە دێینەوە بۆ ئێرە؟

**لوونا** ( لەوکاتەدا کە ئافرەتە بێگانەکان هەڵدەسن بۆ خواحافیزیکردن):

بەڵێ، دێینەوە، من لە کاتی خۆیدا ئامادە دەبم.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

ئێوە؟ خاتوون، بەیارمەتی، ئێوە دەخوازن لە ڕێکخراوەکەماندا چی بکەن؟

**لوونا**:

دەخوازم هەواگۆڕکێ بکەم، جەنابی قەشە.

## بەشی دووەم

( هۆڵی سەرباخچەکەی ماڵی کونسووڵ بێرنیك)

( بێتی بەتەنیا لەسەر مێزی ئیشکردنەکە دانیشتووە و خەریکی جل دوورینە. پاش کەمێك کونسووڵ بێرنیك شەپقەیەکی لەسەردایە و دەستکێش و گۆچانەکەی بەدەستەوەیەو لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە.)

**بێتی:**

کەشتن، هەر وا زوو گەڕایتەوە ماڵێ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ. یەکێك هەیە داوام کردوە بێت، چاوم پێی بکەوێت.

**بێتی** ( بەهەناسە هەڵکێشانەوە):

ئا بەڵێ، وابزانم دیسان، یۆهان دێت بۆ ئێرە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەڵێم، لەگەڵ پیاوێکدا.( شەپقەکەی دادەگرێ و دایدەنێت) کوان ئەمڕۆ ئافرەتەکان لەکوێن؟

**بێتی:**

ڕوومێل خانم و هیلدا کاتیان نەبوو.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئاوها. ئەی جوابیان نارد کە نایەن؟

**بێتی:**

بەڵێ، کارایان زۆر بوو لەماڵەوە دەبووایە بیکەن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دیارە. بێگومان ئەوانی تریش نایەن؟

**بێتی:**

نەخێر، ئەمڕۆ ئەوانیش ناتوانن بێن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەبووایە هەر لەپێشەوە ئەوەم بوتایە. ئەی کوا ئۆلاف لەکوێیە؟

**بێتی:**

ئیزنم دا تۆزێ لەگەڵ دینا بچێتە دەرێ.

**کونسووڵ بێرنیک:**

هم؛ دینا، ئەو کێویيە بەرەڵایە . کە دوێنێ ئاوها خێرا توانی خەریکی یۆهان بێت .!

**بێتی:**

بەڵام، کەشتنی ئازیز، دینا هیچ نازانێت ـ

**کونسووڵ بێرنیک:**

ئاوها، بەڵام بەهەرحاڵ یۆهان دەبووایە ئەو هەستەی هەبووایە و هیچ گرنگی پێ نەدایە. من چاك ئەو چاوانەم بینی کە بازرگان ڤیگەلاند زەقیکردنەوە.

**بێتی** ( قوماشەکەی کە خەریکی درووومانکردنێتی لە باوەشیدایە):

کەشتن، تۆ سەرلەوە دەردەکەی ئەوانە لێرە چیان دەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** هم؛ یۆهان کێڵگەیەکی لەوێ هەیە کە زۆر باش بەڕێوە ناچێت؛ دوێنێش لوونا باسیکرد کە بەبلیتی نمرە دوو هاتوون ـ

**بێتی:**

بەڵێ، بەداخەوە، هەردەبێت شتێکی وابێت. بەڵام هاتنەوەی لوونا لەگەڵ ئەو! لوونا! پاش ئەو هەست بریندارکردنە دڵڕەقانەی کە ئەو بەرامبەر بەتۆ کردی .!

**کونسووڵ بێرنیک:**

ئێ، بیر لەو بەسەرهاتە کۆنانە مەکەرەوە.

**بێتی:**

چۆن دەتوانم ئالەم کاتەدا بیر لە شتێکی تر بکەمەوە؟ ئێ ئەویش برامە؛ ـ بەڵێ، ئەوە لەبەر خاتری ئەو نییە؛ بەڵام ئەو هەموو ناڕەحەتییەی کە ئازارت پێ دەگەیەنێت .. کەشتن، من زۆر خراپ لەوە دەترسم کە .

**کونسووڵ بێرنیک:**

لەچی دەترسیت؟

**بێتی:**

ئایا کەس ناتوانێت لەبەر پارە دیارنەماوەکانی دایکت ئەو بەگرتبدات؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

حای، تۆ دەڵێیٚ چی! کێ دەتوانێت ئیسپاتی بکات کە پارە دیار نەماوە؟

**بێتی:**

ئەی هاوار، خوایەگیان، خۆ هەموو شارەکە دە زانن، بەداخەوە؛ ئێ تۆ خۆ خۆت وات گوت .

**کونسووڵ بێرنیك:**

من هیچم نەگوتوە. شارەکەش هیچ لەو مەسەلەیە ئاگادارنین؛ هەمووی پڕوپاگەندە بوو.

**بێتی:**

ئای، کەشتن، تۆ چەند نەجیبزادەیت!

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەڵێم، واز لەو یادەوەریانە بێنە! تۆ نازانیت چەند ئازارم دەدەیت، بەوەی ئەم شتانە هەمووی بێنیتەوە بیرم.

( بەپیاسە کەمێك هاتوچۆدەکات؛ پاشان گۆچانەکەی لەشوێنێکدا دادەنێت) ئەوانیش دەبووایە هەر لەم کاتەدا بگەڕانایەتەوە ـ ئێستا، کە من پێویستم بەکەشێکی هاوسەنگی باش هەیە، هەم لە شارەکەداو هەم لەدەستگاکانی ڕاگەیاندندا. ئینجا ئاوها هەواڵ بۆ ڕۆژنامەکانی شارەکانی دراوسێ دەنووسرێت. ئەوسا ئەگەر بەباشی یان بەخراپی بەرەو ڕوویان ببمەوە، ئەوا مشتومڕ دروست دەبێت و لێک دەدرێتەوە. ئینجا ئەوسا کای کۆن بەبا دەکرێت،ـ هەروەك تۆ کردت. لە کۆمەڵگەیەکی وەکو ئەمەی ئێمەدا،(دەستکێشەکانی هەڵدەداتە سەر مێزەکە) لێرە من کەسێکم نییە کە بتوانم قسەی لەگەڵدابکەم و داوای یارمەتی لێ بکەم.

**بێتی:**

هیچ کەسێك، کەشتن؟

**کونسووڵ بێرنیك:** نەخێر، ئەو کەسە دەبێت کێ بێت؟ ـ وەرە لەم کاتەدا توشت ببێت بە توشی ئەمانەوە! گومانی تێدانیە کە ئەمانە بە هەرشێوەیەك بێت ڕیسواییەك ئاشکرا دەکەن، بەتایبەتی لوونا. ئاخر بوونی کەسێکی وا لە ناو خێزانی خۆتدا کارەسات نیە!

**بێتی:**

بەڵێ، من هیچم پێ ناکرێت لەبەرئەوەی کە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەبەرچی هیچت پێناکرێت؟ لەبەر ئەوەی خوشك و براتن؟ نەخێر، ئەمە قسەیەکی زۆر ڕاستە.

**بێتی**: ئێ خۆ من داوام لێ نەکردوون بگەڕێنەوە بۆ ئێرە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئینجا تەماشاکە؛ ئەوە دەستمان پێ کردەوە! من داوام لێ نەکردوون کە بگەڕێنەوە بۆ ئێرە؛ من نامەم بۆ نەناردوون؛ من بەقژڕاکێشان نەم هانیونەتەوە بۆ ئێرە! ئۆهـ، من ئەو درێژدادڕیەم هەمووی لەبەرە.

**بێتی**( دەست دەکا بەگریان):

چەند دڵرەق و بێ بەزەییت .

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ ڕاستە؛ بگری، هەتا شارەکە ئەمەشیان بەدەم بگاتەوەو بکەونە قسە هێنانوبردن. واز لەو ڕەفتارە گەوجانەیە بێنە، بێتی. برۆ لەدەرەوە دانیشە، نەوەکو یەکێك بێت. لەوانەیە خەڵك بیانەوێت خانم بەچاوی سوورهەڵگەڕاوەوە ببینن؟ بەڵێ، ئەوسا خۆش دەبێت لە ناو خەڵکدا بڵاوبێتەوە کە . ها، ئەوە گوێم لەکەسێکە لە ڕاڕەوەکەدا!( لەدەرگادەدرێت) وەرە ژوورەوە!

( بێتی دروومانەکەی لەگەڵ خۆی دەبا و دەچێتە دەرەوە بۆسەر پلیکانەی باخچەکە)

( ئەونای بەلەمساز لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە.)

**ئەونای بەلەمساز:**

ڕۆژباش، جەنابی کونسووڵ.

**کونسوڵ بێرنیك:**

ڕۆژباش، ئێستا، ئێوە ئێدی باش پێشبینی دەکەن کە من چیم لێتان دەوێت؟

**ئەونای بەلەمساز:**

دوێنێ پارێزەرکراپ لەبارەی ئەوەوە قسەیکرد کە کونسووڵ ناڕازییە لە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەونا، من لە تەواوی کارەکانی ورشەی بەلەمسازی ناڕازیم. بەلەمەشکاوەکان هەرواماونەتەوە. دەبووایە زۆر لەزووەوە < لقەدارخورما> بکاوتایەتەوە گەڕ. ڤیگەلاندی بازرگان هەموو ڕۆژێك دێتە ئیرەو بێزاریکردووم؛ هاوخاوەنێتی لەگەڵ ئەو پیاوەدا دژوارە.

**ئەونای بەلەمساز:**

دووسبەی< لقە دارخورما> دەتوانێ لەدەریادا بکەوێتەوە گەڕ.

**کونسووڵ پێرنیك:**

سەرئەنجام. ئەی < کچی هیندی سوور> ی ئەمەریکی، کە پێنج هەفتەیە لێرە کەوتووەو .

**ئەونای بەلەمساز:**

ئەمەریکییەکە؟ من وا تێگەیشتبووم کە ئێمە پێش هەموو شتێ تەواوی هێزی خۆمان بۆ بەلەمەکەی ئێوە تەرخان بکەین.

**کونسووڵ پێرنیك:**

بۆ ئەوە من هیچم بە بیانو نەهێناوەتەوە هەتا ئێوە وا تێ بگەن . دەبووایە لەگەڵ ئەمەریکیکەشدا تەواوی کاری پەلەی پێویست بکرابایە؛ بەڵام نەکراوە.

**ئەونای بەلەمساز:**

کەشتیەکە لەژێرەوە ڕزیوە، جەنابی کونسووڵ؛ هەتا زیاتر پینەی لێ دەین، خراپتر دەبێت.

**کونسووڵ بیرنیك:**

گرفتەکە لە وێوە دەست پێ ناکات. پاریزەرکراپ هەموو ڕاستییەکانی پی گوتووم. ئیوە نازانن لەگەڵ ئەو ئامێرە تازانەی من هێناومن کاربکەن، یان ڕاستر، ئێوە ناتانەوێ کاریان پێ بکەن.

**ئەونای بەلەمساز:**

جەنابی کونسووڵ، ئێستا من لە سەروو پەنجا ساڵەوەم؛ هەر لە تەمەنی گەنجییەوە من لەسەر ئەو شێوە کارکردنە کۆنە ڕاهاتووم .

**کونسووڵ پێرنیك:**

ئێستا ئێمە ناتوانین ئەو جۆرەکارکردنە بۆ ئەمڕۆ بەکاربهێنین. ئەونا، واتێ نەگەیت کە لەبەر خاتری سوودوقازانجە؛ من سوپاس بۆ خوا پێویستم بەوە نییە؛ بەڵام من دەبێت خاتری ئەو کۆمەڵگەیە ڕەچاوکەم کە تیایدا دەژیم و، ئەو بازرگانیەیی کە پێشەوایەتی دەکەم. پێشکەوتنەکان پێویستە لە منەوە دەست پێ بکەن، ئەگینا هەرگیز دەست پێ ناکەن.

**ئەونای بەلەمساز:**

جەنابی کونسووڵ، بە خۆشحاڵییەوە منیش پێشکەوتن دەخوازم.

**کونسووڵ پێرنیك:**

بەڵێ، بۆ گرووپە هاوحەزە سنووردارەکەتان، بۆ چینی کرێکاران، ئۆو، من ئاگام لێیە ئێوە چۆن خەڵك دەورووژێنن؛ ئێوە وتار دەدەن؛ خەڵك هاندەدەن؛ بەڵام کاتێك کە پێشکەوتنێکی بەرچاوو دێتە پێش، وەك ئەوەی ئێستای ئامێرەکانمان، ئەوسا ناتانەوێت لەگەڵ پێشکەوتندابن؛ دەترسن.

**ئەونای بەلەمساز:**

بەڵێ، من بەڕاستی دەترسم، جەنابی کونسووڵ؛ من لەباتی ئەو خەڵکە زۆرە، دەترسم کە ئامێرەکان نان بڕاویان دەکەن. کونسووڵ زۆر جار باسی ئەوە دەکات کە خاتری کۆمەڵگە ڕەچاو بکرێت؛ بەڵام من واتێ دەگەم کە کۆمەڵگەش ئەرکی خۆی لەسەرشانە. چۆن زانست و سەرمایە دەتوانن ئەو داهێنراوە نوێیانە بخەنە کار، پێش ئەوەی کۆمەڵگە نەوەیەك لەسەر بەکار هێنانیان، ڕابهێنێت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەونا، ئێوە زۆردەخوێننەوەو زۆریش بیردەکەنەوە؛ ئەوەش بۆ ئێوە باش نییە؛ هەر ئەوەشە کە واتان لێ دەکات لە کارەکەتان ناڕازی بن.

**ئەونای بەلەمساز:**

وانییە، جەنابی کونسووڵ؛ بەڵام من بەرگەی ئەوەناگرم ببینم کرێکارە باشەکان یەك لە دوای یەك نان بڕاوەبن و لە پێناو ئەو ئامێرانەدا دەستیان لەکارێ دەکێشرێتەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم، ئەوکاتەی هونەری کتێب چاپکردن دۆزرایەوە، گەلێك لەوانەی پێشەیان لەبەر کتێب نووسینەوە بوو نان بڕاوبوون.

**ئەونای بەلەمساز:**

ئایا ئەگەر ئەوکاتە جەنابی کونسووڵ کاری لەبەر کتێب نووسینەوەی بکردایە بەو هونەرە خۆشحاڵ دەبوو؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

من نەم ناردوە بە دواتاندا بۆ گفتوگۆکردن. من بانگم کردوون تا پێتان بڵێم کە کەشتیە خراپ بووەکەمان < کچی هیندی سوور> تەواوبکرێت و دووسبەی ئامادەی دەرچوون بێت.

**ئەونای بەلەمساز:**

بەڵام، جەنابی کونسووڵ ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

بۆ دووسبەی، گویتان لێ بوو؛ هەمان کات لەگەڵ کەشتییەکەی خۆماندا؛ نابێت سەعاتێك دوابکەوێت. بۆ سوور بوونم لەسەر ئەو داوایە، هۆکاری بەجێی خۆم هەیە. ڕۆژنامەی ئەم بەیانیەتان خوێندووەتەوە؟ [ئەگەر خوێندبێتانەوە] ئەوا، دەزانن کە دیسان ئەمەریکیەکان هەرایان ناوەتەوە. ئەم بەرەڵای وگێرەشێوێنییە هەموو شارەکەی شێواندوە؛ شەونییە لە مەیخانە و سەرشەقامەکان شەڕو پەلاماردان نەقەومێت؛ هەموو ئەوشتە ناشرینانەی تر کە من ئێستا نامەوێ باسیان بکەم.

ئەونای بەلەمساز:

بەڵێ، دیارە کە ئەمانە خەڵکێکی خراپن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئینجا خەتای کێ لە [دروستبوونی] ئەم هەراوهوریایەدا دەگیرێت ؟ من! بەڵێ، بەسەرمندا دەشکێتەوە. ڕۆژنامە نووسەکان کەوتوونەتە توانج دان بەشێوەیەکی نادیار دەربارەی ئەوەی کە ئێمە هەموو تواناکانی کارکردنمان خستۆتە سەر < لقە دارخورما>. ئالێرەدا من، ئەو ئەرکەم لەسەر شانە کە بە [پیادەکردنی] دەسەڵاتێکی نموونەییانە کاربکەمە سەر هاووڵاتیانم، خۆ هەروا لێ ناگەڕێم سووکایەتیم پێ بکەن. بەرگەی ئەوە ناگرم. من شایانی ئەوەنیم کە ناوم پیسبێت.

**ئەونای بەلەمساز:**

ئۆ، ناوبانگی کونسووڵ زۆر چاکە هەڵدەگرێت شایانی لەوە زیاتریش بێت.

**کونسووڵ بێرنێك:**

ئێستا نا؛ لەم کاتەدا پێویستم تەنیا بەو ڕێزوخۆشەویستییە هەیە کە هاووڵاتییانم دەتوانن پێم ببەخشن. هەروەکو بیستووتانە، من پرۆژەیەکی گەورەم بەدەستەوەیە؛ بەڵام ئەگەر ئەو مرۆڤە خراپانە، لە گومان خستنە سەر ئەو متمانە بێ چەندوچوونەدا بە کەسایەتی من، سەرکەوتوو بوون، ئەوسا ئەوە بۆی هەیە چەندەها کێشەی گەورەتریشم بۆ دروست بکات. بۆیە بە هەر نرخێك بێ دەخوازم خۆم لە نیەتی خراپ و مەترسیداری گوتاری ڕۆژنامەکان دوور بخەمەوە، هەر لەبەر ئەوە دواساتی تەواوکردنی کارەکام خستووەتە دووبەیانی.

**ئەونای بەلەمساز:**

جەنابی کونسووڵ، زۆر بە ئاسانی دەتوانن بۆ وادەی کۆتایی کارەکە ئەم پاش نیوەڕۆیە دیاری بکەن.

**کونسوڵ بێرنیك:**

پێتان وایە من داوای مەحاڵ دەکەم؟

**ئەونای بەلەمساز:**

بەڵێ، بەگوێرەی ئەو ئیشەی کە ئێستا هەمانە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

باشە، باشە؛ـ کەواتە دەبێت بیر لە شتێکی تر بکەینەوە.

**ئەونای بەلەمساز:**

بەڕاستی هێشتا دەتانەوێت هەندێ لەکرێکارە کۆنەکان لەکار دووربخنەوە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

نەخێر، بیر لەوە ناکەمەوە.

**ئەونای بەلەمساز:**

چوونکە من لەو باوەڕەدام ئەگەر شتی وابکەن ئەوا هەم لەنێو شارەکەدا و هەم لەڕۆژنامەکانیشدا دوژمن بۆ خۆتان پەیدادەکەن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

نا مەحاڵە [شتی ئاوها بکەین]؛ هەر لەبەرئەوەش ئێمە واز لەوە دەهێنین. بەڵام ئەگەر < کچی هیندی سوور> بۆ دووبەیانی ئامادە نەبێت، ئەوا من ئێوە لەکار دووردەخەمەوە.

**ئەونای بەلەم ساز**( بەچەواشە بوونێکەوە) :

من!( دەست دەکا بەپێکەنین) نا گاڵتەدەکەن، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەوباوەڕەدا مەبن.

**ئەونای بەلەم ساز:**

ئایا دەتوانن بیر لە دوورخستنەوەی من لەسەرکار بکەنەوە؟ من! کە باوکم و باپیرم هەموو ڕۆژەکانی ژیانی خۆیان لەخزمەتی کارگەکەدا بوون و، هەروەها من خۆشم ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

کێیە ئەوەی ناچارم دەکات بەو کارە هەستم؟

**ئەونای بەلەمساز:**

ئێوە داوای شتی مەحاڵ دەکەن، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئاخر، ویستی چاك مەحاڵ ناناسێت، بە ئا یان بە نەء؛ وەڵامێکی یەکلا کەرەوانەم بدەنەوە، ئەگینا لەکار دوورخستنەوەتان مسۆگەرە.

**ئەونای بەلەمساز** ( هەنگاوێك نزیك دەبێتەوە):

جەنابی کونسووڵ، ئێوە تەواو بیرتان لەوەکردووەتەوە کە دوورخستنەوەی کرێکارێکی کۆن لەکارەکەی چی دەگەیەنێت. پێتان وایە کە ئەو کەسە هەروا ئاسان بەدوای کارێکی تردا دەگەڕێت؟ ئا بەڵێ، ئەو کەسە دەتوانێت؛ بەڵام ئایا هەروا ئاسانە؟ خۆزگە بۆ تەنها جارێك لە ماڵی یەکێك لەو کرێکارە لە کار دوورخراوانە بوونایە. ئەو ئێوارەیەی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و کەل و پەلی کارکردنەکەی لەنێو دەرگای ماڵەکەیدا دادەنێت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەو باوەڕدان کە لەکار دوورخستنەوەی ئێوە هەروا لەبەر دڵم ئاسانە؟ من هەمیشە پیاوێکی سەرڕاست نەبووم؟

**ئەونای بەلەمساز:**

ئینجا خراپتر، جەنابی کونسووڵ. هەر لەبەرئەوە لەماڵەوە نایانەوێت خەتای ئێوە بگرن؛ نایانەوێت هیچ بە منیش بڵێن، چوونکە ناوێرن؛ بەڵام بێ ئەوەی من ئاگام لێ بێت سەیرم دەکەن و، لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: ئەمە دەبێت موستەحەق ئەوە بێت. دەبینن، ها ـ من ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم. هەرچەندە پیاوێکی بێ پلەو پایەم، بەڵام هەمیشە لەسەر ئەوە ڕاهاتووم بە باشترین هەژمار بکرێم. ماڵە بێکەڵکەکەی منیش کۆمەڵگەیەکی بچکۆلانەیە، جەنابی کونسووڵ. ئەم کۆمەڵگە بچکۆلانەیە من توانیومە پایەی بم و ڕاوەستاوی بکەم چوونکە ژنەکەم باوەڕی پێمە، چوونکە منداڵەکانم باوەڕیان پێمە. بەڵام ئێستا بەم کارە هەموو باوەڕیان هەرەس دەهێنێت و دادەڕوخێت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، ئەگەر هیچی تر لە تواناد نەبێت، ئەوا بچووکەکان دەبێت لە پێناوی گەورەکاندا لەناو بچن؛ تاك بە ناوی خوداوە لە پێناوی گشتدا ببێتە قوربانی. لەمە زیاتر وەڵامێکی ترم نیە بۆ ئێوە و، جگە لەمەش لە دنیادا نەبووە و نابێت. بەڵام ئێوە پیاوێکی کەللە ڕەقن، ئەونا! ئێوە دژی من ڕادەوەستنەوە، نەك لەبەر ئەوەی هیچی ترتان لە دە ست نایەت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ناخوازن، لەبەردەم هەژمووونی ئامێرەکانی ئەم ڕۆژگارەدا بەسەر هێزی بازوودا، چۆک دابدەن.

**ئەونای بەلەمساز:**

ئێوە ئەو بابەتەتان زۆر بە توندی گرتووە، جەنابی کونسووڵ، چوونکە دەزانن ئەگەر بێتو من لەکار دووربخەنەوە، ئەوا لەو حاڵەتەدا مەرامی چاکی خۆتان بە بەڵگەوە بە رۆژنامەکان دەگەیەنن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئینجا ئەگەر ئەوە واش بێت؟ ئێوە باش گوێتان لێیە کە چی بەلای منەوە گرنگە. یا ئەوەتا تووشم دەبێت بەتوشی رۆژنامەکانەوە و لێم نابنەوە یاخود ئەوان بە میهرەبانیەوە ئەو بابەتە وەردەگرن کە ئەوەش گونجاوە بۆ من لەکاتێکدا کە کاردەکەم بۆ مەسەلەیەکی گەورە لەپێناوی پێشکەوتنی گشتییدا. ئێ ئینجا چی؟ ئایا ئەوسا لەتوانای مندا هەیە مامەڵەیەکی تر بکەم جگە لەوەی ئێستا ئەنجامی دەدەم؟ دەتوانم پێ تانبڵێم کە خودی پرسیارەکە دەربارەی ئەوەیە یان ئەوەتا ئێوە ماڵتان تێك نەچێت و ڕاوەستاوبێت، وەکو وتت، یاخود سەدەها ماڵی تازە لە دروست بوون بێبەری بێت، سەدەها ماڵ، کە هەرگیز بناغەیان هەڵنەبەسترێت، هەرگیز دووکەڵکێشیان بۆ نەکرێ، ئەگەر هات و من لەوەی کە ئێستا نەخشەم بۆکێشاوە و کاری بۆدەکەم سەرکەوتونەبووم. هەر لەبەر ئەوەیە کە من خۆتانم سەرپشك کردووە.

**ئەونای بەلەمساز:**

بەڵێ، کەوابێت، من زیاترم نیە بیڵێم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم .؛ ئەونای ئازیز، بەڕاستی لەیەکتری جیابوونەوەمان ئازارم دەدات.

**ئەونای بەلەمساز:**

جیانابینەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

چۆن؟

**ئەونای بەلەمساز:**

پیاوێکی سادەش لەم دنیایەدا چەند قسەیەکی خۆی هەیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، باشە، ئێ؛ ئێوە لەوباوەڕەدان کە ئێوە دەتوانن گفتی ئەوە بدەن .؟

**ئەونای بەلەمساز:**

< کچی هیندی سوور> بۆ دووبەیانی ئامادەیە. ( ماڵئاوایی دەکات و لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە)

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەئاوا، چۆکم بەو کەللە ڕەقە دادا. ئەمە مزگێنیەکی خۆش بوو.

( هیلمار تۆنەسێن، چرووتێکی بەدەمەوەیەو لەدەرگای باخچەکەوە دێتە ژوورەوە.)

**هیلمار تۆنەسێن** ( لەسەر پلیکانەی باخچەکە):

ڕۆژباش بێتی! ڕۆژباش بێرنیك!

**بێتی:** ڕۆژباش.

**هیلمار تۆنەسێن:**

ها، دەبینم دەگریت. بۆ تۆش زانیوتە؟

**بێتی:**

چیم زانیوە؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

کە ئەو ئابڕوچوونە تەواو بڵاو بۆ تەوە، ئاخ !!

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەوە مانای چی؟

**هیلمار تۆنەسێن**( دێتە ژوورەوە):

بەڵێ، ئەو دوو ئەمەریکیە پێکەوە لەگەڵ دینا دۆرفدا بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە.

**بێتی**( بەدویدا دێتە ژوورەوە):

بەڵام، هیلمار، ئەوە ڕێی تێ دەچێ؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڵێ، بەداخەوە، ئەمە هەقیقەتە، لەگەڵ ئەوەشدا لوونا ئەمەندە بێ چاوڕووە هاوارم لێ دەکات؛ بێگومان من خۆم لێکەڕکرد وەك ئەوەی گوێم لێ نەبووبێت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دیارە ئەمە دوور لەچاوی خەڵکیش نەبووە.

**هیلمار تۆننەسێن:**

نەخێر، با باش بزانیت. خەڵك بێدەنگ ڕاوەستا بوون و سەیریان دەکرد. ئەوە وەك کەوتنەوەی ئاگرێك لە شاردا وابوو، تەقریبەن هەر وەك سووتانی دەشتە گیاجاڕەکانی رۆژئاوا. لە هەموو ماڵەکانەوە خەڵك لە پەنجەرەکاندا ڕاوەستابوون و چاوەڕێی تێپەڕینی ئەوانیان دەکرد؛ لە پشتی پەردەکانەوە سەریان نابوو بەسەری یەکتریەوە. ئاخ! ئا، دەبێ ببوریت، بێتی؛ کەدەڵێم ئاخ؛ چوونکە ئەمە دەمترسێنێت؛ ئەمە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوە من ناچارم سەری خۆم بۆ شوێنێکی دوور هەڵگرم.

**بێتی:**

بەڵام دەبووایە تۆ قسەت لەگەڵ یۆهاندا بکردایەو و بەخەڵکت بناساندایە.

**هیلمار تۆنەسێن:**

لەسەر ئەو شەقامە؟ نەخێر، دەبێت بەڕاستی بمبوریت. بەڵام [ئاخر] ئەم زەلامە [چۆن] هەروا زاتی ئەوە دەکات لەم شارەدا خۆی پیشاندات! ئیستا، بابزانین ئایا راگەیاندنەکان ڕایناگرن؛ بەڵێ، ببورە بێتی؛ بەڵام.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ڕاگەیاندن، ئەوە بەڕاستە؟ بۆ تۆ گویت لە پێشنیارێکی وا بووە؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڵێ، خۆ هەروا خۆڕایی نییە. دوێنێ ئیوارە کە ئێوەم بەجێ هێشت، لەبەر نەخۆشییەکەم بەپیاسە چووم بۆ یانە. لەوێ باش تێبینی ئەو بێدەنگییەم کرد کە لەپڕ دروست بوو، وا دیاربوو باسی دوو ئەمەریکییەکە لە ئارادابوو. پاشان ئەو هەواڵنووسە بێ شەرمە **هامەر** هاتە ژوورەوەو بەدەنگی بەرز پیرۆزبای گەڕانەوەی کوڕە پورە دەوڵەمەندەکەمی لێکردم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەوڵەمەند؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڵێ، وای گوت. بێگومان منیش مۆڕەیەکی وام لێکرد کە شایانی بێت و تێم گەیاند

کە من هیچ لە بارەی دەوڵەمەندیی یۆهان تۆنەسێنە وە نازانم. گوتی " ئاوها، سەیرە؛ مرۆڤ عادەتەن لە ئەمەریکا ئەگەر سەرەتا پارەیەکی بەدەستەوە بێت، وەزعی بەرەوباشی دەچێت، کوڕە پورەکەی ئێوەش بەدەستی بەتاڵ سەفەری نەکرد بوو بۆ ئەوێ".

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم، ده ئەو ئەرکەم بۆ بکێشن دەی .

**بێتی:**

( بەنیگەرانییەوە) کەشتن، خۆ دەبینیت .

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڵێ، بەهەرحاڵ هەموو ئەو شەوە بە هۆی ئەو کەسەوە خەوم نەبوو. ئەویش ئاوها بە سەروفەساڵێکەوە هەروەکو هیچیش نە بوو بێت، بە شەقامەکاندا دەسوورێتەوە. [نازانم] بۆ بەیەکجاری گیانی نەسپارد؟ هەندێ کەس هێندە گیان سەختن کە لە ووزە بەدەرە.

**بێتی:**

خوایە، هیلمار، ئەوە تۆ چی دەڵێ یت؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئۆهـ، من هیچم نەگوتووە، بەڵام ئەوەتا ئەو لە کارەساتی ڕووداوی شەمەندەفەر و پەلاماری ورچی کالێفۆرنیایی وهیندییە سووره قاچ بۆگەنەکان ڕزگاری دەبێت؛ بێ ئەوەی پێستی سەری کەندرابێت ـ ئاخ، ئەوەتان.

**کونسووڵ بێرنیك** (سەیری سەر شەقامەکە دەکات):

ئۆلافیشیان لەگەڵدایە!

**هیلمارتۆنەسێن:**

بەڵێ، بێگومان؛ دەیانەوێ بیری خەڵکی بهێننەوە کە ئەمان سەر بەیەکە خێزانی شارەکەن. تەماشا، تەماشا، ئەو بێ ئیش وکارانە هەموویان لە دەرمانخانەکە دێنەدەرەوەو سەیریان دەکەن و لێیان وورد دەبنەوە. بەڕاستی من عەسابی ئەمەم نییە؛ ئاخر چۆن پیاو، لە سایەیی بارودۆخێکی ئاوهادا، ئاڵای بیروهۆش بەرز بکاتەوە، ئەوە خۆ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەرەو ئێرە دێن. بێتی، گوێ بگرە، حەزدەکەم تۆ هەتا لەتواناتدا هەیە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیان پیشان دەیت.

**بێتی:**

کەشتن، ڕێگەی ئەوە دەدەیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ بێگومان، بەڵێ بێگومان؛ هەروەها تۆش هیلمار. ئەوان خۆشبەختانە زۆر لێرە نامێننەوە؛ ئێمە لەنێوخۆماندا؛ ئاماژە بەهیچ ناکەین؛ بە هیچ شێوەیەك نابێ دڵیان بشکێنین.

**بێتی:**

ئۆ، کەشتن، تۆ چەند نەجیبزادەیت.

**کونسووڵ بیرنیك:**

تۆ ئێستا، ئێستا لەوە گەڕێ.

**بێتی:**

نەخێر، ڕێگەم پێ بدە سوپاست بکەم؛ ببوورە کە من پێشان زۆر تووڕە بووم. ئۆ، هەق بەلای تۆوە بوو کە۔

**کونسووڵ بێرنیك:**

لێی گەڕێ؛ دەڵێم لەوە گەڕێ.

**هیلمارتۆنەسێن:**

ئاخ! ئاخ!

( یۆهان تۆنەسێن و دینا و، پاشان لوونا و ئۆلاف لە باخچەکەوە دێنە ژوورەوە)

**لوونا:**

ڕۆژباش، ئەی خەڵکانی ئازیز، ڕۆژباش.

**یۆهان تۆنەسێن:**

کەشتن، چووینە دەرەوە و تەماشای زەوییە کۆنەکانمان کرد.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، گوێم لێیە. زۆر گۆڕاون؛ وانییە؟

**لوونا:**

لە هەموولایەکەوە هەر کارە گەورە و باشەکانی کونسووڵ بێرنیکە. ئێمە چووینە سەر ئەو پرۆژانەی، کە تۆ پێشکەشی شارەکەت کردوون ۔

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێستا لەوێ بوون؟

**لوونا:**

لەسەر دەرگای چوونە ژوورەوە نووسراوە" دیاری کەشتی بێرنیك" بەڵێ، تۆ لێرە لە هەمووشتێکدا هەرخۆت حیسابیت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

تۆ پاپۆڕێکی بێ وێنەشت هەیە. من کاپتنی < لقە دارخورما> م بینی، هاوڕێی کۆنی قوتابخانەمە .

**لوونا:**

بەڵێ، قوتابخانەیەکی تازەشت دروستکردووە؛ گوێم لێیە دەڵێن بۆری غازکێشان و ئاوکێشانیش هەردووکیان هەر بەهۆی تۆوەیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێستا، ئیتر پیاو دەبێت بەکەڵکی ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە تێیدا دەژی.

**لوونا:**

بەڵێ، جوانە، زاوا؛ بەڵام ئەوەش شتێکی خۆشە ببینیت خەڵك چەند ئەو شتانەیان لەبەرچاوە. من وابزانم، ڕواڵەت پەرست نیم، بەڵام نەمدەتوانی وازلەوەبهێنم بیری ئەو یەك دووانە نەخەمەوە کە قسەمان لەگەڵداکردن، کە ئێمە سەر بەخێزانەکەین.

**هیلمارتۆنەسێن:**

ئاخ .!

**لوونا:**

ئەوە لەبەر ئەوەی [من گوتم] تۆ ئاخ هەڵدەکێشت؟

**هیلمارتۆنەسێن:**

نەخێر، وتم هەم .

**لوونا:**

ئێ، بۆت هەیە، داماو. بەڵام ئێوە ئەمڕۆ تەواو بە تەنیان؟

**بێتی:**

بەڵێ، ئێمە ئەمڕۆ تەنیاین.

**لوون:**

بەڵێ، بێگومان ئێمە لەبازاڕ بەجووتێك لەو ئەخلاقیانە گەیشتین؛ خۆیان وانیشاندا کە زۆر سەرقاڵن. بەڵام خۆ ئێمە هیشتا تەواو بە هیچ شێوەیەك پێکەوە قسەمان نەکردووە؛ دوێنێ ئەوسێ تازە داهێنەرانە و، هەروەها ئەو قەشەیەش لێرە بوون .

**هیلمارتۆنەسێن:**

مامۆستا.

**لوونا:**

من پێی دەڵێم قەشە. بەڵام ئەی ئێستا ئێوە ئیشی ئەم پانزە ساڵەی منتان بەلاوە چۆنە؟ ئایا کوڕێکی قۆزی لێ دەرنەچووە؟ کێ دووبارە ئەو شێتە دەناسێتەوە کە لەماڵەوە هەڵهات؟

**هیلمارتۆنەسێن:**

هم !.

**یۆهان تۆنەسێن:**

لوونا، زۆر بە خۆتەوە مەنازە.

**لوونا:**

بەڵێ، بەراستی من شانازی بەوەوە دەکەم. خوایە، ئەوە تەنها شتێکە من لە دنیادا ئەنجامم دابێت؛ بەڵکو ئەوە جۆرە مافێکیشم پێدە بەخشێت بۆئەوەی هەبم. بەڵێ، یۆهان، کە بیر لەوە دەکەمەوە ئێمە هەردووکمان چۆن چۆنی لەوێ بە چوار مشتی بەتاڵەوە دەستمان پێکرد .

**هیلمار تۆنەسێن:**

بە چوار دەست.

**لوونا:**

من دەڵێم مشت؛ لەبەرئەوەی پیس بوون .

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئاخ!

**لوونا:**

بەتاڵیش بوون.

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەتاڵبوون؟ نەخێر، دەبێت بڵێم !.

**لوونا:**

دەبێت چی بڵێیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم!

**هیلمار تۆنەسێن:**

دەبێت بڵێم ـ ئاخ!

(هیلمار تۆنەسێن دەچێتە دەرەوە بۆ سەر پلیکانەی باخچەکە.)

**لوونا:**

ئەریَ ئەو بەشەرە چییەتی؟

**کونسوڵ بێرنیك:**

ئۆ، گوێی مەدەرێ؛ ئەو ئێستا تۆزێك نیگەرانە. بەڵام حەزناکەیت تۆزێ تەماشای باخچەکە بکەیت؟ تۆ هێشتا نەچوویت بۆ خوارەوە، من بەراستی کاتژمێرێك وەختم هەیە.

**لوونا:**

بەڵێ، بەخۆشحاڵییەوە؛ باوەڕکەن من هەمیشە زوو زوو بەخەیاڵ دەهاتمە باخچەکەی ئێوەوە.

**بێتی:**

ئێستا ئەوێش دەبینیت، تەواو گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە.

( کونسووڵ و بێتی و لوونا دەچنە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە، جاروبار لەکاتی ئەم گفتوگۆیانەی لای خوارەوەدا لەباخچەکەدا دەبینرێن پیاسەدەکەن.)

**ئۆلاف** ( لەنێودەرگای باخچەکەدا):

مامە هیلمار، دەزانیت خاڵە یۆهان چی لێ پرسیم؟ لێی پرسیم حەزدەکەم لەگەڵیدا بچم بۆ ئەمەریکا.

**هیلمارتۆنەسێن:**

تۆ، هیچ لەبارادانەبوو، لێرە هەرخەریکی ئەوەیت خۆت بەکراسەکەی دایکتدا هەڵواسیت .

**ئۆلاف:**

بەڵێ، بەڵام ئیتر نامەوێ وابم. با گەورەبم دەیبینیت .

**هیلمارتۆنەسێن:**

حای قسەی قۆڕ؛ تۆ هیچ پێویستیەکی ئاوها جیددیت بەم باوەڕە پۆڵاینە نیە کە لە نێو۔( پێکەوە دەچنە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە)

**یۆهان تۆنەسێن** ( بەدینا دەڵێ، کە شەپقەکەی لەسەری داکەندوەو لەنێو دەرگاکەی دەستی ڕاستدا وەستاوە و کراسەکەی دەتەکێنێ):

ئێوە پاش ئەو پیاسەکردنە باش گەرم داهاتوون.

**دینا:**

بەڵێ، پیاسەیەکی خۆش بوو؛ قەد لەمەوپێش پیاسەی ئاوها خۆشم  نەکردووە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ڕەنگە ئێوە زۆر نەچن بۆ پیاسەی ئێواران؟

**دینا:**

با، بەڵام هەر لەگەڵ ئۆلافدا.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئا.  لەوانەیە ئێوە پێتان خۆشبێ کەبڕۆنە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە زیاتر لەبری ئەوەی لێرەبن؟

**دینا:**

نەخێر، زیاتر حەزدەکەم لیرەبم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

منیش. ئیتر لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین کە هەموو بەیانییەك پێکەوە بچین بۆ پیاسەیەکی ئاوها.

**دینا:**

نەخێر، جەنابی تۆنەسێن، ئێوە نابێت ئەوەبکەن.

**یۆهان تۆنەسێن:**

من نابێ چی نەکەم؟ ئێوە بەڵێنتان دا.

**دینا:**

بەڵێ، بەڵام کە من بیری لێ دەکەمەوە، چیتر ـ ئیوە نابێت لەگەڵ مندا بڕۆنە دەرەوە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵام بۆچی؟

**دینا:**

بەڵێ، ئیوە بێگانەن؛ ناتوانن لەوە تێبگەن؛ بەڵام من پێتان دەڵێم .

**یۆهان تۆنەسێن:**

چییە بێڵێ؟

**دینا:**

نەخێر، نامەوێ باسی ئەوە بکەم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

با، بێگومان؛ ئێوە دەتوانن لەبارەی هەموو شتێکەوە لەگەڵ مندا قسەبکەن.

**دینا:**

بەڵێ، با پێتان بڵێم من وەکو کچە گەنجەکانی ترنیم؛ شتێك هەیە .شتێکی لەو جۆرە لەبارەی منەوە. لەبەر ئەوە ئێوە نابێت ئەوە بکەن.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵام من هیچ لەمە تێناگەم. خۆ ئیوە شتێکی خراپتان نەکردووە؟

**دینا:**

نەخێر، من نا، بەڵام ؛ نەخێر، نامەوێت ئێستا باسی بکەم. بێگومان ئێوە ئەوە لە خەڵکی تروە دەبیستن.

**یۆهان تۆنەسێن:**

هم.

**دینا:**

بەڵام شتێکی تر هەبوو من حەزم دەکرد لەبارەیەوە پرسیارتان لێ بکەم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئەوشتە چییە؟

**دینا:**

دەبێت زۆر ئاسان بێت لەوێ لە ئەمەریکا ببیتە کەسێکی لێهاتوو، وانییە؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئێستا، هێندە ئاسان نیە هەمیشە؛ زۆرجار مرۆڤ دەبێت لەسەرەتادا کاری سەخت بکات و زۆر ماندووببێت.

**دینا:**

بەڵێ، منیش ئەوەم دەوێت .

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئێوە؟

**دینا:**

بەڕاستی من دەتوانم ئیش بکەم؛ تەندروستیم باشە و بەهێزم، لە خوێندنیشدا پوورە مارتا زۆر یارمەتی داوم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

کەواتە شەیتان بە نەفرەتکە و لەگەڵمان وەرە بۆ ئەوێ.

**دینا:**

گاڵتە دەکەن؛ ئاوهاشتان بە ئۆلاف گوت. بەڵام من دەمویست ئەوە بزانم، داخوا خەڵك ئاوها لەوێ زۆر - زۆر ئەخلاقخوازن؟

**یۆهان:**

ئەخلاقخواز؟

**دینا:**

بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەوانیش ئاوها . وەك ئێرە، بە ڕەوشت و ڕێکوپێکن.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەهەرحاڵ، هێندە نامیهرەبان نین وەك ئەوەی کە خەڵك لێرە پێیانوایە. ئێوە نابێت باوەڕ بەوە بکەن.

**دینا:**

ئێوە لە من تێناگەن. بەراستی من حەزدەکەم ئەوان هێندە ڕێکوپێك و ئەخلاقخواز نەبن.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئاوها نەبن؟ ئەی دەخوازن ئەوان چۆن بن؟

**دینا:**

من دەخوازم ئەوان ئاسایی بن.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، بەڵێ ڕەنگە ئەوان دروست ئاوها بن.

**دینا:**

چوونکە ئەوە بۆ من چاك دەبێت ئەگەر بتوانم بێم بۆ ئەوێ.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ بێگومان وا دەبێت؛ بۆیە دەبێت ئێوە لەگەڵمان بێن.

**دینا:**

نەخێر، لەگەڵ ئێوەدا نامەوێ سەفەربکەم؛ پێویستە بە تەنیا سەفەربکەم. ئۆ، بێگومان سەرکەوتوو دەبم؛ بێگومان باش دەبم.

**کونسوڵ بێرنیك** ( لەگەڵ هەردوو خانمەکەدا لەبەردەم پلیکانەی باخچەکەدا):

ڕاوستن، ڕاوەستن؛ بێتی ئازیز، من دەچم دەیهێنم، تۆ زوو سەرمات دەبێت.( کونسووڵ بێرنیك دێتە ناو هۆڵەکەوەو بەدوای شاڵەکەی بێتی دا دەگەڕێت.)

**بێتی** ( لەباخچەکەوە):

یۆهانیش لەگەڵ خۆتدا بێنە؛ دەچینە خوارەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

نەخێر، یۆهان دەبێت لێرەبێت. سەیرکە دینا؛ شاڵەکەی بێتی بەرەو برۆ لەگەڵیان. بێتی ئازیز، یۆهان لێرە لەلای من دەمێنێتەوە. ئێ خۆ دەبێت منیش تۆزێ گوێ بگرم  بزانم بارودۆخی ئەوێ چۆنە.

**بێتی:**

باشە، باشە، بەڵام  دوایی وەرن؛ تۆ دەزانیت لەکوێ دەمان دۆزیتەوە.

( بێتی و لوونا و دینا لەلای چەپەوە بەناو باخچەکەدا بەرەو خواردەبنەوە.)

**کونسووڵ بێرنیك** ( وچانێك لە دواوە سەیریان دەکات، پاشان دەچێت دەرگاکەی سەرەوەی لای چەپ دادەخات، ئینجا دەچێ بۆ لای یۆهان، هەردوو دەستەکانی دەگرێت، ڕایان دەوەشێنێت و دەیانگووشێت):

یۆهان، ئێستا ئێمە بە تەنیاین؛ پێوستە سوپاست بکەم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ها چی؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

خانو وماڵەکەم، کامەرانی خێزانەکەم، تەواوی پلەوپایەم لە کۆمەڵگەدا، هەمووی قەرزاری تۆم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

کەشتنی ئازیز، ئێستا، خۆشحاڵم؛ کە ئەو داستانە سەرشێتانەیە شتێکی باشی لێکەوتووەتەوە.

**کونسووڵ بێرنیك** ( دووبارە دەستەکانی ڕادەوەشێنێتەوە):

سوپاس، سوپاس لەگەڵ ئەوەشدا! لەنێو دەهەزارکەسدا یەکێك نەبوو ئەوە بکات کە تۆ ئەوجارە بۆت کردم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

تۆ شتێکم پێ بڵێ! ئێمە هەر دووکمان گەنج و سەرەڕۆ نەبووین؟ خۆ دەبووایە یەکێك لە ئێمە ئەو تاوانە بخاتە ئەستۆی خۆی ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵام کێ لە تاوانبار زیاتر لەو تاوانەوە نزیکتربوو؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

ڕاوەستە! ئەوجارە بێ تاوان لەو تاوانەوە نزیکتربوو. من ئازاد وسەربەست بووم، بێ دایك وباوك؛ بۆ من بەختیارییەکی تەواوبوو لەو ماندووبوونە سەختەی فەرمانگە دوورکەومەوە. تۆ بە پێچەوانەوە دایکە پیرەکەت لەژیاندا بوو. پاشان تازە بەدزییەوە لەگەڵ بێتی پێکەوە پەیوەندی خۆشەویستیتان بەستبوو، بێتی زۆر هۆگرت بووبوو.ئاخۆ ئەگەر ئەوسا ئەو بەوەی بزانیایە بارودۆخی چۆن چۆنی دەبوو؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ڕاستە، ڕاستە، ڕاستە؛ بەڵام ـ

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئەی هەر لەبەر خاتری بێتی نەبوو کە تۆدەستت لەو پەیوەندییە نهێنییە لەگەڵ مەدام دۆرف هەڵگرت؟ خۆ تۆ ئەو ئێوارەیە لەبەر ئەوە چووبویت بۆلای، هەتا بەتەواوی کۆتایی بەو پەیوەندییە بهێنیت .

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، ئەو ئێوارە شوومەی کە ئەو مرۆڤە بەدمەستە هاتەوە بۆماڵەوە! بەڵێ، یۆهان ئەوە لەبەر خاتری بێتی بوو؛ بەڵام بەهەرحاڵ، تۆ زۆر نەجیبزادانە خۆت کردە قوربانی و سەفەرت کردو ئێرەت بەجێهێشت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

کەشتی ئازیز، هیچ گومانت نەبێ، ئێمە لەسەر ئەوە رێکەوتبووین کە ئەوە ئاوهابێت؛ تۆ دەبووایە رزگارت بووایە و ئێ تۆش هاورێم بوویت. بەڵێ، منیش شانازی بەو هاورێ تییەوە دەکرد! لێرە من، وەك بەسەزمانێکی دنیا نەدیو دەهاتم و دەچووم و ماندودەبووم؛ پاشان تۆ کەشخەو پایەبەرز، لەسەفەرە گەورەکانی هەندەرانت دەگەڕایتەوە؛ سەفەرت هەم بۆ لەندەن و هەم بۆ پاریسیش کردبوو. دوای ئەوە تۆ منت وەك یەکێك لەنێو هاورێ نزیکەکانتدا هەڵبژارد، دیارە من چوار ساڵ لە تۆ بچوکتر بووم؛ـ بەڵێ، ئێستا من تەواو تێ دەگەم؛ ئەوەش هەر لەبەر خاتری ئەوەی کە تۆ بەتەمای بێتی بوویت. بەڵام من چەند بەوەوە دەنازیم! کێ هەبوو بەوەوە نەنازێ؟ کێ نەی دەویست لە پێناوی تۆدا ببێتە قوربانی، بەتایبەتی ئەو مانگە کە جگە لە مقۆمقۆی پروپاگەندە هیچی تر لەم شارەدا نەبوو، یەکسەر زانیم کە هەڵهاتن بەرەو دنیایی فراوانی دەرەوە لە تواناداا هەیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم، یۆهانی ئازیز؛ من دەمەوێت بەڕاستی پێت بڵێم کە هێشتا ئەوبەسەرهاتە بەتەواوی لەبیرنەچووەتەوە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

لەبیر نەچووەتەوە؟ ئینجا چ پەیوەندی بەمنەوە هەیە، من کە دیسان دەگەڕێمەوە بۆ کێڵگەکەی خۆم لەوێ .

**کونسووڵ بێرنیك:**

کەواتە تۆ بەتەمای بگەڕێیتەوە؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئاشکرایە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵام هیوادارم، ئەوە بەم زووانە نەبێت؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

هەتا بکرێت زوو. من هەر لەبەر لوونا هاتم بۆ ئێرە هەتا ئەو بە تەنیا نەبێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڕاست؟ چۆن؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، تۆ دەبینی، لوونا ئافرەتە گەنجەکەی جاران نییە، لەم ماوەیەی دواییدا تاسەی گەڕانەوە بۆ وڵات خەریکی کردووە؛ بەڵام ئەو خۆی هەرگیز دان بەوەدانانێت؛( بەزەردەخەنەیەکەوە) چۆن دەیوێرا زاتی ئەوەبکات منی سەرەڕۆ بەجێ بهێڵێ، من، کە لە تەمەنی نۆزدەساڵییەوە وازم لەسەرەڕۆیی هێنابوو.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئینجا؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، کەشتن، ئێستا من دان بە شتێکدا دەنێم، کە من بۆ خۆم پێم شوورەیییە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

متمانەی لەلاباسکردنی مەسەلەکەت پێ نەکردبێ؟

**یۆهان تۆننەسێن:**

با. ئەوە هەڵەیەك بووکردم؛ بەڵام هیچی ترم پێ نەدەکرا. تۆ نازانیت کە لوونا چۆن بووە بۆ من. تۆ هەرگیز حەزت لە چارەی ئەو نەبووە؛ بەڵام ئەو بۆ من هەر وەکو داکێك وەهابووە. لەساڵەکانی سەرەتادا، لەوێ کە ئێمە زۆر لە تەنگانەدا بووین، چی نەکرد؟ ئەوکاتە من ماوەیەکی زۆر نەخۆشبووم و لە جێگەدا کەوتبووم و هیچم پێ نەدەکرا، نەمدەتوانی ڕێگە لەو بگرم، ئیتر ئەو لە قاوە خانەکاندا دەستی کرد بە گۆرانی وتن و وتار خوێندنەوە کە خەڵکی پێ دەهێنایە پێکەنین؛ پاشان کتێبێکی نووسی، کە لەوکاتەوە ئەو دەیهێنێتە هەم پێکەنین و هەم گریان، هەمووی لەبەر خاتری ئەوەی منی پێ بژێنێت. نەدەبوو من ئەوەم لەبەرچاوبێ کە چۆن ئەو بە زستانان ڕەنجی دەکێشا و لە پێناوی مندا شەکەت و ماندوو دەبوو؟ نەخێر، کەشتن، من نەم دەتوانی ئەوەی پێ نەڵێم. پاشان پێم وت؛ لوونا، برۆ سەفەرکە؛ لە من مەترسە؛ من ئەوەندە سەرەڕۆنیم وەك تۆ تێگەیشتوویت. دوای ئەوە مەسەلەکەم بۆگێڕایەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەی وتی چی؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئەو پێی وابوو، کاتێك من خۆم وەك بێ تاوانێك پیشان دەدەم، بۆ ڕاستی قسەکەم، نابێ سڵ لەوە بکەمەوە کە لەگەڵ ئەودا بێم بۆ ئێرە. بەڵام نیگەران مەبە؛ لوونا باسی هیچ ناکات و منیش جارێکی تر ئاگام لە دەمی خۆم دەبێت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ باوەڕ بەوە دەکەم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ها ئەوە دەستم. ئیتر ئێمە لەوە زیاتر ناخوازین باسی ئەو داستانە کۆنەبکەین؛ وابزانم خۆشبەختانە ئەوە تەنیا هەڵەیە کە یەکێك لە ئێمە خۆی تێدا تاوانبار کردبێ. ئێستا من بەڕاستی دەمەوێ ئەو چەند ڕۆژە کەمەی لێرەم ، بەخۆشی بەسەربەرم. تۆ نازانیت پێش نیوەڕۆ ئێمە چ پیاسەیەکی خۆش وبێ وێنەمان کرد. کێ لەو باوەڕەدابوو کە ئەو کچەبچکۆلەیەی لێرە ڕای دەکرد و لەسەر شانۆ نمایشی ڕۆڵی فریشتەی دەکرد.! بەڵام تۆ پێم بڵێ، دایك وباوکی چییان لێ بەسەرهات؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئۆ، ئازیزم، من لەو دوونامەیە زیاتر کە یەکسەر دوای سەفەرکردنت بۆم نووسیت، هیچی تر نازانم تا پێت بڵێم. بەڵێ، خۆ تۆ ئەو دوونامەیەت پێگەیشت؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئا، ئا؛ من هەر دووکیانم لەلایە. کابرای سەرخۆش وازی لێ هێنا؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەوەندەی خواردەوە تا خۆی کوشت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ژنەکەش دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم ئیترمرد؟ بەڵام ڕەنگە تۆ ئەوەی توانی بێتت بەبێدەنگی بۆت کردبێت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەو نەفس بەرز بوو؛ ناپاکی لە کەس نەکردبوو، هیچی قبووڵ نەدەکرد.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەهەرحاڵ تۆ بە هێنانی دینا بۆ نێو مەڵەکەی خۆت شتێکی ڕاستت کردووە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ بێگومان وایە. لەڕاستیدا بابزانیت مارتا تەواو خەریکی ئەو مەسەلەیە بوو.

**یۆهان تۆنەسێن:**

کەواتە مارتا بووە؟ بەڵێ، مارتا ـ ڕاستە ـ مارتا ئەمڕۆ لەکوێیە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ها ئەو. ئەگەر کاری قوتابخانەکەی نەبێ، ئەوا نەخۆشیی خۆی هەیە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

کەواتە مارتا ئاگاداری ئەوی کردووە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، مارتا هەمیشە خولیایەکی تایبەتی هەبووە بە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیان بە خوێندن و پەروەردەکردنەوە هەیە. لەبەرئەوە ئیشێکی لە قوتابخانەی گشتی وەرگرتووە. ئەوەش هەڵەیەکی ناژیرانەی گەورە بوو.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، ئەو دوێنێ حاڵی زۆرخراپ دیار بوو؛ من لەوە دەترسم کە تەندروستی یارمەتی ئەو ئیشەی نەدات.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئۆ، ئەوەی پەیوەندی بە تەندروستییەوە هەیە، ئەو هەمیشە دەتوانێت بەرگەی بگرێت، بەڵام ئەوە بۆ من ناخۆشە؛ چوونکە [لای خەڵك] وا دەرەکەوێت کە من، وەك برایەك، نامەوێ یارمەتی بدەم.

**یۆهان تۆننەسێن:**

یارمەتی؟ وامدەزانی ئەو هەرچۆنێك بێ سەرمایەیەکی وای هەیە .

**کونسووڵ بێرنیك:**

فلسێکی نیە. تۆ باش دێتەوەبیرت ئەوکاتەی تۆ سەفەرت کرد، دایکم ئەوسا لە چ تەنگانەیەکدا بوو، ماوەیەك ئەو بەردەوام یارمەتی لە من وەردەگرت؛ بێگومان بۆ من دەری نەدەهێنا ئەو ماوە درێژە یارمەتی ئەو بدەم. پاشان بەشێکم لەکارگەکە هەڵگرتەوە بۆ خۆم؛ بەو جۆرەش هێشتا هەر دەری نەدەهێنا بۆیە ناچاربووم هەمووکارگەکە بخەمە سەر

خۆم، کاتێك هاتینە سەر حیساب، دەرکەوت کە دایکم هیچی بۆ نەماێنێتەوە. ئیتر پاش ماوەیەکی کەم ئەو مرد، بێگومان مارتاش بێ خایەومایە لەسەر ئەرزێکی ڕەق مایەوە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

مارتای بەسەزمان!

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەسەزمان؟ بۆچی؟ خۆ تۆ لەوباوەڕەدانیت کە من بهێڵم ئەو لە هیچی کەم بێت؟ نەخێر، بەڕاستی من دەتوانم بڵێم کە من برایەکی باشم. بێگومان ئەو لەگەڵ ئێمەدا دەژی و لەسەر مێزوخوانی ئێمەش نان دەخوا؛ بە مووچەی مامۆستایەتییەکەشی دەتوانێ دەوڵەمەندانە جڵ بپۆشێ، هەر خۆیەتی و شوی نەکردوە. لەوە زیاتر چی دەوێ؟

**یۆهان تۆننەسێن:**

هم؛ ئێمە لە ئەمەریکا ئەوها بیر ناکەینەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، زۆر چاك باوەڕ بەوەدەکەم؛ لەکۆمەڵگەیەکی گێرەشێوێنی، وەك کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا. بەڵام لێرە لەم ناوچە بچکۆلەیەی خۆماندا کە بەختەوەرانە، هەرچۆنێك بێت هەتا ئێستا گەندەڵی تێدا بڵاو نەبووەتەوە، لێرە ئافرەتان بە کارێکی شیاو و ئابڕومەندانە ڕازین. ئینجا مارتا خەتای خۆیەتی؛ ئەگەر ئەو خۆی بیویستایە دەمێك بوو خۆی خەرجی خۆی کێشابوو.

**یۆهان تۆنەسێن:**

مەبەستت ئەوەیە کە ئەو دەیتوانی شوبکا؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، دەیتوانی لە حاڵوبارێکی زۆر شیاوتردابێت؛ چەندجارێك شانسی باشی بۆ هاتە پێشەوە؛ کچێکی دەستکورت، ئیتر هەرزەکارنەبیت و تاڕادەیەك لەو ماڵەی تێیدای، هیچ نەبیت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

هیچ نەبیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێستا من هەرگیز لۆمەی ئەو ناکەم و هەرگیز ئاوەتە خوازی ئەوەنیم ئەو جۆرێکی تر بێت. تۆ ڕەنگە بزانیت، لەماڵێکی گەورەدا، وەك ئەمەی ئێمە، چاکە هەمیشە کە کەسێکی سادەی ئاوها هەبێ. کە مرۆڤ بتوانێ بەردەستی پێ بکات.

**یۆهان تۆنەسێن**: بەڵێ، بەڵام ئەو۔؟

**کونسووڵ بێرنیك**:

ئەو؟ مانای چی؟ ئا، بێگومان ڕاستە ئەو سەرگەرمی خۆی هەیە؛ ئێ ئەو من و بێتی و ئۆلاف و منی هەیە. مرۆڤ نابێت لەسەروو هەمووشتێکەوە هەر بیر لەخۆی بکاتەوە، بەتایبەتی ئافرەتان. ئێمە هەموو کۆمەڵگەیەکمان هەیە، ئێدی ئەو کۆمەڵگەیە گەورەبێ یان بچووك، پێویستە یارمەتی بدەین و ئیشی بۆبکەین. من بەشبەحاڵی خۆم ئاوهام.( ئاماژە بۆ پارێزەرکراپ دەکات، کە لەلای ڕاستەوە دێتەژوورەوە) بەڵێ، هەر ئێستا ئەمە بەڵگەیەکە بۆ قسەکەم. پێتوایە ئەمە کاری تایبەتی خودی خۆمە کە من بەشداری تێدا دەکەم؟ بە هیچ جۆرێك.

( بەپەلە ڕوودەکاتە کراپ) ئێ؟

**پارێزەرکراپ** ( لەسەرخۆ، دەستەوارەیە کاغەزی پیشان دەدات):

هەموو گرێبەستەی کڕینەکان تەواون.

**کونسووڵ بێرنیك**:

زۆرچاکە! زۆر نایابە! بەڵێ، ئێستا، ژنبرا، دەبێ تۆ بەڕاستی بۆ ماوەیەکی کورت لێم ببووریت.( بە دەنگی نزم و بە تەوقەکردنەوە) یۆهان، سوپاس، سوپاس؛ دڵنیابە لە هەموو ئەوەی من پێم بکرێت لە خزمەتتدام، ئیتر تۆ باش لێم تێ دەگەیت. وەرە، جەنابی کراپ.

( پێکەوە دەچنە ژوورەکەی کونسووڵەوە)

**یۆهان تۆنەسێن** ( ماوەیەك لەدواوە سەیریدەکا):

هم ـ ( دەیەوێ بچێتە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە. لەوکاتەدا مارتا لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە و سەبەتەیەکی بچکۆلانەشی لە قۆڵدایە.)

**یۆهان تۆنەسێن:**

نا سەیرکە، مارتا!

**مارتا:**

ئۆه ـ یۆهان ـ ئەوە تۆیت؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

تۆش هەر ئاوها زوو پەلەتە.

**مارتا:**

بەڵێ. کەمێك چاوەڕێبە؛ هەر ئێسا ئەوانی تریش دێن.

( دەیەوێ لەلای چەپەوە بچێتە دەرەوە.)

**یۆهان تۆنەسێن:**

گوێ بگرە، مارتا، ئەرێ تۆ هەمیشە ئاوها بە پەلەیت؟

**مارتا:**

من؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

دوێنێ وەکوشتێك چوویتە دەرەوە، هیچ قسەم لەگەڵدا نەکردیت، ئەمڕۆش -

**مارتا:**

بەڵێ، بەڵام -

**یۆهان تۆنەسێن:**

جاران هەمیشە پێکەوە بووین، - ئێمە دوو هاوڕێی دێرینی پێکەوە یاری کردنین.

**مارتا:**

ئاخ، یۆهان، ئەوە ساڵانێکی زۆر زۆر لەمەوبەرە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئەی خوایە، پانزەساڵ لەمەوبەرە، نەکەم نەزیاد. لەوانەیە تۆ پێتوابێت من زۆر لە خۆم گۆڕاوم؟

**مارتا:**

تۆ، ئا بەڵێ، تۆ، لەگەڵ ئەوەشدا .

**یۆهان تۆنەسێن:**

مەبەستت چییە؟

**مارتا:**

ها، مەبەستم هیچ نەبوو.

**یۆهان تۆنەسێن:**

تۆ لەوەناچێ بە دووبارە بینینەوەی من خۆشحاڵبیت.

**مارتا:**

زۆر چاوەڕێم کرد، یۆهان، - زۆر زۆر.

**یۆهان تۆنەسێن:**

چاوەڕێت کرد؟ هەتا من بێمەوە؟

**مارتا:**

بەڵێ.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بۆچی مەبەستت بوو من بێمەوە؟

**مارتا:**

تا سزای تاوانەکەت وەرگریت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

من؟

**مارتا:**

بۆ تۆ بیرت چووەتەوە کە ئافرەتێك بەهۆی تۆوە لە تەنگانەو ڕیسواییدا مرد؟ لەبیرت چووەتەوە کە بەهۆی تۆوە منداڵێك باشترین ساڵەکانی گەشەکردنی لێ تاڵبوو؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئینجا دەبێ من ئەمە لە تۆ ببیستم؟ مارتا، بۆ براکەت هەرگیز-؟

**مارتا:**

براکەم چی؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

بۆ ئەو هەرگیز؛ ئا بەڵێ، مەبەستم، بۆ ئەو هەرگیز بایی و/شەیەك پاکانەی بۆ نەکردووم؟

**مارتا:**

بەداخەوە، یۆهان، تۆ بە ڕستە سەرەکیە دژوارەکانی کە شتن ئاشنایت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

هم ، بەڵێ بێگومان، بێگومان، من ڕستە سەرەکییە سەختەکانی کەشتنی کۆنە هاوڕێم با ش دەناسمەوە. ـ بەڵام خۆ ئەمە! ئێستا. من تازە قسەم لەگەڵدا کرد، پێموایە ئەو زۆر گۆڕاوە.

**مارتا:**

چۆن ئاوها دەڵێیت؟ کەشتن هەمیشە پیاوێکی باش بووە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، مەبەست دروست بەوشێوەیە نەبوو؛ بەڵام با وا بێت. هم؛ ئێستا تێدەگەم تۆ بە چ چاوێکەوە لە منت ڕوانیوە؛ تۆ چاوەڕێی گەڕانەوەی چەواشەبووانت کردووە.

**مارتا:**

گوێبگرە، یۆهان من پێت دەڵێم بە چ چاوێکەوە من لە تۆم ڕوانیوە. ( بەپەنجە ئاماژە بۆ ناوباخچەکە دەکات) ئەو کچە دەبینیت کە لە چیمەنەکەدا لەگەڵ ئۆلافدا یاریدەکات؟ ئەوە دینایە. تۆبیرت دێتەوە ئەو نامە پەشۆکاوەی بۆت نووسیبووم ئەوکاتەی سەفەرتکرد؟ تۆ نووسیبووت کە من باوەڕت پێ بکەم. یۆهان، من باوەڕم پێ کردیت. ئەو هەموو خراپەکارییانەی کە پاشان بوونە قسەوباسی ناوخەڵك، دەبێ لە گومڕایی بوون و لە بێ بیرکردنەوەیی و لە بێ مەبەستییەوە ڕوویان دابێت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

مەبەستت چییە؟

**مارتا:**

ئۆ، تۆ باش تێم دەگەیت؛ قسەی زیاتری ناوێ. بەڵام تۆ  دیسان دەبووایە لەوێ ، ژیانێکی تازە لەسەرەتاوە دەست پێ بکەیتەوە. دەبینی، یۆهان، من لێرە جێگری تۆ بووم، من، کۆنە هاوڕێی یاری کردنت. ئەو ئەرکانەی کە تۆ لێرە بیرت نەبوون پێیان هەستی، یان نەتدەتوانی پێیان هەستی، من لەبری تۆ پێیان هەستام. من ئەمەت پێ دەڵێم، هەتا تۆ

سەرزەنشتی خۆت نەکەیت. من بووم بە دایکێك بۆ ئەو منالّە زوڵم لێ کراوە ، ئەوەندەی پێم کرابێ بەباشی پەروەردەم کردووە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ژیانی خۆت لە پێناوی ئەو مەسەلەیەدا بەفیڕۆدا.

**مارتا:**

بەفیڕۆدان نەبوو، یۆهان. بەڵام، تۆ درەنگ هاتیت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

مارتا، ئەگەر بتوانم پێت بڵێم -. ئێستا، بە لانیکەم ڕێگەم بدە تا لە وەفای هاوڕێیەتیتدا سوپاست بکەم.

**مارتا:** (بەزەردەخەنەیەکی وشکەوە) هم . بەڵێ، ئێستا ئێمە قسەمان کرد، یۆهان، بێدەنگ؛ هاتن، خوات لەگەڵ؛ ئێستا من ناتوانم.

( لەدەرگای دواوەی لایچەپەوە دەچێتە دەرەوە. لوونا لەگەڵ بێتی دا، لە باخچەکەوە دێنە ژوورەو)

**بێتی:**

(هێشتا لەنێو باخچەکەدایە) بەڵام بۆ خاتری خوا، لوونا، تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە!

**لوونا:**

دەڵێم وازم لێ بێنە؛ من هەردەبێ و پێویستە قسەی لەگەڵدا بکەم.

**بێتی:**

بەڵام ئەوە گەورەترین ئابڕووچوونە! ئۆف، یۆهان، ئەوە تۆ هێشتا هەر لێرەیت؟

**لوونا:**

برۆ دەرەوە، هەرزەکار؛ لێرە لەهەوای ئەم هۆڵەدا بەواق ورماوی مەمێنەرەوە؛ برۆ خوارەوە بۆناو باخچەکە و لەگەڵ دینا قسەبکە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، منیش ئێستا هەر بیرم لەوەدەکردەوە.

**بێتی:**

بەڵام .

**لوونا:**

گوێبگرە، یۆهان، بەڕاستی تۆ سەیری دینات کردووە؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، من چاك سەیریم کردووە.

**لوونا:**

بەڵێ، بەڕاستی تۆ دەبێ وەك خەڵاتێك سەیری ئەو بکەیت، ڕۆڵە. ئەو لایەقی تۆیە!

**بێتی:**

بەڵام، لوونا !

**یۆهان تۆنەسێن:**

لایەقی منە!

**لوونا:**

بەڵی، مەبەستم ئەوەیە برۆ، سەیریکە!

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، بەڵێ. بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وا دەڕۆم.

( دەڕواتە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە.)

**بێتی:**

لوونا، چۆن بڵێی من لە عاستی تۆدا حەپەساوم. ئەمە هەرگیزناشێ تۆ بەڕاستت بێت.

**لوونا:**

با، بە گیانی خۆم ئاوهایە. ئایا ئەوکچە ساخ و تەندروست و هەقیقی نیە؟ دروست ژنێکە شایستەی یۆهان. ئەو یەکێکی وای لەوێ پێویستە؛ ئەوە لە چاو زڕخوشکێکی پیردا شتێکی ترە.

**بێتی:**

دینا! دینا دۆرف! تۆزێ بیرکەرەوە.

**لوونا:**

من پێش هەمووشتێ بیر لە کامەرانی کوڕەکە دەکەمەوە. چوونکە من دەبێ یارمەتی بدەم؛ ئەو لەو شتانەدا گورجوگۆڵنیە؛ هەرگیز دیدگایەکی ڕاستی بۆ کچۆلە و ئافرەتان نەبووە.

**بێتی:**

ئەو؟ یۆهان! بەڕاستی وابزانم ئێمە لەوبارەیەوە بەڵگەی خەمهێنەرمان بەدەستەوەیە.

**لوونا:**

ئەو بەسەرهاتە گەوجانەیە بە دۆزەخ! کوا بێرنیك لەکوێیە؟ دەمەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم.

**بێتی:**

لوونا، دەڵێم قسەی لەگەڵدا ناکەیت!

**لوونا:**

قسەی لەگەڵدا دەکەم. کوڕەکە ئەوی بەدڵ بێ و کچەکەش ئەوی بەدڵ بێ، ئیتر دەبێ بۆ یەك بن. بێرنیك خۆی پیاوێکی ژیرە؛ ئەو دەبێ ڕێگە چارەیەك بدۆزێتەوە.

**بێتی:**

تۆ ڕەنگە بەتەما بیت ئەو نەشیاوە ئەمەریکیانە بکرێ لێرە هەڵبکرێ لە گەڵیاندا -.

**لوونا:**

قسەی هیچ، بێتی -

**بێتی:**

- پیاوێکی وەك کەشتن، بەو جۆرە بیرکردنەوە سەختەی لەبارەی ئەخلاقەوە.

**لوونا:**

دەدەی، دیارە ئەویش هێندە بێ عەقڵانە سەخت نیە.

**بێتی:**

ئەوە تۆ جەسارەتی گوتنی چی دەکەیت؟

**لوونا:**

من جەسارەت دەکەم بڵێم کە لە چاو پیاوانی تردا کەشتنیش، یەکجارهێندە بەئەخلاقترنیە.

**بێتی:**

هێشتا ئەوەندە قووڵ ئەو کینەت بەرامبەر ئەو لە دڵدا ماوە! بەڵام تۆ ئیتر چیت لێرە دەوێ که هەرگیز نەتوانیوە ئەوە لەبیر کەیت کە؟ من تێ ناگەم تۆ پاش ئەو هەست بریندارکردنە پڕ شورەییەی کە ئەوجارە بەرامبەریت کرد، چۆن زاتی ئەوە دەکەیت بێیتە بەرچاوی.

**لوونا:**

بەڵێ، بێتی، ئەوجارە من هەڵەیەکی ناقۆڵام کرد.

**بێتی:**

بەڵام ئەو چەند چوامێرانە لێت خۆش بوو، ئەو، کە هەرگیز هیچ تاوانێکی نەکرد بوو! چوونکە ئەو هیچی لەگەڵ ئەوەدا پێ نەدەکرا کە تۆ لێرە بەهیوای بوویت. بەڵام تۆ لەو کاتەوە قینیشت لە من هەڵگرتووە.( دەست دەکات بەگریان) تۆ قەت کامەرانیم پێ ڕەوا نابینیت. تۆ ئێستا هاتووی بۆئەوەی چیم هەیە هەڵی گێڕیتەوە بەسەرمدا، بۆئەوەی پیشانی شارەکەی بدەیت کە من کەشتنم هێناوەتە چ خێزانێکەوە. بەڵێ، ئەوە بەسەر مندا دەشکێتەوە، تۆش ئەوەت دەوێ. ئۆ، ئەوە شورەییە بۆ تۆ! ( بەگریانەوە لە دەرگاکەی سەرەوەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە)

**لوونا:** ( سەیری دەکات):

بێتی داماو.

( کونسووڵ بێرنیك لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە)

**کونسووڵ بێرنیك** ( هێشتا لە ناو دەرگاکەدایە):

بەڵێ، بەڵێ چاکە جەنابی کراپ؛ هەر زۆر نایابە. 400 کرۆن بنێرە بۆ نان پێدانی هەژاران. ( ئاوڕدەداتەوە) لوونا! ( نزیك دەبێتەوە) ئەوە بە تەنیایت؟ بێتی نەهاتووە؟

**لوونا:**

نەخێر، بچم بانگی کەم؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

نا، نا، نا، وازی لێ بهێنە! ئۆهـ، لوونا، تۆ نازانیت چەند بە تاسەوە بووم، بۆ ئەوەی

بەڕاشکاوانە قسەت لەگەڵدا بکەم، بە تاسەوە بووم لێت بپاڕێمەوە تا لێم ببووریت.

**لوونا:**

گوێ بگرە، کەشتن، با خۆمان ڕادەستی سۆز نەکەین؛ لێمان ناوەشێتەوە.

**کونسووڵبیرنیك:**

لوونا، تۆ پێویستە گوێم لێ بگریت. من دەزانم چۆن خۆم پیاو خراپ کرد، ئەوکاتەی تۆ

بەوەی دایکی دینات زانی. بەڵام من سوێندت بۆ دەخۆم، ئەوە تەنها گومڕاییەکی کەم وەخت

بوو؛ من بە حەقیقەت، بەڕاستی و دروستی جارێك لە جاران خۆشم دەویستیت.

**لوونا:**

تۆ پێتوایە من بۆچی گەڕاومەتەوە بۆ ئێرە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ هەرچییەکت لە مێشکدابێ، ئیتر من لێت دەپاڕێمەوە هیچ نەکەیت هەتا من بێ تاوانی

خۆم دەسەلمێنم، لوونا، من دەتوانم بێگوناحی خۆم بسەلمێنم؛ هیچ نەبێ داوای لێبووردن

بکەم.

**لوونا:**

تۆ ئێستا دەترسیت. - تۆ دەڵێیت، جارێك لە جاران خۆشت دەویستم. بەڵێ، تۆ لە

نامەکانتدا زوو زوو لەوە دڵنیات دەکردمەوە؛ دەشێ ئەوەش ڕاست بووبێ ـ بەجۆرێك، هەتا

ئەو دەمەی تۆ لە دەرەوە لە دنیایەکی گەورەو ئازاددا ژیانت بەسەردەبرد، ئەو دنیایەی کە

ئازایەتی پێ دەبەخشیت هەتا گەورە وئازادانە بیربکەیتەوە. ڕەنگە تۆ لای من تا لەچاو لای

زووربەی ئەوانی تر لێرە، کە مێك زیاترکەسێتی و ئیرادە و سەربەخۆیی خۆت دۆزیبێتەوە.

پاشان لە نێوان ئێمە هەردوکماندا نهێنیەك هەبوو؛ کەس نەبوو ئەو ئیشە خراپەی تۆی پێ

خۆش بێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

لوونا، لەگەڵ ئەوشدا چۆن دەبێ تۆ لەوباوەڕەدابیت .

**لوونا:**

بەڵام تۆ کاتێك کە گەڕایتەوە؛ کاتێك کە گوێت لەو تانەوتوانجانەبوو کە وەك تەرزە بەسەر مندا دەبارین؛ کە گوێت لە قاقای پێکەنین بوو بە وەی ئەوان ناویان نابوو ڕەفتارە گەوجانە و پڕهەڵەکانی من .

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ ئەوسا گوێت بە هیچ شتێك نەدەدا.

**لوونا:**

زیاتر بۆئەوەی ئەو[گوایە زۆر] ئابڕوومەندە کراس وپانتۆڵ لەبەرانە تووڕە بکەم، کە بەفیزەوە لە شارەکەدا دەهاتن ودەچوون. ئەوسا تۆ ئاشنایەتیت لەگەڵ ئەو خانمە ئەکتەرە دڵفڕێنەدا پەیداکرد.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەوە تەنیا لە گاڵتەیەکی پۆشتەوپەرداخ زیاتر، هیچی تر نەبوو؛ من سوێندت بۆ دەخۆم، یەك لەسەر دەی ئەو پڕوپاگەندانە و قسەوقسەڵۆکانەی بڵاوبوونەوە ڕاست نەبوون.

**لوونا:**

لە گەڵتم؛ بەڵام ئەی ئەو کاتە چی کە بێتی، شۆخ و گەشاوە گەڕایەوە بۆ ئێرە و، هەموو دەیان پەرست، - کە زانرا ئەو هەموو سەروەتەکەی پوری بە میراتی بۆ دەمێنێتەوە و من هیچم بەر ناکەوێ، .

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، لوونا، ئێستا هاتینە سەر بابەتەکە؛ ئێستا من بەبێ پێچ و پەنا بۆت باس دەکەم بەبێ. من ئەوسا بێتی م خۆش نەدەویست؛ من لە پێناو مەیل و حەزی تازەم بۆکەسانی تر، وازم لە تۆ نەهێنا. ڕاستەوخۆ ئەوە لەبەر خاتری پارە بوو؛ من ناچار بووم ئەوەبکەم؛ دەبووایە ئەو سەروەتە بۆ خۆم مسۆگەربکەم.

**لوونا:**

ئینجا تۆ هەرئاوها ڕوو بە ڕوو ئەوەم پێ دەڵێ یت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، ڕوو بە ڕوو پێت دەڵێم. گوێم لێ بگرە، لوونا.

**لوونا:**

بەڵام تۆ بۆت نووسیبووم کە دووچاری خۆشەویستیەکی جلەو نەگیراو بوویت بۆ بێتی، لە جوامێریم پاڕایتەوە، منیش سوێندم خوارد لەبەرخاتری بێتی، ئەوەی لە نێوانماندا بوو نەی درکێنم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

من دەڵێم، ناچار بووم ئەوە بکەم.

**لوونا:**

دەسا بەوخودا زیندووە، لەو ڕەفتارەی کە ئەوجارە بەرامبەرتم کرد، پەشیمان نیم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

لێم گەڕێ با ئارام و دوور لە هەست و سۆز پێت بڵێم ئەوڕۆژانە بارودۆخەکە چۆن چۆنی بوو. خۆ تۆ لەبیرتە کە دایکم ، سەرپەرشتی کارگێڕی کارگەکەی دەکرد؛ بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك لە کارگێڕی نەدەزانی. بەپەلە من لە پاریسەوە بانگ کرامەوە بۆ ئێرە؛ کاتێکی زۆرخراپ بوو؛ من دەبووایە کارگەکە هەڵسێنمەوە. بەڵام چیم بینی؟ ئەوەم بینی، کە دەبووایە زۆر بەنهێنی بمێنێتەوە، کارگەیەکی ئیفلاس کردوو، بەڵێ، ئەو کارگە کۆنەی کە بەرەی سێ نەوەبوو، زۆر چاك ئیفلاسی کردبوو. من چیم هەبوو، منی کوڕی تاقانە لەوە زیاتر کە بەدوای ئامرازێکی فریاکەوتندا بگەڕێم؟

**لوونا:**

ئینجا لەسەر حیسابی ئافرەتێك تۆ کارگەی بێرنیکت ڕزگارکرد.

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ باش دەزانیت بێتی منی خۆش دەویست.

**لوونا:**

ئەی من؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لوونا، باوەڕم پێ بکە،- تۆ لەگەڵ مندا هەرگیز بە ختەوەر نەدەبوویت.

**لوونا:**

کەوابوو تۆ لە پێناو ئاگاداری کردنی بەختەوەریمدا منت کردە قوربانی؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەوانەیە تۆ لەوباوەڕەدابیت کە من لەبەر قازانجی خۆم ئەوەم کردبێ کە کردم؟ ئەگەر ئەو کاتە من بە تەنیا بمامایەتەوە، ئەوا دەبوو من چاوقایمانە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەمەوە. بەڵام تۆ نازانیت بازرگانێك چۆن پێ دەگات، لەژێر بەرپرسیارێ تیەکی ئێجگار زۆری، ئەو دامودەزگا بازرگانییەی کە بە میراتی بۆی دەمێنێتەوە. تۆ دەزانیت کە سەدەها، بەڵێ هەزارەها خێروخۆشی پەیوەستە بەوکەسەوە؟ تۆ بەگوێرەی ئەو پێوانەیە بیر ناکەیتەوە کە ئەگەر کارگەی بێرنیك سەرەونگوم بووایە، ئەوا کاری دەکردە سەر تەواوی ئەو کۆمەڵگەیەی کە من و تۆ بە نیشتیمان ناوی دەبەین؟

**لوونا:**

ئایا لەبەر خاتری کۆمەڵگەیە کە تۆ بەدرێژایی ئەم پانزەساڵە لە درۆدا دەژیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لە درۆدا؟

**لوونا:**

بێتی چی لە بارەی ئەو هەموو پێش هات و مەرامە ژێربەژێرانەوە دەزانێ کە لە پەیوەندییەکەتاندا هەیە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ لەوباوەڕەدای من بخوازم بێ هیچ سوودێك ئەو برینداربکەم، بەوەی ئەو شتانەی بۆ دەرخەم؟

**لوونا:**

گوتت، بێ هیچ سوودێك؟ بەڵێ، بەڵێ، تۆ بازرگانیت؛ تۆ دەبێ لە شتە سوودمەندەکان تێ بگەیت.  بەڵام کەشتن گوێ بگرە، منیش ئێستا دەمەوێ بێ پێچ وپەنا قسەبکەم. پێم بڵێ، ئایا تۆ بەڕاستی بەختەوەریت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

مەبەستت، لە خێزانەکەمدا؟

**loona:**

بەڵێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ بەختەوەرم، لوونا.  تۆ بۆ من هاوڕێیەکی قوربانیدەری بێهوودە نەبوویت. من دەتوانم بڵێم ساڵ لەدوای ساڵ بەختەوەرتریش بووم. بێتی هەم باشەو هەم گوێڕایەڵە. ئەو بە تێپەڕبوونی ساڵ فێربووە چۆن سروشتی خۆی لەگەڵ تایبەتیەکانی مندا بگونجێنێ.

**لوونا:**

هم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەو لەپێشدا وێنەیەکی تەواو نا واقیعیانەی لەبارەی خۆشەویستیەوە هەبوو؛ نەی دەتوانی خۆی لەگەڵ ئەو بیرەدا تەباکات کە خۆشەویستی وورده وورده دەگۆڕدرێ بۆ هاوڕییەتی پتەو و ئارام.

**لوونا:**

بەڵام ئەی ئیستا ئەو خۆی لەگەڵ ئەو بیرەدا گونجاندووە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

تەواو خۆی گونجاندووە. بابزانی ڕۆتینی ڕۆژانەی ئەو لەگەڵ مندا بێ کارێگەریەکی پێگەیشتوانە نەبووە لەسەری. مرۆڤەکان پێویستە لەیەکترییەوە فێری چۆنێتی کەم کردنەوەی داخوازییەکانیان بن، ئەگەر بخوازن پێداویستییەکانی خۆیان لەو کۆمەڵگەیەدا بەدیبهێنن کە

تێیدا دەژین. بێتیش بەرەبەرە فێری ئەوە بووە کە درك بەو شتانە بکا، بۆیە ئێستا ماڵەکەمان وەك نموونەیەکە بۆ هاووڵاتیانمان.

**لوونا:**

بەڵام ئەو هاووڵاتیانە لەبارەی ئەو درۆیەوە هیچ نازانن؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەبارەی ئەو درۆیەوە؟

**لوونا:**

بەڵێ، لەبارەی ئەو درۆیەوەی کە تۆ پانزەساڵە تییدا دەژیت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ بەوە دەڵێی .؟

**لوونا:**

من بەوە دەڵێم درۆ. درۆی سێ کەرەتی. درۆی یەکەمیان لەگەڵ من؛ پاشان درۆ لەگەڵ بێتی؛ ئینجا لەگەڵ یۆهان.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هەرگیز بێتی داوای ئەوەی نەکردووە کە من ڕاستی بدرکێنم.

**لوونا:**

لەبەر ئەوەی ئەو هیچ نازانێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆش داوای ئەوە ناکەیت؛ لەبەرخاتری ئەو تۆ ناتەوێ ئەوە بکەیت.

**لوونا:**

ئۆ نەخێر، من دەبووایە بمزانیایە کە دەبێ بەرگەی ئەوگوللەی قاقای پێکەنینانە بگرم؛ من پشتێکی پانم هەیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

یۆهانیش نایەوێ داوای ئەوە بکات؛ ئەو ئەوەی پێ گوتووم.

**لوونا:**

بەڵام کەشتی ئەی تۆ خۆت؟ ئایا هیچ شتێك لە ناختتدا داوای ئەوەت لێ ناکات لەو درۆیە بێیتە دەرەوە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

من بمەوێ بەرەزامەندی خۆم کامەرانی خێزانەکەم و پلەو پایەم لە ناو کۆمەڵگەدا بکەم بە قوربانی!

**لوونا:**

تۆ چ مافێکت هەیە لەو جێگەیەدابیت کە تێیدایت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەماوەی ئەم پانزەساڵەدا من ڕۆژانە هەموو ڕۆژێك کەمێك مافم بەدەست هێناوە – لە ڕێگەی ڕەفتارەکانم و، ئەوەی کارم تێدا کردووە و پێشم خستووە.

**لوونا:**

بەڵێ. تۆ کارت زۆرکردووە و زۆریشت پێش خستووە، هەم بۆ خودی خۆت و هەم بۆ خەڵکی تر، تۆ بەدەسەڵاتدارترین و دەوڵەمەندترین پیاوی شارەکەیت؛ لەژێر ویستی تۆدا هەموو ئەوانی تر لەملکەچکردن بەولاوە زاتی هیچی تریان نیە، چوونکە تۆ وەك کەسێکی بێ پەڵە و بێ کەموکوڕی تەماشا دەکرێیت؛ ماڵەکەت بە ماڵێکی نموونەیی دادەنرێت، هەڵسوکەوتت بە هەڵسوکەوتێکی نموونەیی. بەڵام هەموو ئەم شکۆیە، بە تۆ خۆشتەوە لەسەر زەلکاوێکی ناجێگیرولەنگ وەستاوە. ساتێك دێ، وشەیەك دەوترێ، کە هەم تۆ و هەم تەواوی شکۆمەندیت پێکەوە سەرەونگوم دەبن، ئەگەر تۆ لەکاتی خۆیدا فریای خۆت نەکەویت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

لوونا، - تۆ چیت لێرە دەوێ؟

**لوونا:**

کەشتی، دەمەوێ یارمەتیت بدەم بۆ گەیشتن بەکەنارێکی جێگیر.

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆڵە! تۆ دەتەوێ تۆڵەی خۆتبکەیتەوە؟ من هەستم بەوە کردبوو، بەڵام تۆ لەوەدا سەرکەوتوونابیت! لێرەدا تەنیا یەکێك دەسەڵاتی قسەکردنی هەیە، ئەو کەسەش قسەناکات.

**لوونا:**

یۆهان؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، یۆهان. هەر کەسێکی تر بیەوێ تاوانبارم بکات، ئەوا من نکوڵی لێ دەکەم. ئەوەی بیەوێ لەناوم ببات، ئەوا من شەڕی مانونەمانی لەگەڵ دەکەم. بەڵام من پێم گوتیت، تۆ هەرگیز لەوەدا سەرکەوت و نابیت! ئەو کەسەی کە دەتوانێ تاوانبارم بکات، ئەو هیچ ناڵێ و دووبارە دەگەڕێتەوە.

( بازرگان ڕوومێل و بازرگان ڤیگەلاند لەلای ڕاستەوە دێن)

**بازرگان ڕوومێل:**

ڕۆژباش، ڕۆژباش، بێرنیکی ئازیز؛ پێویستە لەگەڵماندا بێیت بۆ یانەی بازرگانی؛ چوونکە هەروەك دەزانیت، کۆبونەوەمان هەیە لەسەر مەسەلەی ئێستگەی هێڵی شەمەندەفەرەکە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

مەحاڵە، ئێستا ناتوانم.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

جەنابی کونسووڵ پێویستە .

**بازرگان ڕوومێل:**

بێرنیك، تۆ پێویستە بێیت. خەڵکانێك لەوێ هەن کە دژی ئێمە کاردەکەن. سەرنووسەر هامەر و ئەوانی تر، کە پارێزگاری لە هێڵی کەنارەکان دەکەن، دەڵێن گوایە بەرژەوەندی تایبەتی لە پشتی ئەو پرۆژە نوێیەوە هەیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێستا، بۆیان ڕوون بکەنەوە کە .

**بازرگان ڤیگەلاند:**

جەنابی کونسووڵ، ئێمە هەرچۆنێك بۆیان ڕوونبکەینەوە سوودی نیە .

**بازرگان ڕوومێل:**

نەخێر، نەخێر، تۆ خۆت پێویستە بێیت؛ بێگومان ئەوسا کەس ناوێرێ ئەو جۆرە گومانانە لە تۆ بکات.

**لوونا:**

نەخێر، منیش لەو باوەڕەدام.

**کونسووڵ بێرنیك:**

من دەڵێم، ناتوانم؛ نەخۆشم؛ یان بەهەرحاڵ، چاوەڕێ بکەن، لێم گەڕێن باخۆم کۆکەمەوە.

( مامۆستا ڕۆرلوند لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ببورە، جەنابی کونسووڵ؛ ئێوە من بەم پەشێوییە زۆرەوە دەبینن ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ، گیروگرفتان چییە؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

پێویستە پرسیارێکتان لێ بکەم، جەنابی کونسووڵ. ئایا ئەوە بە ڕەزامەندی جەنابتانە، ئەو کچە گەنجەی، پەنایهێناوەتە ژێر سایەیی جەنابتان، لە شەقامە گشتییەکاندا خۆی پیشان بدا، لەگەڵ مرۆڤێکی وەك ـ

**لوونا:** لەگەڵ چ مرۆڤێکدا، جەنابی قەشە؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

لەگەڵ مرۆڤێکدا، کە لەنێو هەموو مرۆڤەکانی دنیادا، پێویستە ئەو کچە تەنیا لەو دوورخرێتەوە.

**لوونا:**

ئەها!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئایا ئەوە بەرژەوەندی ئێوەیە، جەنابی کونسووڵ؟

**کونسووڵ بێرنیك** ( بەدوای شەپقەودەستکێشەکانیدا دەگەڕێت):

من هیچ نازانم، ببورە؛ پەلەمە؛ پێویستە بچم بۆ یانەی بازرگانان.

**هیلمار تۆنەسێن** ( لەباخچەکەوە دێ و بەرەولای دەرگاکەی سەرەوە بۆلای چەپ دەڕوا):

بێتی. بێتی، گوێ بگرە!

**بێتی:**

چییە؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

برۆ خوارەوە بۆ ناوباخەکە و کۆتایی بەو قسە بێمانایانە بهێنە، کە کەسێکی دیاری کراو لەگەڵ دینا دۆرف دا دەیکات. تاڕادەیەك من هەر پەشۆکام کە گوێم لێ بوو.

**لوونا:**

ئەوها؟ بۆ ئەو کەسە چی گوت؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئۆ، هیچ بێجگەلەوەی کە ئەو کەسە دەخوازێ دینا لەگەڵیدا بچێ بۆ ئەمەریکا، ئاخ!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

چۆن شتی وا دەبێ!

**بێتی:**

دەڵێی چی!

**لوونا:**

بەڵام ئەوە شتێکی زۆر نایاب دەبێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

مەحاڵە! تۆ بە هەڵە گوێت لێ بووە.

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئێ لە خۆی بپرسە. ئەوا هەردوکیان هاتن، بەڵام با من نەکەومە ناو ناوانەوە.

**كونسووڵ بێرنیك** ( ڕوودەکاتە ڕوومێل و ڤیگەلاند):

من دوایی دێم، پاش کەمێکی تر.

( بازرگان ڕوومێل و بازرگان ڤیگەلاند لەلای ڕاستەوە دەڕۆنە دەرەوە. یۆهان تۆنەسێن و دینا لە باخچەکەوە دێنە ژوورەوە.)

**یۆهان تۆنەسێن:**

هوورا، لوونا، دیناش لەگەڵماندا دێ!

**بێتی:**

بەڵام، یۆهان، چەواشە!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئایا ئەمە ڕاستییە! ئابڕوچوونێکی وەها ئاست بەرز! بە چ هونەرێکی فریودان تۆ.؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

هێواش، هێواش، پیاو؛ ئەوە دەڵێن چی؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

دینا؛ ئایا ئائەمە کردەوەی ئێوەیە، ئایا ئەمە تەواو بڕیاری سەربەخۆی ئێوەیە، وەڵامم بدەرەوە؟

**دینا:**

من پێویستە لێرە دووركەومەوە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵام لەگەڵ ئەو کەسەدا، لەگەڵ ئەودا!

**دینا:**

یەکێکی کەم پێ بڵێ لێرە کە ئەو غیرەتەی تێدابێ و لەگەڵ خۆیدا بمبات.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

باشە، کەواتە ئێستا پێویستە ئێوە بزانن ئەمە کێ یە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بێدەنگ بە!

**كونسووڵ بێرنیك:**

یەك وشەی زیاتر ناوترێ!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

کەوابوو من خراپ خزمەتی ئەم کۆمەڵگەیەم کردووە، ئەگەر پاسەوانیکردنی ئاکارودابونەریت لە ئەستۆی مندابێت و منیش بەرگری لەم کچە گەنجە نەکەم، کە لە پەروەردەکردنیدا ڕۆڵێکی گرنگم هەبووە و، کە بۆ من .

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئاگاداری خۆتانبن بزانن چی دەکەن!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئەو پێویستە بیزانێ! دینا، ئا ئەم پیاوە هۆکاری بەدبەختی و ئابرِوچوونی دایکی ئێوە بوو.

**كونسووڵ بێرنیك:**

جەنابی مامۆستا .!

**دینا:**

ئەو! ( ڕوودەکاتە یۆهان تۆنەسێن) ئەوە ڕاستە؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

کەشتن، وەڵام بدەرەوە.

**كونسووڵ بێرنیك:**

یەك وشەی زیاتر نا گوترێ! ئەمرۆ لێرە هیچ نا گوترێ.

**دینا:**

کەواتە  ڕاستە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ڕاستە، ڕاستە. نەك هەر ئەوە. بەڵكو ئائەم بەشەرە، كە لەلای ئێوە بەنرخە، بەدەستی بەتاڵ لەماڵەوە هەڵ نەهات؛ـ قاسەكەی بێرنیكی بێوە ژنیشی ؛ ئەوە كونسووڵ دەتوانێ شایەتی ئەوە بدات!

**لوون:**

بوختانە!

**كونسووڵ بێرنیك:**

ئاخ !

**بێتی:**

خوایە هاوار، خوایە هاوار!

**یۆهان تۆنەسێن** ( دەستی بەرز دەكاتەوەو بەرەو ڕووی مامۆستا دەچێ):

تۆ چۆن زاتی ئەوە دەكەیت ـ!

**loona**

**لوونا** ( بەناوبڕیكردنەوە):

یۆهان نەكەی لێی بدەیت!

مامۆستا ڕۆرلوند:

با، لێشم بدەن. بەڵام ڕاستی هەر دەردەكەوێ؛ ئەوە حەقیقەتە؛ كونسووڵ بێرنیك خۆی ئەوەی گوت و هەموو شارەكەش ئەوە دەزانن. دینا، ئێستا، ئێوە ئەوتان بۆ دەركەوت.

( بێدەنگییەكی كورت)

**یۆهان تۆنەسێن** ( لەسەرخۆ، قۆڵی كونسووڵ بێرنیك دەگرێ):

كەشتن، كەشتن، چیت كردووە!

**بێتی** ( بەنزمی و بەدەم گریانەوە):

ئۆی، كەشتن، من چۆن تۆم ئەوها خستووەتە ناو ئەم هەموو ڕیسواییەوە.

**بازرگان ساندستاد** ( بەپڕتاو دەرگاكەی لای ڕاست دەكاتەوە و بێ ئەوەی دەسكی دەرگاكە بەردا هاواردەكا):

جەنابی کونسووڵ، ئێوە پێویستە هەر ئێستا بێن! تەواوی مەسەلەی ئیستگەی

شەمەندەفەرەکە بەداوێکی بارێکەوە هەڵواسراوە.

**کونسووڵ بێرنیک** ( هۆشی لەلای خۆینیە):

ئەوە چییە؟ من چی بکەم ؟

**لوونا** ( بە جیددی و بە دەنگی بەرز):

زاوا، تۆ بچۆ یارمەتی کۆمەڵگە بدە.

**بازرگان ساندستاد:**

بەڵێ وەرە، وەرە؛ ئێمە پێویستمان بە تەواوی قورسای ئەخلاقی جەنبتان هەیە.

**یۆهان تۆنەسێن** ( لەنزیکییەوە):

بێرنیک، ئێمە بەیانی هەردووکمان قسەدەکەین.

( یۆهان لە باخچەکەوە دەچێتە دەرێ؛ کونسووڵ بێرنیک وەك بەبێ ئیرادەی خۆی برِوا ئاوها لەگەڵ ساندستادا لەلای

ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە).

## بەشی سێهەم

(لە هۆڵی سەرباخچەکە ی ماڵی کونسووڵ بێرنیك دا)

(کونسووڵ بێرنیك، حەیزەرانێکی بەدەستەوەیە و زۆر بەتووڕەییەوە  لەژوورەکەی لای چەپەوە دێتەدەرەوە و دەرگای ژوورەکە بەنیوەکراوەیی لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێ)

**کونسووڵ بێرنیك:**

ببینە؛ ئەوا بۆتەنها جارێك بووبەڕاست؛ من بزانم ئەو ئیتر ئەو شەپازلەیەی لەبیرناچێتەوە.( بە کەسێك دەڵێ کە لە ژوورەوەیە) چی دەڵێیت؟- منیش دەڵێم تۆ دایکێکی دەبەنگی! تۆ پاکانەی بۆ دەکەی، پشتیوانی هەموو کارێکی چەقاوەسووانەی دەکەیت. - چەقاوەسوو نیە؟ ئەی تۆ ناوی دەنێی چی؟ بەشەو بەدزییەوە لەماڵ دەچێتەدەرەوە، بەبەلەمی ماسیگرتن دەڕواتە ناودەریاوە، هەتابەیانی نایەتەوە و من دووچاری ترسێکی کوشندە دەکات، من، کە شتی ترم زۆر زۆرە بیری لێ بکەمەوە. سەرباشقەی ئەوەش ئەو خوێڕییە جەسارەتی ئەوە دەکا، کە هەڕەشەی لەماڵەوە هەڵهاتن بکا! بەڵێ، وازی لێ بێنە با ئەو ئەوە تاقی بکاتەوە! تۆ؟ نەخێر، چاك باوەڕت پێ دەکەم؛ تۆ زۆر بەتەنگ  خێرو خۆشی ئەوەوە نایەی. من باش دەزانم ، ئەگەر بشمرێ! ئیتر؟ بەڵێ، من کارێکم هەیە کەپاش خۆم لەم دنیایەدا بەجێی دەهێڵم؛ من شایانی ئەوە نیم منداڵم لەدەست بچێ. بێ هیچ پێداگرتنێك ، بێتی؛ هەر ئەوەیە کە من گووتومە؛ ئەو لەماڵەوە دەستبەسەرە- ( گوێ دەگرێ.) هیش؛ با کەس شك بەهیچ نەکا.

(پارێزەر کراپ لەلای راستەوە دێتە ژووری.)

**پارێزەر کراپ:**

جەنابی کونسووڵ، کەمێك بوارتان هەیە؟

**کونسووڵ بێرنیك** ( حەیزرانەکە فڕێ دەدات):

بەڵێ، بەڵێ. لە ورشەکەوە دێن؟

**پارێزەر کراپ:** ڕاستەو خۆ لەوێوە. هم .

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێ؟ خۆ < لقە دارخورما> هیچ گرفتێکی نیە؟

**پارێزەر کراپ:**

< لقە دارخورما> سبەینێ دەتوانێ بەڕێکەوێ

بەڵام .

**کونسووڵ بێرنیك:**

<کچی هیندی سوور> یش هەمان شت؟ من لەو باوەڕەدا نەبووم کە ئەو کەللە ڕەقە -

**پارێزەر کراپ:**

هەروەها سبەینێ <کچی هیندی سوور> یش دەتوانێ بەڕێکەوێ؛ بەڵام ئاشکرایە کە ناگاتە شوێنی خۆی.

**کونسووڵ بێرنیك:**

مەبەستان چیە؟

**پارێزەر کراپ:**

ببورە، جەنابی کونسووڵ؛ ئەو دەرگایە کراوەتەوە و وابزانم یەکێك لەوێ لە ژوورەوەیە -

**کونسووڵ بێرنیك** (دەرگاکە دادەخات):

ئەها ئەهـ. بەڵام ئەوە چیە کە کەس نابێ گوێی لێبێ؟

**پارێزەر کراپ:**

. ئەوەیە کە بەلەم ساز ئەونا تەواو وای لەخەیاڵدایە کاری بکا کە <کچی هیندی سوور >بە خەڵك و بارەوە ژێر ئاو کەوێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

خوا خۆی ڕەحم کا، چۆن شتی وا دەڵێن -؟

**پارێزەر کراپ:**

ناتوانم ئەوە بە شێوەیەکی تر ڕوون بکەمەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هەوڵدە، بە چەند وشەیەکی کەم بۆم باسکە -.

**پارێزەر کراپ:**

هەوڵدەدەم. ئێوە خۆتان دەزانن، لەوەتەی ئێمە ئەو ئامێرە تازانە و ئەو کرێکارە نائاساییە تازانەمان بۆ هاتووە، کارەکان لە ورشە چەند هێواش بە ڕێوە دەچن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ.

**پارێزەر کراپ:**

بەڵام ئەم بەیانیە، کە چووم بۆ ئەوێ، سەیرم کرد کە چاکردنەوەی بەلەمە ئەمەریکیە گەورەکە، زۆر سەرسوڕهێنەرانە پێشکەوتووە؛ ئەو پارچە پینەگەورانەی بنەکەی، ئێوە دەزانن، شوێنە قەوسە ڕزیوەکان .

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ، ئەوە چی؟

**پارێزەر کراپ:**

بەڕواڵەت، تەواوی چاککرابوون؛ بەشی سەرەوەی؛ تاڕادەیەك وەك تازە دیاربوو؛

گوێم لێ بوو کە ئەونا خۆی هەموو شەوەکە لەبەر مۆم لەوێ ئیشی کردبوو.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ، دوای ئەوە؟

**پارێزەر کراپ:**

کە چووم؛ کرێکارەکان پشوی نان خواردنی بەیانیان هەبوو، فرسەتێکم دۆزییەوە کەس نەم بینێ تا لە هەردوو لاوە هەم لە دەرەوەو وە هەم لەناوەوە سەیری بکەم؛ چوونە بۆ ناو ئەو پاپۆڕە بارکراوە زەحمەت بوو؛ بەڵام ناوی خوام لێ هانی.

جەنابی کونسووڵ، کارەکە فڕوفێڵی تێدا کراوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

جانابی کراپ، من باوەڕتان پێ ناکەم. ناتوانم ، باوەڕ ناکەم کە ئەونا بەو شێوەیە بێت.

**پارێزەر کراپ:**

گوتنی ئەم شتە ئازارم دەدا، بەڵام ئەمە ڕاستیەکی بێ خەوشە. دەڵێم، فڕوفێڵی تێداکراوە. ئەوەندەی من بزانم هیچ داری بلۆکی تازەی بۆ دانەنراوە؛ تەنیا [دارە کۆنەکان] خزێنراونەتە پاڵ یەك، هەر ئیش بڕوا و، بە لەوح و چادر و ئەو جۆرە شتانە داپۆشراون. پوخت فڕوفێڵ وساختەیە! < کچی هیندی سوور> هەرگیز ناگاتە نیۆرك؛ وەك مەنجەڵی کون بن ئاو دەکەوێ.

**کونسوڵ بێرنیك:**

ئائەمە زۆر سامناکە! بەڵام بە باوەڕی ئێوە ئەو لەوەدا چ مەبەستێکی هەیە ؟

**پارێزەر کراپ:**

ڕەنگە بیەوێ ئامێرەکان بەدناوکا؛ بیەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە؛ بیەوەێ دووبارە ژمارەی کرێکارەکان بگەڕێتەوە بۆ دۆخە کۆنەکەی جارانی.

**کونسووڵ بێرنیك:**

پاشان ئەو لەوانەیە ژیانی ئەو خەڵکە زۆرە هەموویان بکاتە قوربانی.

**پارێزەر کراپ:**

ئەو خۆی تازە وتی: مرۆڤ لە ناو کەشتی < کچی هیندی سوور>دا بوونی نیە، دڕندە نەبێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

باشە، باشە، تۆ واز لەوە بێنە؛ بەڵام ئەی ئەو بیر لەو سەرمایە گەورەیە ناکاتەوە کە بەخەسار دەچێ؟

**پارێزەر کراپ:**

جەنابی کونسووڵ، ئەونا حەزی بەو سەرمایە گەورەیە نییە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ڕاستە؛ ئەو کەسێکی دنەدەرو و ئاژاوە گێڕە؛ بەڵام مامەڵە کردنێکی هێندە بێ ویژدانانە . .

گوێ بگرە، جەنابی کراپ؛ پێویستە ئەم مەسەلەیە بە ووردی پشکنینی بۆ بکرێ. لەم بارەیەوە نابێ بەکەس بگوترێ.

ئەگەر خەڵك بەوە بزانن ، ورشەی بەلەم سازییەکەمان بەدناو دەبێت.

**پارێزەر کراپ:**

دیارە، بەڵام .

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەکاتی پشووی نانخواردنی ئێوارەدا دەبێ دووبارە بڕۆنەوە بۆ ئەوێ و سەیرکەن؛ من دەبێ تەواو لەوە دڵنیابم.

**پارێزەر کراپ:**

دڵنیات دەکەمەوە، جەنابی کونسوڵ؛ بەڵام بمبوورە، ئێوە پاشان دەتانەوێ چی بکەن؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بێگومان مەسەلەکە بە پۆلیس رادەگەیەنین. ئێمە ناتوانین خۆمان بکەینە هاوبەشی تاوانێکی ڕاستەو خۆ.

من دەبێ ویژدانی خۆم بارگران نەکەم. هەروەها ئەوە بەتەواوی کاریگەرییەکی باشی دەبێت هەم لە ڕاگەیاندندا وە هەم لە نێو کۆمەڵگەدا کاتێك دەبینن کە من هەموو بەرژەوەندی شەخسی خۆم دەخەمە لاوە و ڕێگە بە دادپەروەری دەدەم ڕێڕەوی خۆی بگرێ.

**پارێزەر کراپ:**

زۆر ڕاستە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵام پێش هەموو شتێك دڵنیابوونی تەواو و بێدەنگی هەتا ـ

**پارێزەر کراپ:** بێ قسە، جەنابی کونسووڵ؛ لەوبارەیەوە دڵنیابن.( پارێزەرکراپ لەباخچەکەوە دڕواتە دەرەوە وە بە شەقامەکەدا بەرەوخوار دەبێتەوە.)

**کونسووڵ بێرنیك** ( بەدەنگێکی کەمێك بەرز):

سەیرە! بەڵام نەء، شتی وا نابێ، ناچێتە عەقڵەوە!

( لەوکاتەی ئەو دەیەوێ بچێتە ژوورەکەی خۆی ، هیلمارتۆنەسێن لەلای ڕاستەوە دێتەژوورەوە)

**هیلمارتۆنەسێن:**

ڕۆژباش، بێرنیك! پیرۆزبایی سەرکەوتنەکەی دوێنێی یانەی بازرگانیت لێدەکەم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئۆ سوپاس.

**هیلمارتۆنەسێن:**

وەك دەبیستم، سەرکەوتنێکی نایاب بووە، سەرکەوتنی هۆشی هاووڵاتیی ژێر بەسەر بەرژەوەند پەرستی و پێش داوەریدا-، زیاتر وەك هێرشی فەڕەنسیەکان بۆسەر خێڵەکان[9]. سەیرە کە دوای ئەو پێشهاتە ناخۆشانەی ئێرە تۆ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ، هەر لێی گەڕێ.

**هیلمار تۆنەسێن:**

[9] مەبەستی هیلمار تۆنەسێن هێرشی ئەو کاتەی سەربازی فەڕەنسایە بۆ سەر خێڵە کۆچەرەکانی جەزائیر. وەگێڕ.

بەڵام هێشتا جەنگی سەرەکی دەستی پێ نەکردووە.

**کونسووڵ بێرنیك**:

مەبەستت، لە مەسەلەی ئیستگەی شەمەندەفەرەکەیە؟

**هیلمارتۆنەسێن**:

بەڵێ، تۆ باش دەزانی هامەری سەرنووسەر چی پێکەوە دەهۆنێتەوە؟

**کونسووڵ بێرنیك** (بەگرژییەوە):

نەخێر. چی دەهۆنێتەوە؟

**هیلمار تۆنەسن**: هامەر هەروا ئاسان دەستبەرداری ئەوپروپاگەندانە نابێ کە لەئارادان، دەیەوێ لە ڕۆژنامەدا لەسەریان بنووسێ.

**کونسووڵ بێرنیك**:

چ پروپاگەندەیەك؟

**هیلمارتۆنەسێن**:

بێگومان پڕوپاگەندە دەربارەی کڕینی موڵکە گەورەکانی ئەملاولای قەراخ ڕێگاکەو.

**کونسووڵ بێرنیك**:

ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ بۆ لێرە پروپاگەندەی وا بڵاوە؟

**هیلمارتۆنەسێن**:

بەڵێ، لەهەموو شارەکەدا. من، کە چووم سەرێکم لە یانەدا گوێم لێ بوو. یەکێك لە پارێزەرەکانمان زۆر بە بێدەنگی بە بریکاری تەواوی موڵکەکانی دارستانەکان، کانی کانزاکان و تاڤگەکانی کڕیوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەی لەوێ نەیانگو بۆ کێ؟

**هیلمار تۆنەسێن**:

لەیانە خەڵك پێیان وابوو کە دەبێ بۆ کۆمپانیایەکی بیانی بێت کە بەم زووانە پێیان گەیشتۆتەوە تۆ بەتەمای چیت، بۆیە بەپەلە هاتوون پێش ئەوەی نرخی موڵك بەرزبێتەوە . . ئاخر ئەوە سوکایەتی نیە . ئاخ!

**کونسووڵ بێرنیك:**

سوکایەتی؟

**هیلمارتۆنەسێن:** بەڵێ، چۆن خەڵکی بێگانە بەوجۆرە بێنە ناو خاکمانەوە. یەکێك لە پارێزەرانی شارەکە بەو شێوەیە خۆی بدا بە دەستەوە! ئێستا ئیتر وای لێ دێ کە قازانجەکە بۆ خەڵکە بیانییەکە بێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵام خۆ ئەوە ئیتر تەنیا پڕوپاگەندەیەکی بێ بنەمایە.

**هیلمارتۆنەسێن:**

بەشێوەیەکی کاتی وا باوەڕدەکرێ، بێگومان بەیانی یان دووبەیانی سەرنووسەر هامەر وەك ڕاستییەك دەی خاتە ڕوو. لەیانە هەر لەئێستاوە بەگشتی تووڕە بوون. گوێم لە چەند کەسێکیان بوو دەیان گوت، ئەگەر ئەو پڕوپاگەندەیە ڕاست بێ، ئەوا ناوی خۆیان لە لیستەکەدا دەکوژێننەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

مەحاڵە!

**هیلمارتۆنەسێن:**

ئێ؟ بۆ تۆ پێت وایە ئەوبازرگانە رووح چروکانە لەبەرچی هێندە بەتەنگەوە بوون بەشداری پڕۆژەکەت بکەن؟ لەوباوەڕەدا نیت ئەوان خۆیان مەڵاس دابێ بۆ ئەوەی . ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەڵێم، مەحاڵە؛ هەتا هاوڵاتی هۆشدار لێرە لەم کۆمەڵگە بچکۆلەیەی ئێمەدا بوونی هەبێ .

**هیلمار تۆنەسێن:**

لێرە؟ بەڵێ، تۆ زۆر گەش بینی، تۆ لە حوکمدان بەسەر ئەوانی تردا لە خۆتەوە دەڕوانیت. بەڵام من، کە تارادەیەك چاودێرێکی بەئەزموونم . یەکێك نیە لێرە، ئا بێگومان بێجگە لە خۆمان، یەکێك نیە، کە ئاڵای بیروهۆش بەرز کردبێتەوە. ( تەماشای دواوە دەکات) ئاخ، ئەوەتان!

**کونسووڵ بێرنیك:**

کێ؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئەو دووئەمەریکییە ( سەیری لای ڕاست دەکات) ئەوە کێ یە لەگەڵیاندا؟ ئا، توخوا، ئەوە کاپتنی پاپۆڕەکەی < کچی هیندی سوور> نیە. ئاخ، ئاخ!

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەبێ چیان لێی بوێ؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

ئێ، بەڕاستی تاقمێکی گونجاون. ئەویان دەبووایە کۆیلە فرۆش یان دزی دەریابووایە؛ کێ دەزانێ ئەوانی تریش، ئەو هەموو ساڵە خەریکی چی بوون.

**کونسووڵ بێرنیك:**

با پێت بڵێم، تابڵێی نادروستە بەو شێوەیە بیریان لێ بکەیتەوە.

**هیلمار تۆنەسێن:**

بەڵێ، تۆ گەش بینیت. بەڵام بێگومان ئێستا ئەوان دووبارە پێمانەوە دەلکێن؛ لەبەر ئەوە من دەمەوێ تا زووە . (بەرەو دەرگاکەی لای چەپ دەڕوات)

( لوونا لەلای راستەوە دێتەژوورەوە)

**لوونا:**

ها، هیلمار، ئەوە من بوومە هۆی ئەوەی تۆ وا بەپەلە ئێرە بەجێ بهێڵیت؟

**هیلمار تۆنەسێن:**

نا هەرگیز، من پەلەمە؛ دەمەوێ کەمێك لەگەڵ بێتی دا قسەبکەم. (دەڕواتە ژوورەکەی دواوەی لای چەپ)

**کونسووڵ بێرنیك** ( پاش بێدەنگیەکی کورت):

ها، لوونا؟

**لوونا:**

بەڵێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەمرۆ چۆن دێمە بەر چاوت؟

**لوونا:**

وەکو دوێنێ. درۆیەك کەم یان زیاد.

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ دەبێ ئەمەت بۆ ڕوون بێتەوە. کوا ئەوە یۆهان چی لێ هات؟

**لوونا:**

ئەویش دێ؛ لە گەڵ پیاوێکدا هەندێ قسەی هەبوو بیکات.

**کونسووڵ بێرنیك:** .

بە گوێرەی ئەوەی کە تۆ دوێنێ گوێت لێ بوو، تێ دەگەی ئێستا کە ئەگەر بێ توو .أ

حەقیقەت ئاشکرا بێ، تەواوی بوونی من هەرەس دەهێنێ.

**لوونا:**

من لەوە تێ دەگەم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بێگومان ئاشکرایە لەو تاوانەی کە لێرە پڕوپاگەندەی لەبارەوە بڵاو بووە، من خۆم تاوانبار

نەکرد.

لوونا: ئەوە ئاشکرایە، بەڵام ئەی دزەکە کێ بوو؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

کەس دز نە بوو، هیچ پارەیەك نەدزرابوو؛ یەك فلس نەبرابوو.

**لوونا:**

چۆن؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

من دەڵێم، یەك فلس.

**لوونا:**

ئەی پڕوپاگەندەکە؟ چۆن چۆنی ئەو پڕوپاگەندە ئابڕوتکێنە بڵاوبۆوە کە یۆهان . ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لوونا، پێم وایە من جگە لەتۆ لەگەڵ کەسی تردا ناتوانم قسەبکەم؛ نامەوێ هیچت لێ بشارمەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیە دەستی منیشی تێدا بوو.

**لوونا:**

تۆ؟ تۆ توانیت ئەوە بەرامبەری ئەو بکەیت؟ ئەوکە لەبەر خاتری تۆ ـ !

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ نابێ بێ ئەوەی بیرکەیتەوە کە ئەوسا مەسەلەکان چۆن چۆنی بوون، حوکم بدەیت. خۆ من دوێنێ ئەوەم بۆ باس کردیت. من کە گەڕامەوە بۆ ئێرە و تەماشام کرد دایکم توشی بووە بە تووشی یەك کۆمەڵ بازرگانیکردنی دەبەنگانەوە؛ بەدبەختی لە چەشنی جیاوازدا جەزرەبەی خۆی دەگەیاند؛ هەر وەك بڵێی خراپەی دنیا هورووژمی بۆ هێنابین؛ ماڵمان خەریك بووکاول دەبوو. من نیوەم لە بێ پەرواییدا و نیوەکەی تریشم لە نائومێدیدا بوو. لوونا، لەوباوەڕەدام زیاترهەر لەبەر ئەوەی خۆم لەوبیرانە بدزمەوە من خۆم تووشی ئەو پەیوەندیەکرد کە بووە هۆی سەفەرکردنی یۆهان.

**لوونا:**

هم .

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ دەتوانیت باش بیهێنیتە بەرچاوت، چۆن پڕوپاگەندەی هەمەجۆر بڵاو بووەوە کە تۆ و ئەو دیار نەمان. وەك باس دەکرا، ئەمە یەکەمین خراپەکاری ئەو نەبوو بوو. دەیانگوت، دۆرف پارەیەکی زۆری لە یۆهان وەرگرتووە بۆئەوەی قسەنەکات و بڕوا بەرێی خۆیەوە؛ هەندێکی تر سووربوون لەسەر ئەوەی کە مادام دۆرف ئەو پارانەی وەرگرتووە. هەر لەوکاتەدا دەرکەوت کە بۆکارگەکەی ئێمە دژوار بوو ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. ئێدی چی لەوە باشتر بووکە قسەهێنەروقسەبەرەکان ئەم دوو پڕوپاگەندەیە لەگەڵ یەکتر تێهەڵکێش بکەن؟ کە مادام دۆرف لێرە مابۆوە و لە ڕەزالەتدا دەژیا، ئەوا خەڵك دەیان گوت کە یۆهان پارەکانی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ ئەمەریکا، پڕوپاگەندەکەش بەردەوام بڕی پارەکەی زیاتر و زیاتر دەکرد.

**لوونا:**

ئەی تۆ، کەشتن ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەو پڕوپاگەندەیە بۆ من وەك لقەداری فریاکەوتن وا بوو بۆ کەسێك کە وا خەریکە لە ئاوێکدا دەخنکێ.

**لوونا:**

تۆ بەهەموو لایکدا بڵاوتکردەوە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

من دژی نەوەستامەوە. خاوەن قەرزەکان ژیانیان لەبەر هەڵگرتبووین؛ ئەوەی لەسەر من بوو ئارامیان کەمەوە؛ دەکەوتەسەر ئەوەی کە خەڵك گومان لە بنەمای باشی دارایی ماڵەکە نەکەن؛ دووچاری بەدبەختییەکی کتوپڕببووین؛ دەبوومرۆڤ وریابێ و بەتەنیا خۆی بەناودا نەکات ؛ کات بدا بە شتەکان؛ هەریە کە شتی خۆی بەرکەوێ.

**لوونا:**

ئینجا هەریەکە شتی خۆی بەرکەوت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، لوونا، ئەو پڕوپاگەندەیە خێزانەکە مانی ڕزگارکرد و کردمی بەو پیاوەی ئێستا هەم.

**لوونا:**

کەواتە درۆیەك تۆیکردووە بەو پیاوەی کە ئێستا هەیت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەوکاتە ئەوە زیانی بە کێ دەگەیاند؟ مەبەستی یۆهان ئەوە بوو هەرگیز نەگەڕێتەوە.

**لوونا:**

دەپرسیت کە کێ زیانی پێگەیشت، سەیرێکی خۆت بکە، ئەوسا پێم بڵێ کە تۆ زیانت پێ نەگەیشتووە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

چ پیاوێکت دەوێ تەماشای بکە، بۆت دەردەکەوێ لە هەریەکێکیاندا لانیکەم کەموکوورییەك هەیە، کە ئەو کەسە دەیەوێ بیشارێتەوە.

**لوونا:**

ئێوە بە خۆتان دەڵێن پایەکانی کۆمەڵگە!

**کونسووڵ بێرنیك:**

کۆمەڵگە لەوان باشتری نیە.

**لوونا:**

ئینجا کۆمەڵگەیەك بەو شێوەیە هاوکاری بکرێ یان نا چ مانایەکی هەیە؟

ئەوەی کە لێرەدا بایەخی هەیە چییە؟ درۆ و دەلەسە و هیچی تر. تۆ، کە مۆری تاوانباریت ناوە بە بێ تاوانێکەوە، پیاوی یەکەمینی شارەکەیت، مەزن و خۆشحاڵ، دەسەڵات دار و بە شەرەف لێرە دەژیت.

**کونسووڵ بێرنك:**

پێت وایە کە من بە قووڵی هەست بە ناهەقیکردنی خۆم بەرامبەر بە ئەو ناکەم؟ پێت وایە من ئامادەنیم دووبارە ئەوە ڕاست بکەمەوە؟

**لوونا:**

چۆن چۆنی؟ ئایا بە وەی ڕاستی بدرکێنیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ دەزانیت داوای چیم لێ دەکەیت؟

**لوونا:**

چی تر دەتوانێ ناهەقییەکی ئاوها ڕاست بکاتەوە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لوونا، من دەوڵەمەندم؛ یۆهان چی بوێ دەتوانێ داوای بکات.

**لوونا:**

بەڵێ، پارەی بدەرێ، ئەوسا دەزانیت ئەو چۆن وەڵامت دەداتەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:**

تۆ دەزانیت ئەو بە نیازی چی یە؟

**لوونا:** نەخێر، لەدوێنێوە  مات و بێدەنگە. وەك ئەوەی هەموو ئەمانە لەپڕێکدا ئەویان کردبێ بە پیاوێکی کامڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:**

پێویستە قسەی لەگەڵدا بکەم.

**لوونا:**

ئەوە خۆیەتی.

(یۆهان تۆنەسێن لەلای ڕاستەوە دێتە ژووری)

**کونسووڵ بێرنیک** ( بەرەوپیری دەچێت):

یۆهان!

**یۆهان تۆنەسێن** ( بەپارێزەوە):

لەپێشدا من. دوێنێ بەیانی بەڵێنم دایێ قسە نەکەم.

**کونسووڵ بێرنیک:**

وات گوت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵام ئەوکاتە من هێشتا نەمدەزانی .

**کونسووڵ بێرنیک:**

یۆهان، ڕێگەم بدە تەنها بە دوو وشە ڕاستی مەسەلەکەت بۆ ڕوون بکەمەوە .

**یۆهان تۆنەسێن:**

پێویست ناکات؛ من باش ڕاستی مەسەلەکە دەزانم. کارگەکە  ئەوکاتە لەبارێکی دژواردا بوو؛ منیش ڕۆیشتبووم، ئیدی تۆش ناوێك و پڕوپاگەندەیەکی بێ بەرگریت لەبەر دەستابوو. ئێستا من گلەییت لێ ناکەم؛ ئەوڕۆژانە ئێمە گەنج و سەرەڕۆبووین. بەڵام من ئێستا پێویستم بە حەقیقەتە،  تۆ پێویستە ڕاستی بدرکێنیت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دروست لەم کاتەدا من پێویستیم بە تەواوی ناوبانگی ڕەوشت بەرزی خۆم هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانم قسەبکەم.

**یۆهان تۆنەسێن:**

من زۆر گوێنادەمە ئەو شتە هەڵبەستراوانەی تۆ بۆت هەڵبەستووم؛ ئەوە شتێکی ترە تۆ خۆت دەبێ ئەو تاوانە بخەیتە ئەستۆی خۆت. دینا دەبێ بە هاوسەری من، من دەمەوێ لەگەڵ ئەو ژیان دروست کەم و لێرە لەم شارە دانیشم.

**لوونا:**

تۆ ئەوە دەخوازیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەگەڵ دینا! وەك هاوسەری خۆت؟ لێرە لەم شارە!

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، لێرە؛ بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەموو ئەو درۆ و قسە هەڵبەستنانە ببمەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم بە دینا بگەم، پێویستە تۆ ڕزگارم کەیت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ بیرت کردووەتەوە، ئەگەر من دان بەمەیاندا بنێم، ئەوا بەو شێوەیە ڕاستەوخۆمن ئەوی تریشیان دەخەمە ئەستۆم؟ تۆ دەتەوێ بڵێی کە من دەتوانم بە هۆی دەفتەری حیساباتەکانمانەوە بەبەڵگەوە پیشانی بدەم کە هیچ غەل و غەشێك نەبووە؟ من ئەوە ناتوانم؛ دەفتەری حیساباتەکانمان ئەوکاتە هێندە بەووردی تۆمارنەکرابوون. تەنانەت ئەگەر بشتوانم

-

چ سوودێکی دەبێ؟ لەهەمووحاڵەتێکدا من نامەوێ وەك ئەو کەسە دەرکەوم کە جارێك لەجاران بەهۆی درۆیەکەوە خۆی ڕزگارکرد و، ئەوە پانزە ساڵە لەم درۆیەو هەموو [درۆکانی] تریش گەڕاوە تا خۆیان جێگیرکەن، بەبێ ئەوەی هەنگاویکی بەپێچەوانەی ئەو درۆیانەوە نابێ؟

تۆ چیدی کۆمەڵگەکەی ئێمە ناناسی، ئەگینا دەبووایە بتزانیبایە کە شتی وا سەرتاپا تێکوپێکم دەشکێنێ.

**یۆهان تۆنەسێن:**

من دەتوانم هەر هێندەت پێ بڵێم کە من دەمەوێ کچەکەی مادام دۆرف بکەمە هاوسەری خۆم و لەم شارەدا لەگەڵیدا بژیم.

**کونسووڵ بێرنیک** ( عارەق ناوچەوانی وشک دەکاتەوە):

یۆهان، گوێم لێ بگرە، تۆش لوونا. ئالەم کاتەدا ئەو بارودۆخەی منی تێدام ئاسایی نیە. من لە وەزعێکدام کە، ئەگەر ئێوە گورزێکی وام لێ بوەشێنن، ئەوا تێکم دە شکێنن، بەتەنیا من نا، بگرە ئایندەی ئەو کۆمەڵگە گەورەو دەهەندەیەش تێك دەشکێنن کە جێگەی منداڵیتانە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

منیش ئەگەر ئەو گورزە لەتۆ نەوەشێنم، ئەوا تەواوی بەختەوەری ئایندەی خۆم وێران دەکەم.

**لوونا:**

کەشتن، لەسەر قسەکانت بەردەوامبە.

**کونسووڵ بێرنیک:**

گوێ بگرن. ئەمە پەیوەندی بە مەسەلەی ئێستگەی شەمەندەفەرەکەوە هەیە، ئەو مەسەلەیەش هێندە ئاسان نیە وەك ئێوە بیری لێ دەکەنەوە. بێگومان ئێوە بیستووتانە کە ساڵی پار لێرە قسە لەسەر هێڵێکی کانارده‌ریایی هەبوو؟ ئەو مەسەلەیە دەنگێکی زۆر و گرنگی لێرە لەم شارە و دەوروپشتیدا بۆ خۆی مسۆگەرکرد، لەرۆژنامەکانیشدا ناوبانگی دەرکرد؛ بەڵام من رێم لەوە گرت، چوونکە ئەوە بەدرێژایی کەناری دەریاکە زیانی بە هاتووچۆی پاپۆرەکانمان دەگەیاند.

**لوونا:**

تۆ خۆت بەرژەوەندیت لە هاتوچۆی ئەوپاپۆڕانەدا هەبوو؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵێ، بەڵام کەس نەی دەوێرا لەو لایەنەوە گومانم لێ بکات؛ ناوبانگی باش ڕۆیشتووم وەك قەڵغان و سپێر بوو بۆم. من بەڕاستی دەمتوانی بچمەژێر باری زەرەرەوە؛ بەڵام شوێنەکە نەیدەتوانی بچێتەژێر بارییەوە. ئینجا هێڵی ناوخۆیی بڕیاری لەسەردرا. ئەوە بوو، بەبێدەنگی من خۆم لەوە دڵنیاکرد کە دەشێ هێڵێکی لاوەکیش بۆ ئەم شارە دابنرێ.

**لوونا:**

کەشتن، بۆ بە بێدەنگی؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێوە لەبارەی کڕینی موڵکی دارستان و چاڵی کانگاکان و تاڤگەکانەوە هیچتان بیستووە ؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، ئەوە کۆمپانیایەکی بیانیە .

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەم موڵکانە بەم شیوەیەی ئێستا کە هەن، بۆ موڵکدارە پەرشوبڵاوەکان وەك شتێکی بێ نرخ وان؛ لەبەرئەوە ئەو مۆڵکانە تاڕادەیەك هەرزانتر فرۆشران. ئەگەر پیاو چاوەڕی بووایە هەتا لێرە باسی کردنەوەی هێڵێکی شەمەندەفەر دەهاتە ئاراوە، ئەوسا خاوەن زەوییەکان داوای نرخی زۆرگرانیان دەکرد.

**لوونا:**

باشە. باشە؛ ئێ چی تر؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئینجا ئێستا ئەو شتە دێتەپێشێ کە دەکرێ لێکدانەوەی جیاوازی بۆبکرێ، ئەوەی کە پیاوێك لەم کۆمەڵگەیەیی ئێمەدا دەتوانێ دانی پێدابنێ، بەس بەمەرجێك ناوێکی باش و بێ لەکەی هەبێ تا پشتی خۆی پێ ببەستێ.

**لوونا:**

ئێ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

من ئەو موڵکانەم هەموویان کڕیوە.

**لوونا:**

تۆ؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

لەسەر حیسابی خۆت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەسەرحیسابی خۆم. ئەگەر هێڵی شەمەندەفەر لێرە دابنرێ، ئەوا من ملیۆنەرم؛ بێت و دانەنرێ، مایەپووچ دەبم.

**لوونا:**

کەشتن، ئەوە چاوقایمیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هەموو سەرمایەکەم خستۆتە ئەم کارە پڕمەترسییەوە.

**لوونا:**

من بیر لەسەرمایەکە ناکەمەوە؛ بەڵام کاتێك ئەو ڕۆژە دێت کە .

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، ئەوە خاڵی پێکەوەگرێدانەکەیە. من بەو ناوبانگە پاکەی هەتا ئێستا هەڵمگرتووە ، دەتوانم ئەو مەسەلەیە بخەمە سەرشانی خۆم، بیبەمە پێشەوە، بەهاووڵاتیەکانم بڵێم: ببینن، من لەپێناو خزمەتی کۆمەڵگەدا توانیومە ئائەمە بکەم.

**لوونا:**

لە پێناوی کۆمەڵگەدا؟

**کونسووڵ بێرنك:**

بەڵێ؛ کەس گومان لە مەبەستم ناکات.

**لوونا:**

لێرە پیاوگەلێك هەن کە لە تۆ ڕاشکاوانەتر مامەڵەیان کردووە بەبێ نیازی نهێنی و، چاو خستنە سەر بەرژەوەندییە لاوەکییەکان.

**کونسووڵ بێرنیك:**

وەکو کێ؟

**loona:**

بێگومان وەك روومێل و ساندستاد و ڤیگەلاند.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بۆ ئەوەی بیانکەم بەلایەنگری خۆم ناچاربووم نهێنی مەسەلەکەیان پێ بڵێم.

**لوونا:**

ئێ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەوان مەرجیان یەك لەسەر پێنجی قازانجەکەی بوو بۆخۆیان .

**لوونا:**

ئای، لەم کۆڵەکانەی کۆمەڵگە!

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵام ئایە ئەوە کۆماڵگەکە خۆی نیە کە ئێمە ناچار دەکا ڕێگای دژوار بگرینە بەر؟ ئەگەر من بە بێدەنگی مامەڵەم نەکردایە چی ڕووی دەدا؟ هەموو خۆیان دەخستە ناو مەسەلەکەوە، هەموویان بەش بەش و پەرشوبڵاو، شێوا و تەزویر دەکرد. لەم شارەدا، بێجگە لە من، یەکێکی تر نیە، کە تێ بگات لە ڕێبەرایەتیکردنی پرۆژەیەکی بازرگانی ئاوها گەورەی، وەك ئائەمەی کە بەدەستەوەیە بێ؛ لە سەرانسەری ئەم وڵاتەدا تەنیا ئەوخێزانە ڕەوەندانەن کە بۆ هەڵسووڕاندنی ئەو ئێشە بازرگانییە مەزنانە بەهرەو توانایان هەیە. بۆیە وێژدانم لەو ڕووەوە ئازارم نادات. بەس لەدەستی مندا ئەو موڵکانە دەتوانن ببنە خێروخۆشی هەمیشەیی بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ نان پەیداکەن.

**لوونا:**

کەشتن، من پێم وایە تۆ لەسەر هەقی.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵام من ئەو هەموو ئەوانەیە ناناسم، من خۆشی ژیانم لە مەترسیدایە.

**کونسووڵ بێرنیک:**

خۆشگوزەرانی زێدی لە دایکبوونیشت لە مەترسیدایە. بێت و شتێك لەگەشتی ڕابردووم سێبەری بکەوێتە سەر، ئەوا بەرهەڵستکارانم بە هێزێکی یەکگرتووانەوە پەلامارم دەدەن. لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا ڕەفتاری کاتی لاوێتی هەرگیز ناسڕێتەوە. بەتەواوی ژیانمدا دەچنەوە، هەزار ڕووداوی بچکۆلە لەنێو ژیانمدا دەهێننە پێشەوە، لەژێر تێشکی ڕووناکی ئەوەی ئەمڕۆ هاتۆتەپێش لێکی دەدەنەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکەن؛ ئەوسا لەژێر قورسایی پڕوپاگەندە بۆکردن و غەیبەتکردندا تێکوپێکم دەشکێنن ومنیش، دەبێ دەست لەمەسەلەی ئێستگەیی شەمەندەفەرەکە هەڵگرم؛ دەست لەو مەسەلەیەش بەردەم، ئەوا ئەو مەسەلەیە شکەست دەهێنێ، منیش هەم مایە پووچ دەبم و هەم پلەوپایەی کۆمەڵایەتیشم نامێنێ.

**لوونا:**

یۆهان، پاش ئەوەی تۆ ئێستا گوێت لێبوو، دەبێ بگەڕێیتەوەو بێدەنگ بیت.

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵێ، بەڵێ یۆهان، پێویستە وابکەیت!

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، من دەگەڕێمەوەو بێدەنگیش دەبم؛ بەڵام دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە و ئەوسا ڕاستی دەدرکێنم.

**کونسووڵ بێرنیک:**

لەوێ بمێنەرەوە، یۆهان؛ گەر وابکەیت، چیم هەیە لەگەڵت بەش دەکەم ـ

**یۆهان تۆنەسێن:**

پارەکانت هەڵگرە بۆ خۆت، بەڵام ناوبانگم بۆ بگەڕێنەوە.

کون**سووڵ بێرنیک:**

ناوی خۆم بکەمە قووربانی!

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئەوە بۆ تۆ و کۆمەڵگەکەت، بزانن چۆن چارەسەری دەکەن. من دەبێ و دەمەوێ و ئارەزوومە بگەم بە دینا. هەر بۆیە سبەینێ من بە < کچی هیندی سوور> سەفەردەکەم ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بە < کچی هیندی سوور>؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، کاپتن گفتی پێداوم لەگەڵ خۆی بمبا. دەڵێم، دەگەڕێمەوە بۆ ئەوێ؛ کێڵگەکەم دەفرۆشم و ئێشوکارەکانم جێبەجێ دەکەم. پاش دوومانگ دیسان دێمەوە بۆ ئێرە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەوکاتە دەتەوێ ڕاستی بدرکێنی؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئەوکاتە تاوانبار خۆی ڕووبەڕووی تاوانەکەی خۆی دەبێتەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بیرت چووکە من ئەوسا دەبێ ئەوەش بخەمە ئەستۆی خۆم کە من تاوانم تێیدانیە؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

کێ بوو ئەوەی پانزەساڵ لەمەوبەر لەو پڕوپاگەندە ئابڕوتکێنە سوودمەند بوو؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ نائومێدم دەکەیت! بەڵام ئەگەر تۆ قسەبکەیت، ئەوسا منیش نکوڵی لەهەمووی دەکەم! دەڵێم کە ئەوە پیلانێکە بە دژی من؛ تۆڵەسەندنەوەیە؛ دەڵێم کە تۆ هاتوی بۆ ئێرە تا فشارم بۆبێنیت و پارەم لێ بسەنیت!

**لوونا:**

کەشتن، شەرمکە!

**کونسووڵ بێرنیك:**

ده ڵێم، نائومێد بووم؛ و شەڕی ژیان دەکەم. من لە هەمووی، هەمووی نکوڵی دەکەم!

**یۆهان تۆنەسێن:**

دوو کاغەزەکەی تۆم لەلایە. لە جانتاکەمدا لە نێو کاغەزەکانی ترمدا دۆزیمنەوە. ئەم بەیانییە خوێندمنەوە؛ زۆر ڕوون و ئاشکران.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەو نامانە دەهێنیتە پێشەوە؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئەگەر پێویست بکات.

**کونسووڵ بێرنیك:**

پاش دوومانگی تریش دووبارە دەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

هیوادارم. هەوا خۆشە. لەماوەی سێ هەفتەدا دەگەمە نیوۆرك ـ ئەگەر < کچی هیندی سوور>نقووم نەبێ.

**کونسووڵ بێرنیك** ( بە سەرسوڕمانەوە):

نقووم بێ؟ بۆچی دەبێ < کچی هیندی سوور>نقووم بێ؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

نەخێر، منیش دەڵێم.

**کونسووڵ بێرنیك** ( زۆر بەهێواشی):

نقووم بێ؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، بێرنیك، کەواتە ئێستا تۆ دەزانیت چی لە نزیك بوونەوەدایە؛ تۆ تا ئەو ماوەیە بیری لێبکەرەوە. خوات لەگەڵ! دەتوانیت سەڵاوم بگەیەنیت بە بێتی، دیارە کە ئەو وەکو خوشکێك پێشوازی لێ نەکردم. بەڵام مارتا دەبینم. ئەو دەبێ بە دینا بڵێ؛ دەبێ گفتم بداتێ ( لەدەرگاکەی دوایدواوەی لای چەپەوە دە چێتەدەرەوە.)

**کونسووڵ پێرنیک**( لەگەڵ خۆیدا):

< کچی هیندی سوور> ؟ ( بەخێرایی) لوونا، نابێ تۆبیەڵی ئەمە ڕووبدات!

**لوونا:**

خۆت دەبینیت، کەشتن، من دەسەڵاتم نیە بەسەریدا. ( لوونا بەدوای یۆهان دا بەرەو ژورەکەی لای چەپ دەڕوات)

**کونسووڵ پێرنیک** ( لەگەڵ بیرکردنەوەی نائارامدا):

نقووم دەبێ ؟

( ئەونای بەلەمساز لەلای راستەوە دێت)

ئەونای بەلەمساز: بەیارمەتی، بۆ کونسووڵ دەگونجێ؟

**کونسووڵ پێرنیک** ( بەپەلەئاوڕدەداتەوە):

چیتان دەوێ؟

**ئەونای بەلەمساز:**

داوای لێبوردن دەکەم دەبێ پرسیارێك لە کونسووڵ بکەم.

**کونسووڵ پێرنیک:**

ئێ باشە؛ خێراکەن. دەتانەوێ لەبارەی چیەوە بپرسن؟

**ئەونای بەلەمساز**: دەمەوێ بپرسم ئایە ئەو بڕیارەی کە ئەگەر < کچی هیندی سوور> سبەینێ دەرنەچێ  ئەوا من لە ورشەکە دەردەکرێم، دوابڕیارەو. پاشگەزبوونەوەی، ـ نیە؟

**کونسووڵ پێرنیک:**

بۆ چی؟ خۆ پاپۆڕکە ئامادەی دەرچوونە.

**ئەونای بەلەمساز:**

بەڵێ،  ئامادەیە. بەڵام ئەگەر ئامادەنە بووایە، من لەکار دەردەکرام؟

**کونسووڵ پێرنیک:**

ئەم پرسیارە بێ کەڵکە چیە؟

**ئەونای بەلەمساز:**

هەر حەزدەکەم بزانم، جەنابی کونسووڵ. وەڵامم بدەرەوە: من دەردەکرام؟

**کونسووڵ پێرنیك:**

فەرمانەکانی من هەمیشە چەسپاون یان نا؟

**ئەونای بەلەمساز:**

کەواتە من سبەێنێ ڕێزوحورمەتم لە ماڵەکەی خۆم و لە ناو ئەوانەی من پەیوەندیم پێیانەوە هەیە و لێیانەوە زۆر نزیکم لە دەست دەچوو، کارێگەریم بۆ سەر بازنەی کرێکاران لەدەست دەچوو، هەموو فرسەتێکی خزمەتکردن و کەڵك پێگەیاندنی ئەو بێدەرەتان و کەمدەرامەتانەی ناو کۆمەڵگام لەدەست دەچوو.

**کونسووڵ پێرنیك:**

ئەونا، ئێمە لەو مەسەلەیە بووینەتەوە.

**ئەونای بەلەمساز:**

بەڵێ، کەواتە با < کچی هیندی سوور>دەرچێ. ( بێدەنگیەکی کورت)

**کونسووڵ پێرنیك:**

گوێبگرە؛ من ناتوانم چاوم بە هەموو شتێکەوە بێ؛ ناتوانم بەرپرسیاربم لە هەموو شتێ؛ ئێوە زاتی ئەوە دەکەن لەوە دڵنیام بکەنەوە کە چاکردنەوەی پاپۆڕەکە بەشێوەیەکی واجێبەجێ کراوە کە ناتوانرێ پەڵپ و بیانوی لێبگیردرێ؟

**ئەونای بەلەمساز:**

ئێوە کاتێکی کەمتان بۆ دیاریکردم، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ پێرنیك:**

بەڵام ئێوە دەڵێن چاکردنەوەکە جێی متمانەیە؟

**ئەونای بەلەمساز:**

کەش و هەوا خۆشە و وەرزیش هاوینە.( بێدەنگیەکی تر)

**کونسووڵ پێرنیك:**

ئەی هیچی تر هەیە کە پێم بڵێن؟

**ئەونای بەلەمساز:**

من شتێکی تر نازانم، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

کەواتە، < کچی هیندی سوور>دەردەچێ.

**ئەونای بەلەمساز:**

سبەینێ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ.

**ئەونای بەلەمساز:**

باشە.

( ئەو خواحافیزی دەکات و دەڕوات)

(کونسووڵ بێرنیك وچانێك بە گومانەوە دەوەستێ؛ پاشان بەخێرایی بەرەودەرگاکەی دەرەوە دەچێ وەك ئەوەی بیەوێ ئەونا بانگ بکا بگەڕێتەوە، بەڵام بێ ئارامانە دەستی بە دەسکی دەرگاکەوەیە و ڕادەوەستێ. لەهەمان کاتدا دەرگاکە لەو دیوییەوە دەکرێتەوەو، پارێزەر کراپ دێتە ژوورەوە)

**پارێزەر کراپ:**

ئەها، لێرەبوو. دانی پێدا نا؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم ؛ ئەی ئێوە هیچی ترتان دۆزییەوە؟

**پارێزەر کراپ:**

ئەوەچ پێویست دەکات؟ کونسووڵ ئەو ویژدانە پیسەی لەڕوانینی چاوەکانیەوە نەبینی؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ها چۆن -؛ ئەوە نابینرێ. من دەپرسم، ئێوە هیچی ترتان دۆزییەوە؟

**پارێزەر کراپ:**

فریانەکەوتم؛ درەنگ گەیشتم؛ [کاتێك چووم] ئەوان دەستیانکردبوو بەوەی پاپۆڕەکە لە بەندەرەکە بکێشنە دەرەوە. بەڵام هەر ئەو پەلەپەلکردنە ئاشکرا ئەوە پیشان دەدا کە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

هیچ پیشان نادا. کەواتە تاقیشکراوەتەوە؟

**پارێزەر کراپ:**

دیارە؛ بەڵام ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەبینن. بێگومان هیچ نەدۆزراوەتەوە پەڵپی لێ بگرن.

**پارێزەر کراپ:**

جەنابی کونسووڵ، ئێوە باش دەزانن چۆن چۆنی ئەو جۆرە پشکنینانە دەکرێ، بەتایبەتی لە ورشەیەکی وەك ئەوەی ئێمەدا، کە ناوێکی باشی هەیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هەر چییەك بکەین؛ لێی پەشیمان نابینەوە.

**پارێزەر کراپ:**

جەنابی کونسووڵ، بەڕاستی ئێوە سەرنجتان نەدا لە ئەونا کە ـ ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

من پێتان دەڵێم، ئەونا بەتەواوەتی هێوری کردمەوە.

**پارێزەرکراپ:**

منیش پێتان دەڵێم کە لەڕوی ئەخلاقییەوە باوەڕی تەواوم هەیە کە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەمە مانای چی، جەنابی کراپ؟ من باش دەزانم کە ئێوە حەزتان لەچارەی ئەو پیاوە نیە؛ بەڵام گەر دەتانەوێ لەناوی بەرن، ئەوە دەبێت ئێوە فرسەتێکی تر هەڵبژێرن . دەزانن چەند گرنگە بۆ من ـ یان ڕاستتر بڵێین بۆ کۆمپانیایی کەشتی ئاژۆی بازرگانی ـ کە سبەینێ < کچی هیندی سوور>بەڕێ کەوێ.

**پارێزەر کراپ:**

باشە، باشە، با بڕوا؛ بەڵام چەندی پێ دەچێ تا ئێمە دەبیستین ئەو پاپۆڕە ـ هم!

( بازرگان ڤیگەلاند لەلای راستەوە دێت)

**بازرگان ڤیگەلاند:**

لەگەڵ ڕێزو حورمەتمدا ڕۆژباش، جەنابی کونسووڵ. کەمێك بوارتان هەیە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەخزمەتدام، جەنابی ڤیگەلاند.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

بەڵێ، من تەنیا دەمەوێ گوێم لێبێ بزانم ئایە ئێوەش دەنگ نادەن بەوەی کە سبەینێ <
لقەدارخورما> بەڕێ کەوێ ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

با، ئەو مەسەلەیە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

بەڵام ئێستا کاپتن هات بۆ لام و پێی وتم کە ئاگاداری تۆفان وباوبۆران لەوێوە دراوە.

**پارێزەر کراپ:**

بارۆمەتر لەم بەیانیەوە زۆر نزم بۆتەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڕاست؟ واتە ئێمە چاوەڕوانی تۆفان وباوبۆران بین؟

**بازرگان ڤیگەلاند:**

بەهەرحاڵ بایەکی توند؛ بەڵام بای رووەو دژ نا؛ بە پێچەوانەوە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم؛ ئێ، باشە ئێوە دەڵێن چی؟

**بازرگان ڤیگەلاند:**

من ئەوە دەڵێم کە بە کاپتنشم وت، < لقە دارخورما> لەدەست چارەنووس دایە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لەپێشدا تەنها  بە دەریایی باکوردا دەڕوا؛ ئێستا لە ئینگێلتەرا کرێی گواستنەوە هێندە بەرزە کە ـ

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵێ، بەحەقیقەت چاوەڕێکردن بەرەو زەرەرکردنمان دەبات.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

خۆ پاپۆرەکەش قایمە، هەروەها فوول زەمانەتیشکراوە. نەخێر، بەحەقیقەت ئەوە بۆ < کچی هیندی سوور>مەترسیدارترێکە ـ

**کونسووڵ بێرنیک:**

مەبەستان چیە؟

**بازرگان ڤیگەلاند:**

ئەویش سبەینێ دەردەچێ.

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵێ، کۆمپانیایی کەشتی ئاژۆیی بازرگانی زۆر پەلەیان لێ کردووە و لەگەڵ ئەوشدا ـ

**بازرگان ڤیگەلاند:**

ئێستا، ئەو سندووقە کۆنە زاتی چونە نێو دەریا دەکات - ، سەرباری  ئەو تاقمەش، - ئیتر شورەییە ئەگەر ئێمە نە ـ

**کونسووڵ بێرنیک:**

باشە باشە، ڕەنگە ئێوە کاغەزەکانی پاپۆڕەکەتان لەلابێت؟

**بازرگان ڤیگەلاند:**

بەڵێ ئەوەتا.

**کونسووڵ بێرنیک:**

چاکە؛ ئێوە ئیتر لەگەڵ جەنابی کراپ بڕۆنە ژوورەوە.

**پارێزەر کراپ:**

فەرموون؛ هەر ئێستا جێ بە جێی دەکەم.

**بازرگان ڤیگەلاند**:

سوپاس. ـ و ئێمە ئەنجامەکەی دەدەینە دەست خودای خاوەن گشت قودرەت وتوانا،

جەنابی کونسووڵ.

( بازرگان ڤیگەلاند لەگەڵ پارێزەر کراپ دا دەڕواتە ژوورەکەی پێشەوەی لای چەپ. مامۆستا ڕۆرلوند لە باخچەکەوە دێتە ژوورەوە.)

**مامۆستا ڕۆرلوند**: ئەها، دەبینم ئالەم کاتەدا لە ماڵن، جەنابی کونسووڵ؟

**کونسووڵ بێرنیك**( بەدەم بیرکردنەوەوە):

وەك دەبینن.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

بەڵێ، لەڕاستیدا من لەبەر خاتری خانمتان هاتووم. بیرم کردەوە خانمتان پێوستی بە دڵدانەوە هەیە.

**کونسووڵ بێرنیك**:

بێگومان ئەو پێویستی پێیەتی. بەڵام منیش حەزدەکەم کەمێك قسەتان لەگەڵ بکەم.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

بەخۆشحاڵیەوە، جەنابی کونسووڵ. بەڵام ئەوە چیتانە؟ زۆر ڕەنگ زەرد و پەشۆکاو دینە بەر چاو.

**کونسووڵ بێرنیك**:

بەڕاستی؟ وا دیارم؟ بەڵێ، ئەی چۆن وا دیار نەبم، ـ ئالەم کاتەدا کە لەهەموولایەکەوە گیروگرفتم بۆ ڕاست دەبێتەوە؟ تەواوی کارگە مەزنەکەم و ئینجا ڕۆنانی سکەی هێلی شەمەندەفەرەکە ـ گوێ بگرە، شتێکم پێ بڵێ، جەنابی مامۆستا؛ ڕێگەم بدەن پرسیارێکتان لێ بکەم.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

زۆر بەخۆشحاڵیەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بیرێك کەوتووتە میشکمەوە. کاتێك مرۆڤ خەریکی ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی گەورە بێت، کە تیایدا مەبەستی گەیشتنی هەزارەها مرۆڤ بێ بە خێروخۆشی. ئەگەر ئەو پڕۆژەیە داوای قوربانیەکی بچوك بکات ـ ؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

مەبەستان چییە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بۆنموونە من پیاوێك دادەنێم، بیرکاتەوە لە دامەزراندنی کارگەیەکی گەورە. ئەو پیاوە بەدڵنیاییەوە دەزانێ ـ لەبەرئەوەی لە ئەزموونەکانییەوە فێربووە، درەنگ یان زوو لەکاتی دروست کردنی ئەو کارگەیەدا هەندێ کەس ژیانیان تێدادەچێ.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵێ، لەوانەیە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

یان کە سێك کە خەریکی ئیشی کانەخەڵووزە. ئەوکەسە هەم ژیانی باوکەخێزاندارەکان و هەم مرۆڤە گەنجە تەندروستەکان دەخاتە خزمەتی خۆیەوە. ناکرێ بە هۆشیارییەوە بوترێ کە ئەمانە هەموویان ژیانیان ڕزگاری دەبێ؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئا، بەداخەوە، ئەوە وایە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

کەواتە، پیاوێکی بەوجۆرە پێش وەخت دەزانێ، کە ئەو پڕۆژەیەی ئەو دەیەوێ بیخاتە بواری کارکردنەوە، بێگومان ـ جارێك لە جاران دەبێتە هۆی لەناوچوونی ژیانی مرۆڤ. بەڵام ئەو پڕۆژەیە لەبەرژەوەندی گشتیدایە؛ چوونکە لەناوچوونی ژیانی هەر مرۆڤێك لەو پڕۆژەیەدا، بێگومان دەبێتە هۆی گەیشتنی سەدەها کەس بە خێروخۆشی.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئەها، ئێوە بیر لە دروستکردنی ڕێگای ئاسن دەکەنەوە، بیر لەو هەموو زەوی هەڵکەندن و شاخ تەقاندنەوانە دەکەنەوە و هەموو ئەمە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ؛ باشە؛ من بیر لەدروستکردنی ڕێگای ئاسن دەکەمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگای ئاسن دەبێتە هۆی دروست بوونی هەم کارگە و هەم ئیشی کانە خەڵووز. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێتان وانیە ـ ؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

جەنابی کونسووڵی خۆشەویست، ئێوە زۆر بەویژدانن. مەبەستم ئەوەیە کە ئێوە ئەوە بەنە دەست خوا .

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ، وایە؛ پەروەردگار ـ

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئەوسا پەشیمان نابنەوە. ڕێگای ئاسن بەباوەڕبەخۆ هەبوونەوە دروست بکەن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵام من نموونەیەکی تایبەتیت بۆ دەهێنمەوە، بۆ نموونە کونێك[10] کراوەتە شوێنێکی گیرو مەترسیدارەوە بۆئەوەی بتەقێنرێتەوە؛بەبێ تەقاندنەوەی ئەو شوێنە، دروستکردنی ڕێگای ئاسن مەحاڵە. بابڵێین، ئەندازیارەکەی کە ئەو کارەی لەئەستۆدایە، دەزانێ ئەو کرێکارەی فتیلەبۆمباکە دەتەقێنێتەوە پێوە دەبێ و گیان لەدەست دەدات؛ بەڵام ئەوشوێنە هەردەبێ بتەقێنرێتەوە، ئەوە ئەرکی سەرشانی ئەندازیارەکەیە کرێکارێك بنێرێ بۆ کردنی ئەو ئیشە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

هم ـ

---

[10] Borehull : لە تێکستە ئەسڵەکەدا ئەم وشەیە نووسراوە، واتە کونێك کە بەواستەی ئامێرێکی کۆڵینەوە ( درێلە)وە دەکرێتە شاخ، پاشان مادەی تەقێنەرەوەی وەك تی ئێن تی یان barوودی تێدەئاخنرێ، بۆ کوناودەرکردنی شاخەکە بۆ پیاداتێپەڕاندنی سکەی شەمەندەفەر. وەك تونێل. وەرگێڕ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەزانم ئێوە دەتانەوێ بڵێن چی. شتێکی مەزن دەبوو ئەگەر کابرای ئەندازیار خۆی فتیلە بۆمباکەی کەڵگرتایە و بڕۆیشتایە بۆ ئەوجێگەیەو بیتەقاندایەتەوە. بەڵام شتی وا نابێ. کەواتە ئەندازیارەکە هەر دەبێ کرێکارێك بکاتە قوربانی.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

هەرگیز هیچ ئەندازیارێکی ئێمە ئەوە ناکات.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هێچ ئەندازیارێکیش لەو وڵاتە گەورانەدا بیر لەوە ناکاتەوە شتی وا بکات.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

لەو وڵاتە گەورانەدا؟ نەخێر، من لەو باوەڕەدام. لەو کۆمەڵگە گەندەڵە بێ ویژدانانەدا ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ها، ئەو کۆمەڵگانە زۆر باشترن.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

دەشێ ئێوە ئەوە بڵێن، ئێوە کە خۆتان ـ ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەو کۆمەڵگە گەورانەدا مرۆڤ جێگەیەکی باشی هەیە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی بەسوود؛ لەوێ مرۆڤ زاتی ئەوەی هەیە هەندێ شت لەپێناوی مەسەلەیەکی گەورەدا بکات بەقوربانی؛ بەڵام لێرە مەودای مرۆڤ لەبەر گومان و ڕەچاوکردنی ڕژد و جۆراوجۆر بەرتەسك کراوەتەوە.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئایە ڕەچاوکردنی ژیانی مرۆڤێك ڕژدێتیە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

کاتێك ژیانی ئەو مرۆڤە ببێتە هەڕەشەیەك دژی بەختەوەری هەزارەها.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵام جەنابی کونسووڵ، ئێوە پوخت حاڵەتێك دەهێننەوە کە بەبیردانایەت! من ئەمڕۆ هیچ لە ئێوە تێ ناگەم. پاشان ئێوە ئاماژەدەکەن بۆ ئەو کۆمەڵگە گەورانە. بەڵێ، لەوێ، ژیانی مرۆڤێك لەوێ چییە؟ لەوێ حیساب بۆ ژیانی مرۆڤ دەکرێ هەر وەك ئەوەی بۆ سەرمایە دەکرێ. بەڵام بە بۆ چوونی من ئێمە تا ڕادەیەك هەڵوێستێکی تری ئەخلاقییانەمان هەیە،. سەیری حاڵی خاوەن کەشتیە بازرگانییە شەریفەکانی ئێمە بکە! ناوی تاقە یەکێك لە خاوەن کەشتیە بازرگانەکانی لای ئێمە بڵێ کە لەپێناو قازانجێکی بێکەڵکدا ویستبێتیان ژیانی مرۆڤێك بکەنە قوربانی! ئینجا بیر لەو ناپەسەندانەی نێو کۆمەڵگە گەورەکان بکەرەوە کە لە بەر خاتری قازانج یەك لەدوای یەك ئەوپاپۆڕانە بەکرێ دەدەن کە بەکەڵکی چوونە ناودەریا نایەن ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

من قسە لەبارەی پاپۆڕی بێکەڵکەوە ناکەم!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵام من قسە لەو بارەیەوە دەکەم، جەنابی کونسووڵ!

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵام مەبەست چییە لەوە؟ ئەوە دوورە لە مەسەلەکەوە. ئۆهـ، گوێدانە ئەو مەترسییە بچووکانە! ئەگەر جەنەراڵێکی لای ئێمە سوپاکەی بەرەو شەڕێکی خوێناوی بەرێ و بەکوشتیان بدا، ئەوا پاشان بەشەو خەوی لێ ناکەوێ. لە شوێنی تر بەو شێوەیە نییە. خۆزگە گوێت لێ بووایە ئەوەی لە ژوورەوەیە باسی چی دەکرد ـ

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

ئەو؟ کێ؟ ئەمەریکییەکە ـ ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ ئەو. گوێت لێ بووایە مرۆڤ چۆن چۆنییە لە ئەمەریکا ـ

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بۆ ئەو لە ژوورەوەیە؟ ئێوەش پێم ناڵێن. من هەر ئێستا ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەوە بەکەڵکی ئێوە نایە؛ فایەی نیە لەگەڵ ئەودا.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بابزانین، ئەوە خۆیەتی.

( یۆهان تۆنەسێن لە ژوورەکەی لای چەپەوە دێتە دەرێ)

**یۆهان تۆنەسێن**( لەدەرگاکراوەکەی دوای خۆیەوە لەگاڵ یەکێك قسەدەکات):

بەڵێ بەڵێ، دینا، با وابێ؛ بەڵام بەهەرحاڵ من دەست لە ئێوە بەرنادەم. دووبارە دەگەڕێمەوە، ئەوسا مەیانەمان خۆش دەبێت.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەیارمەتی، ئێوە مەبەستان لەو قسانە چییە؟ چیتان دەوێ؟

**یۆهان تۆنەسێن:** من دەمەوێ ئەو کچە گەنجەی کە تۆ دوێنێ منت لەبەر دەمیا ناشرین کرد، ببێتە هاوسەرم.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

هاوسەری ئێوە ؟ ئێوە بیرکەنەوە کە . ؟

**یۆهان تۆنە سێن:**

من ئەوم وەك هاوسەری ژیانم  دەوێ.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

هەر ئێستا، ئێوە بۆتان دەردەکەوێ . ( دەڕوا بۆ لای دەرگا نیوەکراوەکەوە) خاتوو بێتی، ئێوە دەبێ شایەتی بدەن .. و هەروەها ئێوەش، مارتا خانم. ئینجا با دیناش بێت. ( لوونا دەبێنێ) ئا، ئەوە ئێوەش لێرەن؟

**لوونا:**

( لە ناودەرگاکەوە) ئەی منیش بێم؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

کێ دەیەوێ بێ با بێ؛ هەتا زۆرتر باشترە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێوە نیازتان چییە؟

( لوونا ، بێتی ، مارتا ، دینا و هیلمار تۆنەسێن لە ژوورەکەوە دێنە دەرەوە)

**بێتی:**

جەنابی مامۆستا، من هەرچیم کرد نەمتوای ڕێگای نەکردنی ئەوکارەی لێ بگرم ـ

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

من نا هێڵم ئەو ئەوە بکات، خاتوون. دینا، تۆ کچێکی هەڵەشەو سەرەڕۆیت. بەڵام من خەتای ئێوە ناگرم. ماوەیەکی زۆرە ئێوە لێرە بەبێ هیچ پاراستنێکی ڕەوشتیانەی تۆکمە چاوەڕێن. من سەرزەنشتی خۆم دەکەم کە من پێش وەخت ئەو پاراستنە ڕەوشتییە تۆکمەیەم بۆ فەراهەم نەکردوون.

**دینا:**

نابێ ئەو قسەیە بکەن!

**بێتی:**

بەڵام ئەوە چییە؟

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

دینا، ئێستا دەبێ من ڕاست ودروست بڵێم، ڕەفتاری ئێوە دوێنێ و ئەمڕۆ وای لێ کردووم دەجار دژوارتربم. بەڵام لەپێناوی ڕزگارکردنی ئێوە دا دەبێ ڕەچاوکردنی هەموو شتێکی تر بخرێتەلاوە. ئێوە ئەو بەڵێنانەی منتان لەبیرە کە دام پێتان. بیرتانە بەڵێنی چ وەڵامێکتان پێ دام کاتێك کە من پێم وابووکاتی خۆی هاتووە. ناوێرم لەوە زیاتر بیربکەمەوە، هەر لەبەر ئەوە ـ ( ڕوودەکاتە یۆهان تۆنەسێن) ئائەم کچە گەنجەی کە ئێوە هەوڵێ پێگەیشتنی بۆ دەدەن، دەستگیرانی منە.

**بێتی:**

دەڵێن چی؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

دینا!

**یۆهان تۆنەسێن**:

ئەو! ئێوە؟

**مارتا:**

نا، نا، دینا!

**لوونا:**

درۆیە!

**یۆهان تۆنەسێن:**

دینا، ئەو پیاوە ڕاست دەکات؟

**دینا**( دوای ماوەیەکی کەم):

بەڵێ.

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

هیوادارم بەم شێوەیە تەواوی هونەرەکانی گومڕاکردن لەدەسەڵات کەوتبن.

ئەو هەنگاوەی کە من لەپێناوی خۆشی دینادا ناومە، دەبێ بەخۆشحاڵیەوە بکرێ بەوانەیەك بۆ هەمووکۆمەڵگەکەمان. من زادەی ئومێدێکی هێندە پتەوم کە نابێ بەخراپی ڕاڤەبکرێ. بەڵام ئێستا، خانم، من وای بەباش دەزانم دینا لێرە بەرینە دەرەوەو و هەوڵ بدەین دووبارە ئارامی و هاوسەنگی بۆ بیروهۆشی بگێڕینەوە.

**بێتی**:

بەڵێ، وەرە. ئۆ، دینا، چ بەختەوەرییەکە ئەمە بۆ تۆ!

( بێتی دینا لەلای چەپەوە دەباتە دەرێ؛ مامۆستا ڕۆرلوندیش لەگاڵیاندا دەڕوات)

**مارتا:**

یۆهان، خوات لەگەڵ!( دەڕوات)

**هیلمارتۆنەسێن**( لەنێو دەرگای باخچەکەوە):

هم - بەڕاستی پێویستە بڵێم -

**لوونا:** ( کە چاوی لەدینا نەتروکان هەتا لەچاو ونبوو):

مەترسە، پیاو! من لێرە دەمێنمەوەو ئاگاداری قەشە دەبم.( لەلای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە)

**کونسووڵ بێرنیك:**

یۆهان، کەواتە ئێستا تۆ بە <کچی هیندی سوور> سەفەرناکەیت!

**یۆهان تۆنەسێن:**

با چۆن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵام دووبارە ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

من دووبارە دەگەڕێمەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

پاش ئەمەش؟ ئەی پاش ئەمە تۆ چیت لێرە دەوێ؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

تۆڵەی خۆم لە ئێوە هەمووتان بکەمەوە؛ ئەوەندەی پێم بکرێ، تێکتان دەشکێنم.

( لەلای ڕاستەوە دەڕواتە دەرێ. بازرگان ڤیگەلاند و پارێزەر کراپ لە ژوورەکەی کونسووڵ دێنە دەرەوە.)

**بازرگان ڤیگەلاند:**

جەنابی کونسووڵ، ئێستا کاغەزەکان هەموویان تەواون.

**پارێزەر کراپ** ( بەهێواشی):

هەروەها نووسراوە کە سبەینێ <کچی هیندی سوور> بەڕێ دەکەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڕێ دەکەوێ.

( کونسووڵ دەچێتە ژوورەکەی خۆی. بازرگان ڤیگەلاند و پارێزەر کراپ لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە دەڕۆنە دەرەوە. هیلمارتۆنەسێن دەیەوێ لەگەڵیاندا بڕوات، بەڵام لەوکاتەدا ئۆلاف لەدەرگاکەی لای چەپەوە بەهێواشی سەری دێنێتە دەرەوە)

**ئۆلاف**:

مامە، مامە هیلمار!

**هیلمارتۆنەسێن**:

ها، ئەوە تۆیت؟ ئەوە بۆ لەسەروە نیت؟ خۆ تۆ زیندان کراویت.

**ئۆلاف** ( دووهەنگاو دێتە پێشەوە):

بێدەنگ بە! مامە هیلمار، دەزانی چی؟

**هیلمارتۆنەسێن**:

ئا، دەزانم، ئەمڕۆ دارکارییان کردوویت.

**ئۆلاف** ( بەتووڕەییەوە سەیری ژوورەکەی باوکی دەکات):

ئەو ئیتر ناتوانێ لێم بدات. بەڵام دەزانیت خاڵە یۆهان سبەێنێ لەگەڵ ئەمەریکێکاندا

سەفەردەکات؟

**هیلمارتۆنەسێن**:

ئەوە چ پەیوەندی بە تۆ وە هەیە؟ بزانم برۆرەوە سەرەوە دەی.

**ئۆلاف**:

مامە، لەوانەیە منیش جارێك بچمە ڕاوە گامێش.

**هیلمارتۆنەسێن**:

قسەی قۆڕ؛ ترسنۆکێکی وەك تۆ۔

**ئۆلاف**:

بەڵێ، بەم زووانە؛ سبەینێ دەزانیت!

**هیلمارتۆنەسێن**:

هیچ لەبارانەبوو!

( هیلمار تۆنەسێن لە باخچەکەوە دەڕواتە دەرەوە. ئۆلاف کە پاریزەر کراپ دەبینێ وا لەلای

چەپەوە دێ، دووبارە ڕادەکاتەوە ژوورەوە و دەرگاکە دادەخات)

**پارێزەر کراپ** ( دەچێتە لای دەرگای ژوورەکەی کونسووڵەوە و نیوەی دەرگاکە دەکاتەوە):

ببوورن من دیسان هاتمەوە، جەنابی کونسووڵ؛ کەش بەرەو سەختی دەچێ. ( کەمێك چاوەڕێدەکات؛ هیچ وەڵامێك نیە) لەگەڵ ئەوەشدا هەردەبێ < کچی هیندی سوور>دەرچێ؟ ( پاش ماوەیەکی کورت کونسووڵ وەڵام دەداتەوە)

**کونسووڵ بێرنیك** ( لەنێو ژوورەکەوە):

لەگەڵ ئەوەشدا < کچی هیندی سوور> هەردەبێ دەرچێ.

( پارێزەر کراپ دەرگاکە دادەخاتەوە و دیسانەوە لەلای ڕاستەوە دەچێتەوە دەرێ)

## بەشی چوارەم

( هۆڵی سەرباخچەکەی کونسووڵ بێرنیک. مێزی ئیش لەسەر کردنەکە براوەتە دەرەوە. پاش نیوەڕۆیەکی تۆفاناویە و نیمچە تاریکە، کاتێک ئەم ڕووداوانە ڕوودەدەن.)

( خزمەتکارێك مۆمی ناو مۆمدانەکان دادەگیرسێنێ؛ دوو خزمەتکاری کچ لەسەر مێز و بەدرێژایی دیوارەکان ئینجانە گوڵ و چرا و مۆم دادەنێن. بازرگان ڕوومێل، بەکراس و پانتۆڵ و دەستکێش و پەڕۆیەکی سپی ملە وە، لەساڵۆنەکەدا وەستاوە و فەرمان دەدات)

بازرگان ڕوومێل:( بەخزمەتکارە کوڕەکە) یاکوب، هەر لەدوو مۆم یەکێکیان داگیرسێنە. نابێ ئێرە ئەوەندەش بەزەوق و خۆش دیاربێ؛ دەبێ شتێکی چاوەڕواننەکراو بێ. ئەو هەمووگوڵە ـ ؟ ئا؛ دایان نێن؛ با وا دەرکەوێ کە ئەوانە ڕۆژانە هەر لەوێدان ـ

( کونسووڵ بێرنیك لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە)

**کونسووڵ بێرنیك**( لەنێو دەرگاکەدا):

ئەمە مانای چی؟

**بازرگان ڕوومێل:**

ئاخ، ئاخ، ئەوە لێرەیت؟ ( بە خزمەتکارەکان.) باشە، ئێستا دەتوانن بۆ ماوەیەکی کورت ئێرە بەجێ بهێڵن.

( خزمەتکارەکە و کچەخزمەتکارەکان لەدەرگای سەرەوەی لای چەپەوە دەچنە دەرەوە)

**کونسووڵ بێرنیك** ( نزیکتردەبێتەوە):

بەڵام، ڕوومێل، ئەمە مانای چی؟

**بازرگان ڕوومێل:**

ئەمە مانای ئەوەی کە تۆ ساتەوەختی شانازی بە خۆوە کردنت هاتووە. ئەم ئێوارەیە شارەکە بۆ یەکە پیاوی خۆیان ئاڵا هەڵدەگرن و ڕێپێواندەکەن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

چی، چی؟

**بازرگان ڕوومێل:**

ڕێپێوانی ئاڵاهەڵگرتن بە تەپڵ و مۆسیقاوە! دەبووایە مەشخەڵیشمان هە ڵکردایە؛ بەڵام نەمان وێرا بەم کەژە باران و تۆفە، زاتی ئەوە بکەین. ئیستا، دەرەروە بەچرا و ڕووناکی دەڕازێنرێتەوە؛ کاتێك لە ڕۆژنامەکانیشدا ئەو وێنەیە بڵاودەکرێتەوە جوان دەنوێنێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

گوێبگرە، ڕوومێل، نامەوێ هیچ لەوبارەیەوە بزانم.

**بازرگان ڕوومێل:**

ئاخر، تازە درەنگە؛ نیوکاتژمێری تر دێن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵام بۆ پێش وەخت تۆ ئەمەت پێ نەوتم؟

**بازرگان ڕوومێل:**

هەر لەبەرئەوەی دەترسام تۆ ڕازی نەبیت. پەیوەندیم بە خانمتانەوە کرد؛ ئەو کەمێك مۆڵەتی ڕێکخستنی ئەمەی دامێ و پاشان ئەو خۆی مشووری خواردن و خواردنەوەش دەخوا.

**کونسووڵ بێرنیك** ( گوێدەگرێ):

ئەوە چییە؟ هەر ئاوها زوو هاتن؟ وابزانم من گوێم لە گۆرانیە.

**بازرگان ڕوومێل** ( لەبەردەم دەرگای باخچەکەدا):

گۆرانی؟ ئا، ئەوە ئەمەریکییەکانن. ئەوە < کچی هیندی سوور>ە لەسەر بەرمیل ڕایدەکێشنە دەریاوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ڕایدەکێشنە دەریاوە! ئا؛ نەخێر، ڕوومێل، [دەزانی چی؟] ئەم ئێوارەیە من ئەمەم پێ ناکرێ؛ نەخۆشم.

**بازرگان ڕوومێل:**

بەڵێ، بەڕاستی تۆ نەخۆش دیاریت. بەڵام تۆ دەبێ خۆت گورجکەیتەوە، دەبێ گەر مردن و ئەشکەنجە دانیش بێ، خۆت گورجکەیتەوە! ئێمە هەرسێکمان من و ساندستاد و ڤیگەلاند ئەرکێکی زۆرمان کێشاوە بۆ ڕێکخستنی ئەمە. بەرهەڵستکارەکانمان دەبێ هێندەی بکرێت لەژێر

قورسایی ڕاگەیاندنێکی چڕوپڕی ڕای گشتیدا چۆکیان پێدابدرێ. پڕوپاگەندەکانی شار لە زۆربووندان؛ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کڕینی موڵکەکان ئیتر پێشگیری لێ ناکرێ. تۆ هەر بەناچاری دەبێ ئەم ئێوارەیە، لەکاتی گۆرانی وتن و وتارخوێندنەوەدا، لەکاتی زایەڵەی دەنگی پەرداخەکاندا، بەکورتی، لەکاتی هەڵکشانی کەشێکی ئاهەنگگێڕانەدا وا یان لێ بکەیت بزانن تۆ لەپێناوی چاکەی کۆمەڵگەدا چیت خستووەتە مەترسییەوە. لەکاتی هەڵکشانی جەوێکی ئاهەنگگێڕانەی لەم چەشنەدا، کە من ئاماژەم پێ دا، مرۆڤ دەتوانێ لێرە لەلای ئێمە ئەوپەڕی دەستکەوت بەدەست بهێنێ. بەڵام ئەمەش پێویستە هەبێ، ئەگینا نابێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ ـ

**بازرگان ڕوومێل:**

بەتایبەتی کاتێك خاڵێکی هێندە هەستیار و دژوار دێتە پێشەوە [گرنگە مرۆڤ لەسەرخۆ بێ و زیاتر وریایی پیشان بدات]. بێرنیك سوپاس بۆ خوا، ئێستا، تۆ، ناوێکت هەیە کە دەسەڵاتی بەسەر ئەوشتانەدا دەشکێ. بەڵام ئێستا گوێبگرە ؛ لەگەڵئەوەشدا ئێمە دەبێ پێکەوە لەسەر شتەکان ڕێبکەوین. تۆنەسێنی قوتابی گۆرانیەکی بۆ داناویت. گۆرانیەکە زۆر جوان بەم وشانە دەست پێدەکات: < ئاڵای بیر بڵند هەڵکە>. مامۆستا ڕۆرلوند لە ئاهەنگەکەدا ئەرکی وتار خوێندنەوەی پێ سپێردراوە. بێگومان تۆش دەبێ وەڵامی بدەیتەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

من ئەم ئێوارەیە ناتوانم، ڕوومێل. ئەی تۆ ناتوانیت .؟

**بازرگان ڕوومێل:**

نابێ، ئەگینا بەخۆشحاڵیەوە حەزم دەکرد. وتارەکە وەك تۆ دەزانیت، بۆ تۆیە. ئێستا، دەبێ چەند وشەیەکیش لەبارەی ئێمەوە بوترێ. لەو بارەیەوە من قسەم لەگەڵ ڤیگەلاند و ساندستاد داکردووە. ئێمە بیرمان لەوە کردووەتەوە کە تۆ بە بڕی چاکسازی لەپێناوی کۆمەڵگەکەماندا وەڵام بدەیتەوە؛ ساندستاد دەیەوێ چەند وشەیەك لەبارەی تەبایی نێوان چینەجیاوازەکانی کۆمەڵگاوە بڵێ؛ ڤیگەلاند دەیەوێ هەندێ شت لەبارەی ئەو داواکارییەوە

دەربڕێ کە نابێ ئەو پڕۆژە تازەیە شیرازەی ئەو بناغە ئەخلاقیە تێک بدا کە لە ئێسیادا ئێمە لەسەری ڕاوەستاوین، من بیر لە چەند وشەیەکی کەمی شیاو دەکەمەوە ئافرەتیان تێدا بەبیر بهێنمەوە، ئەگەر چی چالاکییان کەم و بێ بڕشتە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کۆمەڵگە بێ بایەخ نییە. بەڵام خۆتۆ گوێ ناگری .

**کونسووڵ بێرنیك:**

با . با چۆن. بەڵام پێم بڵێ، وەك تۆ بزانیت دەریا لەدەروە زۆر سەخت ودژوارە؟

**بازرگان ڕوومێل:**

ئۆ، تۆ لە < لقە دارخورما> دەترسیت؟ ئەو پاپۆڕە زەمانەتی بۆ دەستەبەرکراوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، زەمانەتی بۆ دەستەبەرکراوە؛ بەڵام .

**بازرگان ڕوومێل:**

لە بارودۆخێکی چاکدایە؛ ئێ ئەوەش گرنگترین شتە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هم. ئەگەر کەشتییەك شتێکی بەسەردابێ، مانای ئەوە نییە ژیانی مرۆڤ تێدا دەفەوتێ. لەو بەسەرهاتەدا ئەشێ کەشتییەکە و بارەکەی زەرەرمەندبن، لەوانەیە مرۆڤ جانتاوکاغەزەکانی تێدابچن.

**بازرگان ڕوومێل:**

شەیتان بەنەفرەت بێ، لەو حاڵەتەدا جانتا و کاغەز ئەوەندە گرنگ نین.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەسەڵات نییە! نەخێر، نەخێر، مەبەستم هەرئەوە بوو. بێدەنگ!ـ دووبارە گۆرانی دەڵێن.

**بازرگان ڕوومێل:**

ئەوە کاتی سواربوونی < لقە دارخورمایە>

( بازرگان ڤیگەلاند لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**بازرگان ڤیگەلاند:**

بەڵێ، ئێستا < لقە دارخورما> ڕادەکێشرێتە دەریاوە. ئێوارەتان باش، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئا ئێوە، کە پیاوێکی شارەزان لە دەریادا، هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی کە .؟

**بازرگان ڤیگەلاند:**

من، جەنابی کونسووڵ، من سوورم لەسەر پەنا بەخوابوون؛ لەگەڵ ئەوەشدا من خۆم لەنێو کەشتیەکەدا بووم و هەندێك دوعاوموفەڕکی بچکۆلەم دابەشکرد، وەك، من بڕوام پێی هەیە، بۆڕەحم و بەزەیی کاریگەری دەبێ.

( بازرگان ساندستاد و پارێزەر کراپ لەلایی راستەوە دێنە ژوورەوە)

**بازرگان ساندستاد** ( هێشتا لەنێو دەرگاکەدایە):

بەڵێ، کە سەرەتا چاك بە دەستەوە هات، ئێدی هەموو شتێك بەدوایدا چاك بەدەستەوە دێ.

ئۆ سەیرکە، ئێوارەتان باش، ئێوارەتان باش!

**کونسووڵ بێرنیك:**

جەنابی کراپ، هیچ هەیە؟

**پارێزەرکراپ:**

من هیچ ناڵێم، جەنابی کونسووڵ.

**بازرگان ساندستاد:**

تەواوی تاقمی کەشتی < کچی هیندی سوور>سەرخۆشن؛ من پیاوێکی ڕاستگۆ نەبم ئەگەر ئەو دڕندانە بەساغی بگەنەجێ.

( لوونا لەلای ڕاستەوە دێت)

**لوونا** ( ڕوو دەکاتە کونسووڵ بێرنیك):

بەڵێ، سڵاوی لێ دەکردیت.

**کونسووڵ بێرنیك :**

هەروازوو سواربوون؟

**لوونا:**

بەهەرحاڵ بەم زووانە. ئێمە لەبەردەمی ئوتێلەکەدا لەیەکتری جیابووینەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەو هەر سوورە لەسەر قسەکەی خۆی؟

**لوونا:**

بەڵێ زۆر.

**بازرگان رووملێل** ( لەلایی پەنجەرەکەوە):

نەفرەت لەم مۆدێلە تازانە؛ پەردەکەم بۆ نایەتە خوارەوە.

**لوونا:**

بۆ دەبێ [پەردەکان] دابدرێنەوە؟ من وامدەزانی دەبێ بە پێچەوانەوە بن ـ

**بازرگان رووملێل:**

سەرەتا دابدرێنەوە، خاتوون. ئا، ئێوە خۆ دەزانن لەوێ چی چاوەڕوان دەکرێ؟

**لوونا:**

باشە. ئادەی با یارمەتیت بدەم؛ ( داوی پەردەکان دەگرێ) من پەردە لەسەر زاواکەم

دادەدەمەوە، گەرچی من حەزدەکەم پەردەی لەسەر لادەم.

**بازرگان رووملێل:**

پاشان دتوانن ئەوەش بکەن. کاتێك باخچەکە پڕدەبێ لە جموجۆڵی خەڵکێکی زۆر، پەردەکان

لادەدرێن، خەڵك لە ناوەوە خێزانێکی سەرسام و خۆشحاڵ دەبینێ؛ ماڵی بەرپرسیار دەبێ وەك

دۆڵابێکی شوشە وابێ.

**کونسووڵ بێرنیك** ( وادیارە کە دەیەوێ شتێك بڵێ، بەلام بەخێرایی دەگەڕێتەوەو دەڕوا بەرەو

ژوورەکەی خۆی)

**بازرگان رووملێل:**

بەڵێ، با بڕۆین دوا گفتوگۆ لەسەر شتەکان بکەین. وەرە ، جەنابی کراپ؛ ئێوە دەبێ لە یەك دوو

زانیاری واقیعیدا یارمەتیمان بدەن.

( هەموو پیاوەکان دەچنە ناو ژوورەکەی کونسووڵ بیرنیکەوە. لوونا  پەردەی پەنجەرەکان دادەداتەوە و دەیەوێ پەردەی جامخانەی سەر باخچەکەش دابداتەوە، لەناکاو ئۆلاف لەسەرەوە خۆی هەڵدەداتە خوارێ بۆ سەرهەیوانی سەرباخچەکە؛ کۆڵوانەیەکی داوە بەسەر شانیداو بوخچەیەکی بەدەستەوەیە)

**لوونا**:

ئۆه، کورە خوا نەتگرێ، رۆحت بردم!

ئۆلاف ( بوخچەکەی دەشاریتەوە):

بێدەنگ بە، پوورێ!

**لوونا**:

ئەوە لەپەنجەرەوە خۆت هەڵدەدەیتە خوارێ؟ بۆ بەتەمای کوێیت؟

**ئۆلاف**:

بێدەنگ بە؛ قسەمەکە. دەمەوێ برۆم بۆلای مامە یۆهان؛ تەنها تالای بەندەرەکە، تێگەیشتی؛ هەر پێی دەڵیم خوات لەگەڵ. شەوباش پوورێ! ( بەڕاکردن لەباخچەکەوە دەڕواتە دەرەوە)

**لوونا**:

نا، مەڕۆ! ئۆلاف، ئۆلاف!

(یۆهان تۆنە سێن، جلی سەفەری لەبەردایە، جانتایەکی بچکۆلەی لە شاندایە، لەسەرخۆ لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**یۆهان تۆنەسێن**:

لوونا!

**لوونا** ( ئاوڕدەداتەوە):

چی! ئەوە دیسان گەڕایتەوە؟

**یۆهان تۆنەسێن**:

هێشتا چەند خولەکێك کات ماوە. دەبێ جارێکی تر دینا ببینم. ئێمە نابێ بەو شێوەیە لەیەکتری جیابینەوە.

( بێتی ودینا هەردووکیان پاڵتۆیان لەبەردایەو، ئەوەی دواییان جانتایەکی جلی بەدەستەوەیە، لە دەرگای سەرەوەی لای چەپەوە دێنە ژوورەوە)

**دینا:**

بۆ لای ئەو؛ بۆ لای ئەو!

**بێتی:**

باشە، دەچیت بۆلای ئەو، دینا!

**دینا:**

ئەوە خۆیەتی!

**یۆهان تۆنەسێن:**

دینا!

**دینا:**

من لەگەڵ ئێوەدا دێم!

**یۆهان تۆنەسێن:**

چی!

**لوونا:**

دەتەوێت بڕۆیت؟

**دینا:**

بەڵێ، من لەگەڵیان دەڕۆم! ئەوی تر بۆی نووسیوم، دەڵێ کە ئەم ئێوارەیە بەفەرمی هەموو کەسێك دەبێت بزانێ ـ

**یۆهان تۆنەسێن:**

دینا، بۆ ئێوە ئەوتان خۆش ناوێ؟

**دینا:**

من هەرگیز ئەو مرۆڤەم خۆش نەویستووە. ئەگەر بکرێمە دە ستگیرانی ئەو، خۆم فرێ دەدەمە بنی دەریاوە! ئۆ، ئەو دوێنێ چەند بە قسە جوامێرەکانی فشاری بۆهێنام و خستمیە سەر چۆك!

وای لێ کردم هەست بکەم کە چۆن ئەو مەخلوقیکی بێ نرخی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە! من نامەوێ ئیتر بێ نرخ بکرێم. دەمەوێ سەفەرکەم. دەکرێ من لەگەڵتاندا بێم؟

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، بەڵێ . هەزارجار!

**دینا:**

من نامەوێ زۆر سەخڵەتان بکەم. تەنها یارمەتیم بدەن تا بگەمە ئەوێ؛ کەمیك لە سەرەتادا یارمەتیم بدەن ـ

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەخۆشحاڵیەوە دینا، ئەوە هەر خۆی لەخۆیەوە جێبەجێ دەبێ!

**لوونا** ( ئاماژە بۆ دەرگای ژوورەکەی کونسوڵ دەکات) :

بێدەنگ؛ لەسەرخۆ، لەسەرخۆ!

**یۆهان تۆنەسێن:**

دینا، من بەباوەش هەڵتان دەگرم!

**دینا:**

ئیوە بۆتان نیە بەباوەش هەڵم گرن. من خۆم خۆم هەڵدەگرم تا دەگەمە جێ؛ لەوێش خۆم دەتوانم. تەنیا لێرە دوورکەومەوە. ئۆ، ئەو خانمانە، ئەوان نازانن، ئەوانیش ئەمڕۆ بۆیان نووسیووم؛ ئامۆژگاریم دەکەن بەختی خۆم بزانم، شایستە بە ئەو جوامێرییەیی ئەو پیشانی داوە ڕەفتاربکەم. سبەینێ و هەموو ڕۆژەکانی دوا تریش ئەوان چاودیریم دەکەن تا ببینن من شایستەی ئەوەم. من ترسێکی زۆرم لەهەموو ئەم ڕیکوپێکیەهەیە!

**یۆهان تۆنەسێن:**

پێم بڵێ، دینا، ئێوە هەر لەبەر ئەوە سەفەردەکەن؟ ئەی من هیچ نیم بۆ ئێوە؟

**دینا:**

با، یۆهان، ئێوە بۆ من لە هەموو کەسێك زیاترن.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئۆ دینا !

**دینا:**

ئەوان لێرە هەموو دەڵێن کە من دەبێ ڕقم لە ئێوە بێ؛ ئەوە ئەرکی سەرشانی منە؛ بەڵام من لەو ئەرکە تێناگەم؛ هەرگیز ڕۆژێکیش نایە من لەوە تێبگەم.

**لوونا:**

ڕۆڵە، تۆ پێوستت بەوەش نییە!

**مارتا:**

نەخێر، تۆ پێوستت پێی نییە؛ هەر لەبەر ئەوە دەبێ تۆش وەك هاوسەر لەگەڵیدا بڕۆیت.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، بەڵێ!

**لوونا:**

چی؟ مارتا، من دەبێ ماچت بکەم! من چاوەڕێی ئەمەم لە تۆ نەدەکرد.

**مارتا:** نەخێر، باوەڕت پێدەکەم؛ من خۆم چاوەڕوانی ئەوە نەبووم. بەڵام ئەوە هەر دەبووایە جاریک لەناخمدا بتەقێتەوە. ئۆ، ئێمە لێرە چەند بەدەست زاڵمانە ڕەفتارکردن بە نەریت و ڕێساکانەوە ئەشکەنجە دەچێژین! دینا، دژ بەمە ڕاپەڕە. ببە بە هاوسەری ئەو. با شتێکی وا ڕوویدا کە بەرەنگار بوونەوەی هەموو ئەم داب ونەریتە بێ.

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئێوە چی دەڵێن، دینا؟

**دینا:**

بەڵێ، من دەمەوێ ببمە هاوسەری ئێوە.

**یۆهان تۆنەسێن:**

دینا!

**دینا:**

بەڵام من لەپێشا دەمەوێ کاربکەم، خۆم ببم بەشتێ، هەروەك ئێوە. نامەوێ وەك شتێک بهێنرێم و ببرێم.

**لوونا:**

بەڵێ، ڕاستە؛ دەبێ وابێ.

**یۆهان تۆنەسێن:**

چاکە؛ من چاوەڕوانم و هیوادارم .

**لوونا:**

تۆ براوەی، ڕۆڵە! بەڵام ئێستا بڕۆن سواری کەشتییەکەبن!

**یۆهان تۆنەسێن:**

ئا، بۆ ناو کەشتییەکە! ئاە، لوونا، خوشکی ئازیزم، بەس یەك شت؛ گوێبگرە ـ ( ئەو لوونا دەباتە دواوە و بە حەماسەوە قسەی لەگەڵدا دەکات)

**مارتا:**

دینا، تۆ بەختەوەری، با بۆ دواجار تێر سەیرتکەم، جارێکی تر ماچت کەم.

**دینا:**

نەخێر، بۆ دواجار نییە؛ پووره ئازیزه خۆشەویستەکەم، بێگومان ئێمە جارێکی تر یەك دەبینینەوە.

**مارتا:**

هەرگیز! دینا، بەڵێنم پێ بدە، هەرگیز ناگەڕێیتەوە. ( هەردوودەستەکانی دەگرێ و تەماشای دەکات) ئەی منداڵی خۆشەویست؛ ئێستا تۆ بە ناو دەریادا بەرەو بەختیاری دەڕۆیت. ئای، چەندەها جار لە پۆلی قوتابخانەوە بیرم لەوێ کردووەتەوە! ئەوێ دەبێ جوان بێ؛ ئاسمانەکەی فراوانتربێ؛ هەورەکانی ئەوێ لە چاو هەورەکانی ئێرەدا بەرزتر هەڵکشێن، هەوایەکی ئازادانەتر سەری مرۆڤ فێنك بکاتەوە ـ

**دینا:**

ئۆۆ، پووره مارتا، ڕۆژێك دی تۆش بەدواماندا ڕێ هەڵدەگریت.

**مارتا:**

من؟ هەرگیز؛ هەرگیز. من لێرە خەریکی ژیانە بچکۆلەکەی خۆمم، من تاڕادەیەك پێم وایە ئێستا من دەتوانم تەواو ببم بەوەی کە خۆم دەمەوێ.

**دینا:**

ناتوانم بیر لەوەبکەمەوە کە لە تۆ جیادەبمەوە.

**مارتا:**

بەداخەوە، دینا، مرۆڤ دەتوانێ لە زۆر شت جیابێتەوە. ( ماچی دەکات) بەڵام تۆ هەرگیز ئەوە تاقی مەکەرەوە، منداڵە شیرینەکە. بەڵێنم پێ بدە کە ئەو بەختیار بکەیت.

**دینا:**

من نامەوێ هیچ بەڵێنێ بدەم؛ قینم لە بەڵێن دانە؛ هەموو شتێك پێویستە وەك خۆی چۆن دێ ئاوها بێ.

**مارتا:**

بەڵێ، بەڵێ، دەبێ وابێ؛ تۆ دەبێ تەواو ئەوە بی کە هەی، ڕاست و ڕەوان بەرامبەر بە خودی خۆت.

**دینا:**

من ئەوەم دەوێ، پووری.

**لوونا** ( هەندێ وەرەقە کە یۆهان داوێتێ لە گیرفانیدا دەشارێتەوە):

چاکە، چاکە، کوڕی ئازیزم. بەڵام ئێستا دەبێ بڕۆن.

**یۆهان تۆنەسێن:**

بەڵێ، ئێستا هیچ وەخت نەماوە بۆ بەفیڕۆدان. خوات لەگەڵ، لوونا؛ سوپاس بۆ خۆشەویستیت. خوات لەگەڵ مارتا، سوپاس بۆ تۆش بۆ وەفاداری هاوڕێیەتیت.

**مارتا:**

خوات لەگەڵ، یۆهان! خوات لەگەڵ، دینا! هەموو ڕۆژەکانتان کامەرانی بێ!

( مارتا و لوونا بەدوایانەوەن تا بەر دەرگاکە. یۆهان تۆنەسێن و دینا بەپەلە لەباخچەکەوە دەڕۆنە دەرەوە. لوونا دەرگاکە دادەخات و پەردەی سەردەرگاکەش دادەداتەوە)

**لوونا:**

ئێستا من و تۆ تەنیاین، مارتا تۆ دینات لەکیس چوو منیش یۆهان.

**مارتا:**

تۆ ـ ئەو؟

**لوونا:**

ئۆۆ، تازە من لەوێ تا نیوەی ڕێگا ئەوم لەکیس چووبوو. ئەم کوڕە دەهات و دەچوو بیری هەر لەلای ئەوە بوو پشت بەخۆی ببەستێ؛ بۆیە وام پیشاندا کە من تاسەوئارەزووی بۆ وڵات دڵتەنگی کردووم.

**مارتا:**

ئەوە بۆیە؟ بەڵێ، ئێدی من لە هاتنت تێدەگەم. بەڵام لوونا، ئەو هەر [ڕۆژێك] داوای گەڕانەوەت لێ دەکات بۆ ئەوێ.

**لوونا:**

ئەو ئیتر چی لە زرخوشکێکی بە ساڵا چوو بکات؟ پیاوان، هەر لە پێناوی ئەوەی بە خۆش بەختی بگەن، زۆر شت لە دەورووبەری خۆیان تێکوپێك دەدەن.

**مارتا:**

هەندێ جار ئەوە  وایە.

**لوونا:**

بەڵام ئێمە دەبێ پشتی یەکتری بگرین، مارتا.

**مارتا:**

ئینجا من بەکەڵکی تۆ دێم؟

**لوونا:**

کێ لەتۆ زیاتر بەکەڵکم دێ؟ ئێمە دوو دایەنی پەروەردەکار، ئەی ئێمە هەردووکمان پێکەوە منداڵەکانمان لە کیس نەچووە؟ ئێستا ئیتر ئێمە تەنیاین.

**مارتا:**

بەڵێ، تەنیاین. بۆیە حەزدەکەم تۆش ئەوە بزانیت، من یۆهانم لە هەموو شتێك زیاتر لەم دنیایەدا خۆشدەویست.

**لوونا:**

مارتا!( قۆڵی دەگرێ) ئەوە بەڕاستتە؟

**مارتا:**

تەواوی ناوەڕۆکی ژیانی من لەنێو ئەو وشانەدایە. من ئەوم خۆش دەویست و چاوەڕوانی بووم. هەموو هاوینێك چاوەڕێ بووم بگەڕێتەوە. دواجار ئەو گەڕایەوە؛ بەڵام منی نەبینی.

**لوونا:**

خۆشت دەویست! بەڵام تۆ خۆت بەختەوەریت کردە ناودەستییەوە.

**مارتا:**

ئەی من کە ئەوم خۆش دەویست، دەبووایە بەختەوەری نەکەمە دەستییەوە؟ بەڵێ، من ئەوم خۆش دەویست. هەموو ژیانم، لەوکاتەوەی ئەو ڕۆیشت و سەفەریکرد، لە پێناوی ژیانی ئەودا بوو. دەپرسی، چ هۆیەك هەبوو من دڵبەندی ئەو هیوایەبکات؟ ئۆ، من پێم وایە چەند هۆکارێکم هەبوو بۆ ئەوە. بەڵام پاشان کە گەڕایەوە، ـ وەك ئەوە وابوو کە لە بیرەوەری ئەودا هەموو شتێك سڕابێتەوە. ئەو منی نەبینی.

**لوونا:**

مارتا، دینا بەرچاوی گرتبوو بۆیە ئەو چاوی لە تۆ نەبوو.

**مارتا:**

باش بوو کە دینا وایکرد. ئەوکاتەی یۆهان سەفەریکرد، ئێمە لەیەك تەمەندابووین؛ بەڵام کە من دووبارە ئەوم بینییەوە، ئۆۆ، ئەو ساتە ناخۆشە، بۆم دەرکەوت کە من ئێستا دە ساڵ لەو گەورەتر بووم. ئەو لەوێ لەدەرەوە لەژێر ئەو خۆرە گەرمە درەخشاوە بریقەدارەدا گەڕاوە و

لاوێتی و تەندروستی لە هەموو هەناسەدانێکدا هەڵمژیوەو؛ منیش لێرە لە ژوورەوە دانیشتم و ڕستم و ڕستم ـ

**لوونا:**

بەنی بەختەوەری ئەوت ڕست، مارتا.

**مارتا:**

بەڵێ، من تاڵی ئاڵتوونم ڕست. بێ رقوکینە! وانیە، لوونا، ئێمە دوو خوشکی چاکی ئەو بووین؟

**لوونا** ( دەست دەکاتە ملی):

مارتا!

( کونسووڵ بێرنیك لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە.)

**کونسووڵ بێرنیك** ( لەگەڵ پیاوەکانی کە لە ژوورەوەن):

بەڵێ، بەڵێ، ئێوە وەك ئەوەی خۆتان دەخوازن هەمووی بەڕێوەی بەرن. کە کاتی خۆی هات، بێگومان منیش ( دەرگاکە دادەخات) ئا، پیاوی لێ یيە؟ گوێبگرە، مارتا، تۆ دەبێ کەمێك خۆت بگۆڕیت، بە بێتیش بڵێ با کەمێك خۆی بگۆڕێ. دیارە من حەزم لە باق وبریق نییە؛ تەنها بە شکڵێکی ناوماڵی ڕێکوپێکەوە. بەڵام دەبێ خێراکەن.

**لوونا:**

بیرەوەریەکی خۆش و شادمانیش بهێننەوە بیری خۆتان، مارتا؛ پێویستە ڕووتان خۆش بێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**
ئۆلافیش دەبێ بێتە خوارەوە؛ ئەو پێویستە لە تەنیشت خۆمەوە دابنیشێ.

**لوونا:** هم؛ ئۆلاف.

**مارتا:**

دەچم بە بێتی ڕادەگەیەنم. ( لەدەرگای سەرەوەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە.)

**لوونا:**

بەڵێ، ئێستا ئیتر کاتی ئەو ساتەگرنگە هاتووە.

**کونسووڵ بێرنیك** ( بەنائارامیەوە دێ و دەچێ):

بەڵێ، وایە.

**لوونا:**

وابزانم، لە کاتێکی ئاوهادا مرۆڤ پێویستە هەست بە شانازی و بەختەوەری بکات.

**کونسووڵ بێرنیک** ( سەیری دەکات):

هم!

**لوونا:**

گوێم لێبوو هەموو شارەکە ڕووناک دەکەنەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵێ، بڕیاری شتێکی لەو جۆرەیان داوە.

**لوونا:**

هەموو سەندیکاکان بە ئاڵاکانیانەوە ئامادەدەبن. ناوی بەگڕ نووسراوی تۆ دەدرەوشێتەوە. ئەم شەو تەلەگراف بۆ هەموو لایەکی وڵات دەنێردرێ. " کونسووڵ بێرنیک لەناو خێزانە بەختەوەرەکەیدا وەك یەکێك لەپایەکانی کۆمەڵگە پێشوازی لە ئاهەنگی ستایشی هاووڵاتییانی کرد".

**کونسووڵ بێرنیک:**

ڕوودەدات؛ لەدەرەوە هاواردەکرێ بژیت، جەماوەر لەبەر دەمی ئەودەرگایەدا ئاهەنگم بۆ دەگێڕن، منیش ناچاردەبم سەری ڕێز دانەوێنم وسوپاسگوزاربم.

**لوونا:**

ئۆهـ، ناچاردەبیت ـ

**کونسووڵ بێرنیک:**

پێتوایە من لەو ساتەدا هەست بە بەختەوەری بکەم؟

**لوونا:**

نەخێر، من پێم وانیە  کە تۆ ئیتر بەڕاستی هەست بە بەختەوەری بکەیت.

**کونسووڵ بێرنیک:**

لوونا، تۆ قینت لەمنە.

**لوونا:**

هێشتا نا.

**کونسووڵ بێرنیك:**

تۆ مافی ئەوەت نییە، قینت لێم بێ!  لوونا، تۆ نازانیت من چەند بە تەنیا لە نێو ئەم کۆمەڵگە داخراوە خراپ دروست بووەدا ڕاوەستاوم، هەر لەباسکردن نایە. چۆن چۆنی ساڵ لەدوای ساڵ دەبووایە لەداواکارییەکانم کەم بکەمەوە لەپێناوی بەجێهێنانی ئەرکی تەواوی ژیاندا. دەسکەوتم چی بوو، چەند زۆر و بێ شومار بێتە بەرچاو؟ بەشێکی کەمە، شایانی باس نییە.  بەڵام لێرە شتێکی لەوەزیاتر  لەباردانیە. بم ویستایە هەنگاوێك بچمە پێش ئەو نەریت و ڕوانگەیەوەی کە لەم ڕۆژگارەدا بوونی هەیە، ئەوا ئیتر بێ پلەوپایە و بێ دەسەڵات دەبووم. تۆ دەزانیت ئێمە چین، ئێمە کە بە پایەکانی کۆمەڵگە حیساب دەکرێین؟ ئێمە بەبێ زیاد وکەم، ئامرازی دەستی کۆمەڵگەین.

**لوونا:**

بۆ تۆ ئێستا بۆیەکەم جار ئەوە ئاوها دەبینیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەبەرئەوەی لەم ماوەیەی دواییدا من زۆرم بیرکردەوە،  لەوەتەی تۆ گەڕاویتەوە، زیاتر لەم ئێوارەیەدا.  ئۆ، لوونا، بۆچی من ئەوسا ڕۆژانی کۆن - تۆم بە قووڵی نەناسی.

**لوونا:**

بۆ چی؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

من هەرگیز دەست بەردارت نەدەبووم؛ و ئەگەر من تۆم هەبووایە، هەرگیز لەم دۆخەی ئێستا دا نەدەبووم.

**لوونا:**

ئەی بیر لەوە ناکیتەوە ئەو چی دەبوو بۆ تۆ، ئەوەی، کە تۆ لەبری من هەڵتبژارد؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەهەرحاڵ من دەزانم کە ئەو هیچ نەدەبوو بۆ من ئەوکاتەی پێویستم پێی دەبوو.

**لوونا:**

لەبەرئەوەی تۆ هەرگیز ژیانت لەگەڵدا بەش نەکردووە؛ لەبەرئەوەی تۆ هەرگیز بە ئازادی و بەڕاستی پرسیارت لەبارەی پەیوەندی ئەو لەگەڵ تۆدا لێ نەکردووە؛ لەبەرئەوەی تۆ کارێکی ئاوهات کردووە ئەو لەژێر باری خۆسەرزەنشتکردندا داڕمێ، لەبەر ئەو ئابڕوچونەی تۆ بەهۆی کەس وکارەکەیەوە تووشی بوویت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ؛ هەرهەمووی لە درۆوبوختانکردنەوە هاتووە.

**لوونا:**

ئەی بۆچی تۆ ئیتر ئەو هەموو درۆوبوختانانە دەرناخەیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێستا؟ ئێستا درەنگە، لوونا.

**لوونا:**

پێم بڵێ، کەشتن ئەم فرو فێڵە چ ڕەزامەندیەکت پێ دەبەخشێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هیچ بە من نابەخشێ. من دەبێ وەك هەموو ئەم کۆمەڵگە نابووتە تێداچم. بەڵام نەوەیەك پاش ئێمە گەورەدەبێ؛ من لەپێناوی کوڕەکەمدا کاردەکەم؛ من تەواوی بەرهەمی ژیانی خۆم دەخەمە بەردەستی ئەو. ئەوسا کاتێك دێتە پێشەوە کە حەقیقەتی ژیانی کۆمەڵگە سەرەولێژدەبێتەوە، کەوتووەتە سەر کوڕەکەم دەبێ ئەو بناغەی هەبوونێکی بەختەوەرانەتر لەچاو ئەوەی باوکیدا هەڵبەستێ.

**لوونا:**

لەسەر بناغەیەکی درۆ؟ بیرکەرەوە تۆ چی بەمیرات بۆ کوڕی خۆت بەجێ دەهێڵیت.

**کونسووڵ بێرنیك** ( بە پەشیواویەکی چەپێندراوانەوە):

من میراتییەکی هەزار جار خراپتر، لەوەی کە تۆ دەیزانیت بۆئەو بەجێ دەهێڵم. بەڵام دواجار دەبێ نەفرت دوورکەوێتەوە. ئێ ئیتر ـ لەگەڵ ئەوەشدا ـ ( بەتووڕەییەوە) چۆن ئێوە توانیتان ئەم هەموو شتە بهێننە کەللەی منەوە! بەڵام تازە ئەوە بوو. دەبێ من ئێستا بەرەو پێشەوە بڕۆم. نابێ ئێوە لە تێکشکاندنی مندا سەرکەوتووبن!

( هیلمارتۆنەسێن، نامەیەکی بەدەستەوەیە و لەلایی ڕاستەوە بەپەلەو پەشێواوی دێتە ژوورەوە.)

**هیلمارتۆنەسێن:**

بەڵام ئائەمە . بێتی، بێتی!

**کونسووڵ بێرنیك:**

چی بووە؟ هەروازوو هاتن؟

**هیلمارتۆنەسێن:**

نەخێر، نەخێر؛ بەڵام من پێویستەو دەبێ لەگەڵ یەکێکدا قسەبکەم ( هیلمارتۆنەسێن لەدەرگاکەی سەروتری لای چەپەوە دڕواتە دەرێ)

**loona:**

کەشتن؛ تۆ واقسەدەکەیت وەك ئەوەی ئێمە هاتبین تۆ تێکبشکێنین. ئینجا با پێت بڵێم چ کانزایەك لەو کورِە نائەسڵەدا هەیە کە کۆمەڵگە ئەخلاقخوازەکەی ئێوە، وەك کەسێکی تاعوون توشهاتوو لێی دووردەکەونەوە. ئەو وازتان لێدەهێنێ، چونکە سەفەری کرد.

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵام ئەو دەخوازێ دووبارە بگەڕێتەوە ـ

**لوونا:**

یۆهان هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێتەوە. ئەو بەیەکجاری سەفەری کرد و دیناش لەگەڵیدا ڕۆیشت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

دووبارە ناگەڕێتەوە؟ دیناش لەگەڵیدا ڕۆیشت؟

**لوونا:**

بەڵێ، بۆئەوەی ببێ بە هاوسەری. بەو جۆرە ئەو دووانە دەماڵن بەسەروفەساڵی ئەو کۆمەڵگە خەسڵەت چاکەی ئێوەدا، هەر وەك چۆن من جارێك لە جاران ـ ئێستا!

**کونسووڵ بێرنیك:**

سەفەریکرد؛ دیناش ـ بە < کچی هیندی سوور>. !

**لوونا:**

نەخێر؛ نەیوێرا متمانە بەگواستنەوەی هێندە گرانی ئەو بەدرەوشتانە بکات. یۆهان و دینا بە < لقەدارخورما> سەفەریانکرد.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئاه ! کەواتە ـ بێ هوودە یە ( بە پەلە دەڕوات ، دەرگای ژورەکەی خۆی بەتووندی دەکاتەوە و هاواردەکات) کراپ، <

کچی هیندی سوور>ڕاوەستێنە؛ نابێ ئەو ئەم ئێوارەیە دەرچێ!

**پارێزەر کراپ** ( لە ژوورەوە):

جەنابی کونسووڵ < کچی هیندی سوور> تازە دەرچوو لەدەریادایە.

**کونسووڵ بێرنیك** ( دەرگاکە دادەخات و بەشەکەتیەوە) :

درەنگە ـ سوودی نییە ـ

**لوونا:**

مەبەستت چیە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

هیچ، هیچ لێم گەڕێ !

**لوونا:**

هم؛ سەیرکە، کەشتن. بابزانیت یۆهان متمانەی ئەو ناو ناوبانگەی داوەبە من کە جارێك بەقەرز دابووی بە تۆ و تۆ لێت دزی کە ئەو لێرە نەبوو؛ یۆهان ئەو نهێنییە نادرکێنێ؛ من دەتوانم ئەوەی بمەوێ لەو مەسەلەیەدا بیکەم. سەیرکە، ئەوە دوونامەکەی تۆیە بەدەستمەوە.

**کونسووڵ بێرنیك :**

لەلای تۆن! ئێستا ـ هەر ئەم ئێوارەیە، ـ لەوانەیە کاتێك خۆپیشاندەرانی ئاڵاهەڵگر ـ

**لوونا:**

من نەهاتووم بۆ ئێرە بۆئەوەی تۆ ئاشکرابکەم، بەڵکو بۆ ئەوەی کارت تێبکەم بەجۆرێك کە تۆ سەربەست بەویستی خۆت قسەبکەیت. بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. ئیتر هەر لە سەر ئەو درۆیەبە. سەیرکە؛ ئەوا هەردوو نامەکانی تۆ دەدڕێنم. پارچەکانیشیان بەرە؛ ئەوە تان. ئێستا هێچ بەڵگەیەك دژی تۆ نییە، کەشتن ئێستا تۆ ئاسوودەیت؛ بەختەوەریش بە ـ ئەگەر تۆ دەتوانیت.

**کونسووڵ بێرنیك** ( مووچڕك بەگیانیدا دێ):

لوونا، تۆ بۆچی پێشتر ئەوەت نەکرد! تازە ئێستا درەنگە؛ تازە هەموو ژیانم بەفیڕۆ چوو؛ لەدوای ئەم ڕۆوە من ناتوانم وەك خۆم بژیم.

**لوونا:**

چی ڕووی داوە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

لێم مەپرسە. بەڵام من هەردەبێ بژیم! من دەمەوێ بژیم ـ لەبەرخاتری ئۆلاف. ئەو هەموو شتەکان دادەڕێژێتەوە و بەچاکەکردن تۆڵەی هەموو گوناحەکان دەکاتەوە ـ

**لوونا:**

کەشتن !

( هیلمارتۆنەسێن بەخێرای دێتەوە ژوورەوە)

**هیلمارتۆنەسێن:**

کەسی لێ نییە؛ دیارنین؛ بێتیش دیارنییە!

**کونسووڵ بێرنیك:**

چی قەوماوە؟

**هیلمارتۆنەسێن:**

ناوێرم پێت بڵێم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

چییە؟ دەبێ پێم بڵێیت!

**هیلمارتۆنەسێن:**

ئێ باشە؛ ئۆلاف لەگەڵ < کچی هیندی سوور> دا هەڵهاتووە.

**کونسووڵ بێرنیك** ( لەترێك دەدات بۆ دواوە وەك ئەوەی خەریك بێ بکەوێ):

ئۆلاف ـ لەگەڵ < کچی هیندی سوور>! نا، نا!

**لوونا:**

با، هەڵهات! ئێستا تێدەگەم؛ من بینیم کە خۆی لەپەنجەرەکەوە هەڵدایە خوارەوە.

**کونسووڵ بێرنیك** ( له ناودەرگای ژوورەکەی خۆیدا، بەپەشۆکاوییەوە هاواردەکات):

کراپ، بەهەرشیوەیەك بووە < کچی هیندی سوور>ڕاوەستێنە!

**پارێزەر کراپ** ( دێتە دەرەوە):

مەحاڵە، جەنابی کونسووڵ. ئێوە چۆن بیردەکەنەوە؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەبێ ڕایگرین؛ ئۆلافی لەناودایە!

**پارێزەرکراپ:**

دەڵێن چی!

**بازرگان ڕوومێل** ( دێتە دەرەوە):

ئۆلاف ڕای کردووە؟ شتی وا نابێ!

**بازرگان ساندستاد** (دێ) :

لەگەڵ چاودێری سەرپەرشتیاردا دەینێرنەوە، جەنابی کونسووڵ.

**هیلمارتۆنەسێن:**

نەخێر، نەخێر؛ بۆی نووسیووم؛ ( نامەکە پیشاندەدات) دەڵێ خۆی لە نێو بارەکاندا دەشارێتەوە تائەوکاتەی دەکەونە فەزای دەریاوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

هەرگیز نایبینمەوە!

**بازرگان ڕوومێل:**

ها، ئەو قسەیە چییە؛ پاپۆڕێکی بەهێزوتوندوتۆڵ، تازە چاکراوەتەوە ـ

**بازرگان ڤیگەلاند** ( لەژوورەکەی کونسوڵ هاتۆتە دەرەوە):

لە ورشەکەی خۆتاندا، جەنابی کونسووڵ!

**کونسووڵ بێرنیك:**

من دەڵێم ، هەگیز نایبێنمەوە . لەکیسم چوو، لوونا ـ ئێستا دەزانم ـ من هەرگیز خاوەنی ئەو نەبووم. ( گوێ دەگرێ) ئەوە چییە؟

**بازرگان ڕوومێل:**

مۆسیقایە، خۆپیشاندەرانی ئاڵاهەڵگر هاتن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

من ناتوانم، نامەوێ پێشوازی لە کەس بکەم!

**بازرگان ڕوومێل:**

تۆ دەڵێی چی؟ شتی وا نابێ.

**بازرگان ساندستاد:**

نابێ، جەنابی کونسووڵ؛ بیرکەرەوە چ ئاکامێکی بۆ تان دەبێ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێستا ئەمە هەمووی بۆ من چ مانایەکی هەیە! کێم هەیە ئێستا من ئیتر کاری بۆبکەم؟

**بازرگان ڕوومێل:**

دهکرێ تۆ ئەوپرسیارەبکەیت؟ تۆ ئێمە خۆمان و کۆمەڵەگەت هەیە.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

بیرت نەچێ کونسووڵ کە ئێمە ـ

(مارتا لەدەرگای لای سەروی چەپەوە دێتە ژوورەوە. مۆسیقا بە ئەسپایی لەخوار شەقامەکەوە ، دێتە گوێ)

**مارتا:**

خۆپیشاندەران هاتن؛ بەڵام بێتی لەماڵەوە نیە؛ من نازانم ئەو لە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

لەماڵەوە نیە! خۆ دەبینی، لوونا؛ بێ هیچ پشتگیری لێکردنێك، نە لەخۆشیداو نە لە ناخۆشیدا.

**بازرگان ڕوومێل:**

پەردەکان لادەن! وەرە جانابی کراپ، یارمەتیم بدە. جەنابی ساندستاد، ئێوەش وەرن. مایەیی خەمبارییە کە ئێستا ئاوا خێزانەکە، تەواو بە پێچەوانەی بەرنامەکەوە پەرش و بڵاو بوونەتەوە.

( پەردەکانی سەر دەرگاو پەنجەرەکان لادەدرێن. مرۆڤ تەواوی شەقامەکە ڕازاوەو ڕووناك دەبینێ. لافیتەیەکی گەورە بە خانووەکەی ئەوبەرەوە هەڵواسراوە و لێی نووسراوە: " بژی کەشتن بێرنیك، پایەیی کۆمەڵگەکەمان!")

**کونسووڵ بێرنیك** ( بەرەو دواوە دووردەکەوێتەوە):

ئەمانە هەموویان لابەن! من نامەوێ بیانبینم! بیانکوژێننەوە، بیانکوژێننەوە!

**بازرگان ڕوومێل:**

لەگەڵ ڕێزدا دەپرسم، ئەوە تۆ تێکچوویت؟

**مارتا:**

لوونا، ئەوە چییەتی؟

**لوونا:**

هیش! ( بەهێواشی قسەی لەگەڵدا دەکات)

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەڵێم، ئەو دروشمە بەدەست نووسراوە لابەن! نابینن کە ئەوهەموو ڕووناکییە چۆن زمانمان لێ دەردەهێنن؟

**بازرگان ڕوومێل:**

نەخێر، من دەبێ ئێستا دان بەوەدا بنێم ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئۆ، ئێوە چی تێدەگەن ! بەڵام من، من ! ئەمە هەمووی ڕووناکی نێو هۆڵێکی مەیتخانەیە!

**پارێزەر کراپ:**

هم ـ

**بازرگان ڕوومێل:**

نەخێر، تۆ دەزانی چی،  تۆ زۆر بەقورسی وەرتگرتووە.

**بازرگان ساندستاد:**

کوڕەکە چووە بۆ پیاسەیەکی دەریایی ئەتڵەنتیك، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ لات.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

تە نها ئیمانت بەخاوەنی قودرەتی قادر هەبێ، جەنابی کونسووڵ.

**بازرگان ڕوومێل:**

پاپۆڕەکەش، بێرنیك؛ من بزانم، پاپۆڕەکە لەحاڵوبارێکی وادانیە نقووم بێ.

**پارێزەر کراپ:**

هم ـ

**بازرگان ڕوومێل:**

بەڵێ، بۆ ئەو کەشتییە یەکێکە وەك ئەو تابوتی جەنازە سەرئاوکەوتوانەی کۆمەڵگە گەورەکان، کە خەڵك لەبارەیانەوە دەبیستێ ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

واهەست دەکەم ئێستا لەم ساتەدا تاڵەکانی قژم سپی دەبن.

( بێتی، شاڵێکی گەورەی بەسەرەوەیەو، لەدەرگای سەرباخچەکەوە دێتە ژوورەوە)

**بێتی:**

کەشتن، کەشتن، دەزانیت ـ ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، من دەزانم ؛ بەڵام تۆ. تۆ، کە هیچ نازانیت، تۆ، کە بەچاوێکی دایکانەوە ئاگاداری ئەو نەبوویت !

**بێتی:**

گوێبگرە!

**کونسووڵ بێرنیك:**

بۆچی ئاگات لێی نەبوو؟ تازە من ئەوم لەدەست چوو. ئەگەر دەتوانیت دووبارە ئەوم پێ بدەرەوە!

**بێتی:**

بەڵێ. دەتوانم؛ ئەو لەلای منە!

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەو لەلای تۆیە!

**پیاوەکان:**

ئێ!

**هیلمارتۆنەسێن:**

من، بیرم لەوە کردبووە.

**مارتا:**

کەشتن، دووبارە تۆ بوویتەوە بەخاوەنی!

**لوونا:**

بەڵێ، ئێستا متمانە و خۆشەویستی پیشاندە و بیکە بە لایەنگیری خۆت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەو لەلای تۆیە! ئەوەی تۆ ئەو قسەیەت بە ڕاستە؟ کوا ئەی لەکوێیە؟

**بێتی:**

پێت ناڵێم هەتا لێی نەبووریت.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ها چی لێی ببورم ! بەڵام تۆ چۆن زانیت؟

**بێتی:**

پێتوانیە دایك دەبینێ؟ من لەترسانە خەریکبوو دەمردم لەوەی کە تۆ دووچاری شتێکی ناخۆش ببیت. ئۆلاف دوێنێ دوو وشەی لەدەم دەرچوو؛ ئینجا کاتێك ژوورەکەی بەتاڵبوو، جانتاو جلەکانی دیارنەبوون ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، بەڵێ؟

**بێتی:**

من ڕامکرد؛ هانام بۆ ئەونا برد؛ سواری بەلەمە چارۆکەدارەکەی ئەوبووین؛ پاپۆڕە ئەمەریکیەکە لەدەرچووندا بوو. خوا ڕەحمیکرد، ئێمە لەکاتی خۆیدا گەیشتین، چووینە ناوەوە، گەڕاین بەدوایدا، دۆزیمانەوە. بەڵام، کەشتن، تۆ نابێ سزای بدەیت!

**کونسووڵ بێرنیك:**

بێتی!

**بێتی:**

ئەوناش نابێ سزابدەیت!

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئەونا؟ هەواڵی ئەو چییە؟ <کچی هیندی سوور> دیسان بەرێکەوتەوە؟

**بێتی:**

نەخێر، مەسەلەکە ئەوەیە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

قسەبکە، قسەبکە!

**بێتی:**

ئەوناش وەك من پەرێشان بوو؛ تا دۆزیمانەوە زۆری پێ چوو؛ دنیا تاریکببوو، ئینجا فەرمانبەری سەرپەرشتیکار خەریك بوو کارەکە دژوارکات؛ ئیترئەونا غیرەتی کرد ـ بەناوی تۆوە ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێ؟

**بێتی:**

پاپۆڕەکە تا بەیانی لە جوڵە ڕاگرێ.

**پارێزەرکراپ:**

همم ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئۆخەی، چ بەختەوەرییەکی گەورەیە!

**بێتی:**

چی تووڕە نیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئۆ، چ بەختەوەرییەکی لە ڕادەبەدەرە، بێتی!

**بازرگان ڕوومێل:**

تۆ چەند ویژدان زیندوویت.

**هیلمارتۆنەسێن:**

بەڵێ، ئیتر بە مزووانە شەڕێکی بچووك لەگەڵ تووخمەکاندا بەرکارە ـ ئاخ!

**پارێزەرکراپ** ( لەسەروە لای پەنجەرەکەوە):

ئێستا خۆپیشاندەران لەدەرگای باخچەکەوە دینە ژوورەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئا، ئێستا با بێن.

**بازرگان ڕوومێل:**

باخچەکە هەمووی پڕدەبێ لە خەڵك.

**بازرگان ساندستاد:**

هەموو شەقامەکە پڕە لە خەڵك.

**بازرگان ڕوومێل:**

هەموو شارەکە هاتوون، بێرنیك. بەڕاستی ئەمە ساتەوەختێکی ئاگراوییە.

**بازرگان ڤیگەلاند:**

با ئێمە بەوپەڕی چاوی ڕێزەوە تەماشای بکەین، جەنابی ڕوومێل.

**بازرگان ڕوومێل:**

هەموو ئاڵاکان بەرزکراونەتەوە. چ خۆپیشاندانێکە! ئەوا کۆمیتەی

ئاهەنگگێڕانەکەش بە سەرۆکایەتی مامۆستا ڕۆرلوند گەیشتن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

من دەڵێم، بابێنە ژوورەوە!

**بازرگان ڕوومێل:**

بەڵام گوێبگرە؛ لەو حاڵەتە شڵە ژاوییەی تۆی تێیدای ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێ چییە؟

**بازرگان ڕوومێل:**

من نامەوێ ئەوەرەتبکەمەوە کە لەبریتی تۆ قسەبکەم.

**کونسووڵ بێرنیك:**

نەخێر سوپاس؛ ئەم ئێوارەیە من خۆم دەخوازم قسەبکەم.

**بازرگان ڕوومێل:**

بەڵام دەزانیت دەبێ چی بڵێیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، دڵنیابە، ڕوومێل، ئێستا من دەزانم کەدەبێ چی بڵێم.

( مۆسیقاکە ڕاوەستاوە. دەرگای سەرباخچەکە دەکرێتەوە. مامۆستا ڕۆرلوند لەپێشی کۆمیتەی ئاهەنگگێڕانەوە دێتە ژوورەوە، بەیاوەری دووخزمەتکار کە سەبەتەیەکی داپۆشراویان هەڵگرتووە. پاش ئەوان هاووڵاتیانی سەر بە هەموو چینە جیاوازەکان دێنە ژوورەوە، هێندەی ژوورەکە بیگرێ. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لافیتە و ئاڵا لە ناو باخچەکەوسەرشەقامەکەوە دیارن.)

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

زۆر بەڕێز و ئابڕوومەند جەنابی کونسووڵ! من لەو سەرسامییەیی کە ڕووخسارتانی نەخشاندوە دەبینم، کە ئێمە وەك میوانی چاوەڕوان نەکراو خۆمانکردووە بەلای ئێوەدا و هاتووین بۆ نێو بازنەی خێزانە بەختەوەرەکەتان، هاتووینە بەر ئاگردانی ئاشتی ئێوە، کە بە هاوڕێیانی شەرافەتمەندوو،چالاك و هاوڵاتی دەورەدراوە. بەڵام ئەوە پێویستیەکی دڵخوازانە بوو ستایشی خۆمانت پیشاندەین. ئەمە یەکەم جار نیە کە شتی وا روودەدات، بەڵام یەکەمجارە کە بە پێوەرەیەکی هێندە بەرفراوان ڕوویدات. ئێمە زۆرجارسوپاسی خۆمانمان بەئێوە گەیاندووە، لەپێناو ئەو بناغە بەر فراوانە ڕەوشتییەیی کە ئێوە کۆمەڵگەکەی ئێمەتان لەسەر بنیاتناوە. ئەمجارە ئێمە

بەتایبەتی ستایشی ئێوە دەکەین وەك ئەوکەسە دیارە، ماندوونەناسەی، کە بەتەنگ خەڵکەوە هاتووە، بەڵێ، هاوڵاتییەکی خۆبەخش کە هانگاوێکی لەباری ناوە بۆ پرۆژەیەك کە پاش هەموو تێفکرینێکی زیرەکانە، پرۆژەیەکە دەخوازێ هەنگاوێکی بەبرشت بێ، لەپیناوی باشی ژیان و خۆشگوزەرانی ئەم کۆمەڵگەیەدا.

**چەند دەنگێك** لەنێو خەڵکەکەوە:

ئافەرین، ئافەرین!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

جەنابی کونسووڵ، ئێوە چەند ساڵێکە بوون بە ڕووداوێك بە نموونەیەکی ڕۆشن لە شارەکەماندا، لێرەدا من باسی ژیانی خێزانی نموونەیی ئێوە ناکەم، بەهیچ کلۆجیکش باسی خورەوشت و ئاکاری بێ پەڵەو لەکەی ئێوە ناکەم. ئەوبابەتانە لە ژووری پشوودانددا ئاماژەی بۆدەکرێ، نەك لە ساڵۆنی ئاهەنگگێڕاندا!

بەڵام من لە چالاکی ئێوە وەك هاوڵاتییەك دەدوێم، کە تائەم ساتە ڕوونوئاشکرا، بەکراوەیی لەبەرچاوی هەمووکەسێکدایە. پاپۆڕی توندوتۆڵ وتەیار لە ورشەکەتانەوە بەرێ دەکرێن و لە دوورترین دەریادا ئاڵایان دەشەکێتەوە. ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بەختەوەر، کە وەك باوکێك تەماشای ئێوە دەکەن. ئێوە بە بانگەشەکردنتان  بۆبوژاندنەوەی کاروپیشەی تازە  خۆشگوزەرانی سەدەها خێزانتان بنیات ناوە. بەمانایەکی تر ـ ئێوە بناغەی پتەو و بەکاری ئەم کۆمەڵگەیەن.

**چەنددەنگێك:**

گوێبگرن، گوێبگرن، ئافەرین.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

تەنیا ئەم لەخۆبووردنە نەرم ونیانە کە وچانی لە تەواوی ڕەفتاری ئێوەدا داوە، کاریگەرییەکی خێرخوازانەی سەرسوڕهێنەرو، لە وەسف نەهاتووانەی، لەم ساتەوەختانەدا هەیە. ئێوە ئێستا سەرقاڵی شتێکن  بۆ ئێمەی بەدەست بهێنن ـ

بەڵێ، من ناوهێنانی وشەی ڕواڵەتی و لەڕوو پەسەند ناکەم ـ ئێستگەیەکی هێلی ئاسنین.

**چەند دەنگێکی زۆر:**

ئافەرین. ئافەرین!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڵام ئەم پرۆژەیە، لەجەوهەردا بەمەبەستی خود پەسەندی کورت و کوێر، کۆسپی خراوەتە پێش.

**دەنگ:**

گوێتان لێبێ، گوێبگرن!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بەڕاستی شتێکی نەزانراو نییە هەندێ کەس، لەوانەی سەر بە کۆمەڵگاکەمان نین، پێش هاووڵاتییە تێکۆشەرەکانی ئەم شوێنە کەوتوون و، بوونەتە خاوەنی هەندێ سوود، کە بەڕاستی پێویست بوو شارەکەی خۆمان ئەو سوودەی پێ بگەیشتبایە.

**دەنگ:**

بەڵێ، بەڵێ! گوێتان لێبێ!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

بێگومان ئێوەش، جەنابی کونسووڵ ئاگاتان لەم ڕاستییە ناخۆشە هەیە. بەهەرحاڵ ئێوە توند وپتەو بەدوای پلانەکانتاندا دەچن، باش دەزانن کە هاونیشتیمانی نابێ بەتەنیا هەر بیر لە شارەوانیەکەی لەمەڕ خۆی بکاتەوە.

**چەند دەنگێکی** جیاواز:

هم! نەخێر؛ نەخێر! بەڵێ؛ بەڵێ!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

مرۆڤ ئەوهایە وەك هاووڵاتی لە نیشتیماندا، مرۆڤ پێویستەودەبێ وەك ئەو کەسە بێ، کە ئێمە لەم ئێوارەیەدا بەڕێزیان ستایش دەکەین. خۆزگە پرۆژەکەی

ئێوە بەئەنجام دەگەیشت و دەبووە مایەی بەختەوەری هەمیشەیی بۆ ئەم

کۆمەڵگەیە! بێ شك هێڵی شەمەندەفەر دەبێتە ڕێگایەك کە ئێمە لێیەوە خۆمان

دووچاری گەیشتن بە ڕەگەزی لەدەرەوەهاتووی بەدڕەوشت دەکەین، بەڵام

ڕێگایەکیشە کە بەخێرایی لەگەڵ ئەوانەدا دەمانگوێزێتەوە. ئەو جۆرە ڕەگەزە

لەدەرەوەهاتووانە ئێستاشی لەگەڵدابێ، ئێمە ناتوانین خۆمانیان لێ بپارێزین. بەڵام

کە ئێمە ئێستا هەر لەم ئێوارە ئاهەنگەدا، بەگوێرەی ئەوەی پروپاگەندەکان دەڵێن،

بەختەوەرانە، خێراتر لەوەی چاوەڕواندەکرا. لەو جۆرە ڕەگەزانە ڕزگارمان بوو ـ

**چەند دەنگێك:**

هیش! بێدەنگ!

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

من ئەوە وەك مزگێنیەکی خۆش بۆ پرۆژەکە دەبینم. من کە لێرەدا باسی ئەو

خاڵەدەکەم، ئەوە پیشان دەدات کە ئێمە خۆمان لەماڵێکدا دەبینینەوە کە ویستی

ئەخلاقی تێیدا گرنگترە لە پەیوەندی خزمایەتی.

**چەند دەنگێك:**

گوێبگرن! براڤو!

**کونسووڵ بێرنیك** ( لەهەمانکاتتدا):

ڕێگەم پێ بدە ـ

**مامۆستاڕۆرلوند:**

هێشتا چەند وشەیەکی کەم ماوە ، جەنابی کونسووڵ. ئێوە هەرچیەکتان بۆ ئەم

شارەوانیە کردووە، بێ شك بیرتان لەوە نەکردووەتەوە کە پاشان ئەوە بۆ ئێوە ببێتە

مایەی سودوقازانج. بەڵام ئێوە ناتوانن خەڵاتێکی بچکۆلانەی ڕەمزی سوپاسگوزاریی

هاووڵاتییان ڕەت بکەنەوە، لانیکەم ئالەم کاتە پڕمانایەدا، کە ئێمە، پاش

دڵنیاکردنەوەمان لە لایان پیاوانی کردەییەوە، لەبەردەمی سەرەتای زەمەنێکی تازەدا

ڕاوەستاوین.

**چەند دەنگێکی زۆر:**

ئافەرین، گوێبگرن! گوێبگرن!

( مامۆستا ڕۆرلوند ئاماژەیەك بۆ خزمەتکارەکان دەکات؛ ئەوان سەبەتەکە دەهێننە پیشتر؛ ئەندامانی کۆمیتەی ئاهەنگگێڕانەکە دێنە پێشەوە و ئەو شتانە پێشکەش دەکەن بەوانەی کە ڕوویدەمیان تێ دەکرێ)

**مامۆستاڕۆرلوند:**

جەنابی کونسوول، ئینجا ئێمە دەمانەوێ، جزوەیەکی زیوینی قاوەت پێشکەش بکەین. هەتا لەداهاتووشدا هەروەك جاران، مێزتان برازێنێتەوە کاتێك ئێمە، لەم ماڵە میوان دۆستەدا بەخۆشحاڵیەوە کۆدەبینەوە.

ئێوەش بەرێزەکانم، پاش ئەوەی ستایشیکردنی پیاوی یەکەمی کۆمەڵگەکەمان کۆتایی هات، داواتان لێ دەکەین دیارییەکی بچکۆلەمان بۆ یادگار لێ قبووڵ بکەن. ئەم پەرداخە زیوە بۆ ئێوە، جەنابی بازرگان ڕوومێل. ئێوە هەمیشە، بە وتارو وشەی جوان، لەکاتی پرینگانەوەی دەنگی پەرداخەکاندا بۆ نۆشین بەرگریتان لە بەرژەوەندی هاووڵاتییانی ئەم کۆمەڵگەیە کردووە؛ خۆزگە ئێوە هەمیشە فرسەتی بەنرختان بۆ بەرزکردنەوەی ئەم پەرداخە و بەتاڵکردنەوەی دەدۆزییەوە. ئێوە، جەنابی بازرگان ساندستاد، ئەم ئەلبوومەتان پێشکەش دەکەم کە وێنەی هاووڵاتییانی تێدایە. مرۆڤ خوازی ناسرا و دیارتان ئێوەی خستۆتە بارێکی میهرەبانی واوە کە لەنێو هەموو حیزب و لەیانەکانی کۆمەڵگەدا هاوڕییانی خۆتان بژمێرن. هەروەها بۆ ئێوە، جەنابی بازرگان ڤیگەلاند، بۆ ڕازاندنەوەی خەڵوەتگاکەتان، ئەم کتێبی دوعاخوێندنەوەیەی کاتی نوێژوخواپەرستیتان لە بەرگێکی جوانی لەسەر چەرم نووسراودا پێشکەش دەکەم. ئێوە لەژێر کاریگەری ساڵانی پرئەزموونداا بە تێگەیشتنێکی چڕوپڕی جیددی ژیان گەیشتوون؛ چالاکیتان لەئامانجی کاروباری شەوڕۆژتاندا لەماوەی ساڵانێکی دوورودرێژدا پاك ونەجیبزادانە بووە بە

بیرکردنەوەتان لە خوای گەورەو ڕۆژی قیامەت. ( ئاوڕ لەخەڵکەکە دەداتەو.) ئیتر، هاوڕێیانم، بژی کونسووڵ بێرنیك و هاوخەباتانی! بژی پایەکانی کۆمەڵگەکەمان!

**هەموو حەشاماتەکە:**

بژی کونسووڵ بێرنیك! بژی پایەکانی کۆمەڵگە! بژی، بژی، بژی!

**لوونا:**

پیرۆز بێت، زاوا!

( بێدەنگییەکی پڕ لە چاوەڕوانی)

**کونسووڵ بێرنیك** ( لەسەرخۆوجیددی دەست پێ دەکات) :

هاووڵاتییانم، لەزاری ئاخیوەرەکەتانەوە وترا کە ئێمە ئەم ئێوارەیە لەسەرەتای زەمەنێکی تازەدا ڕاوەستاوین، من هیوادارم ئەو دۆخە بێتەپێش. بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەم دۆخە دروست بێ، پێویستە ئێمە خۆمان فێری حەقیقەت بکەین، حەقیقەت کەهەتا ئەم ئێوارەیە وەك هەمیشە و لەهەموو پەیوەندییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیەدا جێگەی نەبووەتەوە.

( سەرسوڕمان لە ناو ئەوانەی لەدەوروبەریدا وەستاون)

**کونسووڵ بێرنیك:**

من پێویستە بگەڕێمەوە و لەو وشە پەسەندانەوە دەست پێ بکەم کە ئێوە، جەنابی مامۆستا، بە گوێرەی دابونەریتی ئەم جۆرە بۆنانە، بەسەرمنتا ندا داباراند. من لایەقی ئەو قسانە نیم؛ لەبەر ئەوەی من هەتا ئەمڕۆ پیاوێك نەبووم بیرم لە قازانجی خۆم نەکردبێتەوە، ئەگەرچی من هەمیشە بەدوای سوود و پارەدا هەوڵم نەداوە، بەڵام بەهەرحاڵ من ئێستا تێدەگەم کە هەوەس و شەیداییەك بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات و کاریگەری و ڕێزوشکۆ، لە زوربەی زۆری ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانم دا هێزی پاڵنەر بووە.

**بازرگان ڕوومێل** ( کەمێك بەدەنگی بەرز):

ئێ دوای ئەوە؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

من لێرەدا، لەبەردەمی هاووڵاتییاندا هیچ سەرزەنشتی خۆم ناکەم ؛ چونکە من هێشتا  لەو باوەڕەدام کە لە ناو لێهاتووانی خۆماندا لێرە دەتوانم لەڕیزی پێشەوە ڕاوەستم.

**چەند دەنگێ:**

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ!

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵام ئەو گلەییەی لە خۆمی دەکەم، ئەوەیە کەمن  زۆرجار هێندە لاواز بووم کە ڕێگەی چەوت و چەوێڵم گرتووە، لەبەرئەوەی من دەمزانی و دەترسام لە مەیلی کۆمەڵگاکەمان بۆبینینی ئەو پاڵنەرە ناپاکانەی وان لەپشت هەموو ئەوکارانەی کە پیاوێك لێرە ئەنجامیان دەدات. ئێستا دێمەسەر خاڵێك کە پەیوەندی بەمەوە هەیە.

**بازرگان ڕوومێل** ( بە نائارامیەوە):

هم ـ هم!

**کونسووڵ بێرنیک:**

لێرە پڕوپاگەندەیەکی زۆر، لەبارەی کڕینی موڵکێکی زۆرەوە لە بەرەوژووری وڵاتدا بڵاوە. ئەو موڵکانە، هەموویان پێکەوە، من خۆم کڕیومن، بە تەنیا.

**چەندەنگێك بە هێواشی:**

ئەوە دەڵێ چی؟ کونسووڵ؟ کونسووڵ بێرنیک؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

ئەو موڵکانە هەتا ئێستا لەدەستی مندان. بێگومان من ڕازونیازی خۆمم بە هاوکارانم وتووە، بەو بەڕێزانە، ڕوومێل، ڤیگەلاند و ساندستاد، هەروەها ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین ـ

**بازرگان ڕوومێل:**

ڕاست نییە! بەڵگە- بەڵگە -!

**بازرگان ڤیگەلاند:**

ئێمە لەسەر هیچ ڕێکنەکەوتووین!

**بازرگان ساندستاد:**

نەخێر، لێرەدا من دەبێ بڵێم -

**کونسووڵ بێرنیک:**

ئەوە تاڕادەیەك ڕاستە؛ ئێمە هێشتا لە سەر ئەوەی من دەمەویست ناوی بەرم ڕێکنەکەوتووین. بەڵام هیوادارم کە ئەم سێ بەڕێزە پێکەوە لەگەڵ من هاودەنگ بن کاتێك دەڵێم کە من ئەم ئێوارەیە لەگەڵ خۆمدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتووم کە ئەو موڵکانە بخرێنە سەرمایەیی گشتی هاوبەشەوە؛ ئەوەی کە دەیەوێ، دەتوانێ بەشی خۆی لە ناویاندا هەبێ.

**چەنددەنگێکی زۆر:**

بژی! بژی کونسووڵ بێرنیك!

**بازرگان ڕوومێل** ( بەهێواشی بە کونسووڵ بێرنیك دەڵێ):

ناپاکییەکی هێندە خراپ!

**بازرگان ساندستاد** ( بەهەمان شێوە):

کەواتە تۆ لەخشتەت بردین!

**بازرگان ڤیگەلاند:**

دەی کەواتە شەیتان کاولی کات! ئۆ، خاچ، ئەوە من دەڵێم چی؟

**حەشاماتەکەی دەرەوە:**

بژی، بژی، بژی!

**کونسووڵ بێرنیك:**

بێدەنگی، بەڕێزانم. من هێچ مافێکی ئەو ستایشکردنەم نییە؛ چوونکە ئەوەی ئێستا من بڕیارم لەسەردا، لە سەرەتاوە نییەتی من نەبوو. نییەتم ئەوەبوو هەمووی بۆ

خۆم هەڵگرم، هەتائێستاش من لەسەر ئەو بۆچوونەم کە ئەو موڵکانە باشترین سوودیان لێ وەردەگیرێ ئەگەر ئەوانە لە دەستێکدا کۆبکرێنەوە و بمێننەوە. بەڵام خەڵك دەتوانن دەنگ بدەن. ئەگەر خەڵك ویستیان، ئەوا من ئامادەم بەڕێوبەرایەتیان بکەم بە باشترین قەبڵاندن.

**دەنگ**:

بەڵێ! بەڵێ! بەڵێ!

**کونسووڵ بێرنیك**:

بەڵام پێش هەموو شتێ پێویستە هاووڵاتییانم بەقووڵی من بناسن. ئینجا با هەریەکێك لە ئێوەش بەخۆیدا بچێتەوە، با بەتەواوی جێگیربێ، کە لەم ئێوارەیەوە ئێمە پێ دەنێینە زەمەنێکی تازەوە. ئەو زەمەنە کۆنە، بە ڕوخساری ئارایشکراوی خۆیی و، بە دووڕوویی و بەتاڵیی خۆیی و، بە ڕەوشتی درۆزنانەی خۆی و غەمباری بەزەیی جوڵێنەری خۆیەوە، بۆمان ببێتە مۆزەخانەیەکی کراوە بۆ لێوە فێربوون؛ ئێمە بۆ ئەو مۆزەخانەیە ـ وانیە، بەڕێزەکانم؟ پێکەوە جزوی قاوە تێدادروستکردنەکەو پەرداخەکەو ئەلبوومەکەو کتێبی دوعا خوێندنەوەکەی کاتی نوێژوخواپەرستی لە بەرگەجوانە لەسەر چەرم نووسراوکەدا دەکەین بە دیاری.

**بازرگان ڕوومێل**:

بەڵێ بێگومان.

**بازرگان ڤیگەلاند**( بەمنگە منگەوە):

ئێوە هەمووشتێکتان برد ئەوەش بەرن ـ

**بازرگان ساندستاد**:

فەرموون.

**کونسووڵ بێرنیك**:

ئینجا بڕانەوەی حیسابی سەرەکی لەگەڵ کۆمەڵگەکەمدا. وترا کە ڕەگەز بەدەکان ئەم ئێوارەیە بەجێیان هێشتین. بەڵام من دەتوانم ئەوە بخەمە سەرئەو قسەیە کە

خەڵك نایزانن: ئەو پیاوەی هیمای بۆکرا، بەتەنها سەفەرینەکرد؛ ئەو خاتوونەشی لەگەڵدا ڕۆیشت بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری ـ

**لوونا** ( بەدەنگی بەرز):

دینا دۆرف!

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

چی!

**بێتی**:

ئەوە دەڵێی چی؟

( جموجۆڵێکی زۆر)

**مامۆستا ڕۆرلوند**:

ڕۆیشت؟ هەڵهات ـ لەگەڵ ئەودا! مەحاڵە!

**کونسووڵ بێرنیك**: بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری، جەنابی مامۆستا. هەروەها زیاتر دەخەمە سەرقسەکانم.( لەسەرخۆ) بێتی، خۆڕاگربە و، بەرگەی ئەوەی ئێستا دەوترێ بگرە. ( بەدەنگی بەرز) من دەڵێم؛ دەستی ڕێز بگرن بەسنگتانەوە بۆ ڕێزنان لەوپیاوە؛ لەبەرئەوەی ئەو نەجیبزادانە چووە ژێرباری تاوانی یەکێکی ترەوە. هاووڵاتییانم، من دەمەوێ لە ناڕاستی بچمە دەرەوە؛ خەریك بوو یەکەیەکەی ڕیشاڵەکانی لەشم ژەهراوی بکات. پێویستە ئێوە هەموو شتێ بزانن. پانزە ساڵ لەمەوبەر تاوانبار من بووم.

**بێتی** ( هێواش و بەدەم هەڵلەرزانەوە):

کەشتن!

**مارتا**( هەمان شێوە):

ئاهـ، یۆهان!

**لوونا**:

دواجار تۆ خۆت بردەوە!

( سەرسوڕمانیەکی بێ ئامانج لەنێو ئامادەبواندا)

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵێ، هاووڵاتییانم، تاوانبار من بووم و ئەو سەفەری کرد. ئەوپروپاگەندە خراپ و ناڕاستانەی کە پاشان بڵاو بوونەوە، لە دەستەڵاتی کەسدا نەبوو بەرەنگاریان بێتەوە. بەڵام من لێرە بەدواوە زاتی ئەوەناکەم داوای لێبووردن بکەم. پانزەساڵ لەمەوبەر لەسەرحیسابی ئەو پڕوپاگەندانە من خۆم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان؛ ئەگەر ئێستا بەسەرسەردا بەسەر ئەو پڕوپاگەندانەدا بەربیمەوە، ئەوا با هەرکەس لەلای خۆیەوە سەرپشك بێ.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

چ گورزێکی هەورەبروسکەئاسایە ئەمە! پیاوی یەکەمی شار!( بەهێواشی بە بێتی خانم دەڵێ) خانم من چەند بەداخەوەم بۆتان!

**هیلمارتۆنەسێن:**

دانپیدا نانێکی ئاوا! ئێستا، چی بڵێم!

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵام ئەم ئێوارەیە هیچ بڕیارێك نادرێ. من داوا لە هەریەکێك لە ئێوە دەکەم بڕواتەوە لای خۆی، خۆی کۆبکاتەوە و سەیری ناخی خۆی بکات. کاتێك بیروهۆشەکان ئارام بوونەوە، ئەوسا ئەوە دەردەکەوێ ئایا من بە دان پێدا نانم دۆڕاندم یان بردمەوە. خواتان لەگەڵ! من هێشتا گەلێ گەلێ شتی تر هەیە لێیان پەشیمان ببمەوە؛ بەڵام ئەوە تەنها پەیوەندی بە ویژدانی خۆمەوە هەیە. شەوباش! هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ئاهەنگگێڕانەوە هەیە دوورخەنەوە. هەموومان هەست دەکەین کە ئەو شتانە ئێستا لە جێگەی شیاوی خۆیاندا نین.

**مامۆستا ڕۆرلوند:**

نەخێر ئاشکرایە. ( بەهێواشی بە بێتی دەڵێ) هەڵهات! کەواتە ئەو بە تەواوەتی منی بەلاوە بێ نرخ بوو.( کەمێك بەرزتر بە کۆمیتەی ئاهەنگگێڕانەکە دەڵێ) بەڵێ،

بەڕێزانم، پاش ئائەمە من وای بەباش دەزانم کە بە تەواوی بێدەنگییەوە دوورکەوینەوە.

**هیلمارتۆنەسێن:**

چۆن چۆنی لەمەودوا مرۆڤ بتوانێ ئاڵای بیروباوەڕ بەرز ڕاگرێ، ئەوە ـ ئاخ !

( ئەوەی وترا لەوبەینەدا دەماودەم بە چرپەچرپ بڵاو بووەتەوە. هەموو بەشدارانی ڕێپێوانی ئاڵاهەڵگر لە باخچەکە دووردەکەونەوە. ڕوومێل، ساندستاد و ڤیگەلاند بەهێواشی بەدەم گفتوگۆیەکی توندەوە دەڕۆنەدەرەوە. هیلمارتۆنەسێن لەلای ڕاستەوە خۆی دەدزێتەوە. بێدەنگ لەهۆڵەکەدا کونسووڵ بێرنیك، بێتی، مارتا، لوونا، پارێزەر کراپ دەمێننەوە.)

**کونسووڵ بێرنیك:**

بێتی، لێم دەبووریت؟

**بێتی** ( بەزەردە خەنەوە سەیری دەکات):

کەشتن، دەزانیت، تۆ شادمانترین دیمەنی چەند ساڵەت بە ڕوودا واڵاکردم؟.

**کونسووڵ بێرنیك:**

چۆن چۆنی؟

**بێتی:**

ساڵانێکی زۆرە پێموایە کە من جارێك لە جاران بوومە خاوەنی تۆ و بەڵام دووبارە تۆم لەدەست دا، ئێستا دەزانم کە من هەرگیز خاوەنی تۆ نەبووم؛ بەڵام هەر دەبێ بە من بە خۆشەویستی و متمانە ببمەوە خاوەنی تۆ.

**کونسووڵ بێرنیك** ( دەست دەکاتە ملی):

ئۆ، بێتی، من هی خۆتم ئێستا! بەهۆی لووناوە یەکەمجار من فێربووم بەڕاستی تۆ بناسم. بەڵام کوا ئولاف با بێ.

**بێتی:**

بەڵێ، هەرئێستا دەی بینیت. ـ جەنابی کراپ !

( بێتی لە گەڵ کراپ لە پشتەوە بە هێواشی قسەدەکەن. کراپ لەدەرگای سەرباخچەکەوە دەچێتە دەرەوە. لەو کەین وبەینەدا هەموو چراو مۆمەکانی ماڵەکان دەکوژێنەوە)

**کونسووڵ بێرنیك** ( بە هێواشی):

سوپاس، لوونا، تۆ باشترین شتت لەمندا ـ لە پێناوی خۆمدا ڕزگار کرد.

**لوونا:**

ئایا لەوە زیاتر من هیچی ترم دەویست؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، دەتویست، یان نەتدەویست؟ من سەر لەتۆ دەرناکەم.

**لوونا:**

هم ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

ڕقوکینە نەبێ؟ تۆڵەکردنەوە نەبێ؟ کەواتە بۆچی گەڕایتەوە بۆ ئێرە؟

**لوونا:**

هاوڕێیەتی کۆن ژەنگ هەڵناهێنێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

لوونا!

**لوونا:**

کە یۆهان لەبارەی ئەو درۆیەوە قسەی بۆکردم، سوێندم بەخۆم خوارد کە قارەمانەکەی تەمەنی لاویم پێویستە سەربەست و ڕاست ڕابوەستێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئای، من ئەو مرۆڤە ڕەشبەختە هێندە شایەنی ئەوە نیم.

**لوونا:**

بەڵێ ، کەشتن، ئەگەر ئێمەی ژنان بەدوای ئەوەدا بگەڕاینایە کە کێ شایەنیەتی و کێ شایەنی نییە ئەوا ـ!

( ئەونای بەلەمساز لەگەڵ ئۆلافدا لە باخچەکەوە دێنە ژوورەوە)

**کونسووڵ بێرنیك** ( بەرەوڕوی ئۆلاف):

ئۆلاف!

**ئۆلاف:**

باوکە، بەڵێنت دەدەمێ، ئیتر هەرگیز ـ

**کونسووڵ بێرنیك:**

هەڵنەیەیت لە ماڵەوە؟

**ئۆلاف:**

بەڵێ. بەڵێ باوکە، بەڵێنت دەدەمێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

منیش بەڵێنت دەدەمێ، ئیتر هەرگیز ناچاری ئەوە نەبیت. لێرە بەدواوە تۆ مافی ئەوەت هەیە، وەك میراتگری بەرهەمی ژیانی من نا، بەڵکو وەك ئەو کەسەی کە کار و ژیانێکی خۆی هەیەو چاوەڕوان دەکا گەورەبیت.

**ئۆلاف:**

بۆم هەیە ببم بەوەی خۆم دەمەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

بەڵێ، تۆ بۆت هەیە.

**ئۆلاف:**

سوپاس، کەواتە من نامەوێ ببم بە یەکێك لە پایەکانی کۆمەڵگە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئاوها؟ بۆچی نا؟

**ئۆلاف:**

لەبەرئەوەی من پێموایە ئەوە دەبێ زۆر ناخۆشبێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئۆلاف، تۆ دەبێ ببیت بەخۆت؛ پاشان ئەوەی تری بەگوێرەی توانای خۆی.

هەروەها  ئێوە، ئەونا ـ

**ئەونای بەلەمساز:**

دەزانم، جەنابی کونسووڵ؛ من لە کارەکەم دوورخرامەوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێمە هەر بەیەکەوە دەمێنینەوە، ئەونا،  لێم ببوورە ـ

**ئەونای بەلەمساز:**

چۆن چۆنی؟ ئاخر خۆ ئەم ئێوارەیە پاپۆڕەکە دەرناچێ.

**کونسووڵ بێرنیك:**

سبەینێش دەرناچێ. من وەختێکی کەمم دابوو بەئێوە. ئەوە دەبێ تەواو وورد سەیری بکرێ.

**ئەونای بەلەمساز:**

بەڵێ باشە، جەنابی کونسووڵ، ئەوکارە بە ئامێرە تازەکان دەکەین!

**کونسووڵ بێرنیك:**

دەبێ وابێ، بەڵام وورد و قووڵ و ڕاستگۆیانە. ئێمە زۆر شتمان هەیە کە پێویستیان بە چاکردنەوەیەکی وورد و قووڵ و ڕاستگۆیانە هەیە. ئیتر، شەوباش، ئەونا.

**ئەونای بەلەمساز:**

شەوباش، جەنابی کونسووڵ؛ سوپاس، سوپاس، سوپاس! ( لەلای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە)

**بێتی:**

ئەوان هەموویان ڕۆیشتن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێمەش بە تەنیاین. چیتر ناوی بەگڕنووسراوی من نادرەوشێتەوە؛ هەموو چرای ناو پەنجەرەکان کوژانەوە.

**لوونا:**

بۆ دووبارە ئاوات بە داگیرساندنیان دەخوازیت؟

**کونسووڵ بێرنیك:**

نا بە هیچ کلۆجێك. من لە کوێ بووم! ئەگەر ئێوە بزانن من لە کوێ بووم هەر دەتۆقێن. وەك ئەوەی من دوای ژەهراوی بوونم هۆش وگۆشم هاتبێتەوە بەر. بەڵکو من هەست دەکەم، دووبارە گەنج و تەندروست دەبمەوە. ئۆخەی، لێم نزیکتربینەوە، لەدەورم کۆببنەوە. وەرە، بێتی! وەرە، ئۆلاف، کوڕی خۆم! تۆش مارتا؛وابزانم، من ئەم هەموو ساڵە تۆم نەبینیوە.

**لوونا:**

نەخێر، باوەڕت پێدەکەم؛ کۆمەڵگەکەی ئێوە، کۆمەڵگەیەکە لە ڕووحی پیاوی سەڵتی پیر، ئێوە ژن نابینن.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ڕاستە، ڕاستە؛ هەر لەبەر ئەوەش، بەڵێ، ئیتر ئەوە دوابڕیارە، لوونا، تۆ من و بێتی بەجێ ناهێڵیت.

**بێتی:**

نا، لوونا، تۆ نابێ بەجێمان بهێڵیت!

**لوونا:**

نەخێر، هیچ بیانویەکم نیە تا سەفەرکەم و ئێوەی خەڵکی گەنج بەجێ بهێڵم، کە دەتانەوێ دەست بکەن بە خۆ دروستکردن؟ ئەی مەگەر من دایان نیم؟ من و تۆ، مارتا، ئێمە دوو پووری پیر. سەیری چی دەکەیت؟

**مارتا:**

ئاسمان چەند ساف وبێ هەورە، سەردەریا چەند ڕووناکە. " لقەدارخورما" بەختی هەیە.

**لوونا:**

بەختەوەریشی بارکردوە.

**کونسووڵ بێرنیك:**

ئێمە۔ ئێمە ڕۆژێکی درێژی کارکردنی جیددی چاوەڕێمانە؛ زیاتر من. بەڵام با ئەو ڕۆژەبێ؛ لە دەورم کۆببنەوە، ئێوە ژنانی دڵسۆز و حەقیقەتخواز. من لەم ڕۆژانەدا ئەوەش فێربووم: کە ئێوەی ژنان پایەکانی کۆمەڵگەن.

**لوونا:**

کەواتە تۆ پەندێکی لاواز فێربوویت، زاوا. ( توند دەست دەخاتە سەر شانی) نەخێر؛ ڕووحی ڕاست و ڕووحی ئازاد۔ ئەوان پایەکانی کۆمەڵگەن.

کۆتایی

تەواو

پێشکەشە بە:

کەریم عوسمان

07.07.07

ڤۆدیسێ /هاودەم ساڵح جاف

سوپاس وپێزانین:

وەرگێڕانی پایەکانی کۆمەڵگای هێنریك ئیبسن کارێکی ئاسان نەبوو. یەکەم لەبەر ئیش وکاری رۆژانەی بژێوی ژیان، مەجبور ئەم جۆرە کارانە دەکەونەوە سەر حیسابی کاتی پشودان و لە کاتی پێکەوەبونی ماڵ و منداڵ بۆخۆیان دەدزنەوە. دووەم ئەو زمانە کۆنە نەرویجییەیی سەدوسی ساڵ لەمەوبەر ئیبسن پێی نووسیوە، کەهەتاڕادەیەك دەکاتەوە زمانی دانیمارکی کۆن. دیارە کە گەڕان بەدوای مانای ئەو وشانەی ئەوسا و ساخکردنەوەیان بۆ وشە لەجێگەبەکارهێنراوەکانی ئەمڕۆ هەم مایەیی سەرنج ڕاکێشان و هەم دژواروسەخت بوو. بەهەر حاڵ هیوادارم کە ماندوبوونەکەم بای ئەوەبێ کە بەشانازییەوە بوێرم ئیبسن ڕاستەوخۆ بخەمە بەر چاو و هەست و هۆشی خوێنەری کورد، نەك لە زمانی دووەم و سێهەم و...هتد، بەڵکو ڕاستەو خۆ لەزمانی ئیبسن خۆیەوە. ئالێرەدا دەمەوێ زۆر سوپاسی هاوڕێی کۆن و ئازیزم مامۆستا دانا ڕەووف بکەم وەك هاندەرێك بۆ دووبارە دەست بەکار بوونەوەم لەسەر تەواوکردنی وەرگێڕانی ئەم شانۆگەرییە، کەماوەی چەندساڵێك لەمەوبەر بەشی یەکەم و دووەمیم تەواوکردبوو، بەڵام هەروا لەکتێب خانەکەمدا دامنابوو بێ ئەوەی بچمەوە بە لاییدا. دووبارە سوپاسی کاك دانا دەکەم کە ئەرکی پیاچوونەوەی دەقەکوردییەکەی لەگەل دەقە سویدییەکەیدا گرتە ئەستۆو بە ئامۆژگاری زانایانەی زۆری بەهرە پێ گەیاندم. هەروەها زۆر سوپاسی هاوڕێی دلسۆزم کاك ئاسۆ عەبدوڵا کەریم دەکەم کە زۆر بە لە خۆ بوردوانەوە بەشی یەکەمی تەرجەمەکەی ئەم شانۆگەرییەیی بۆخستمە سەرکۆمپیوتەر. پاشان سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ یارمەتی هاورێ وهاودەم و هاوسەرم ئینگەرئۆستنستاد کە بەبێ ئەو هەرگیز ئەم وەرگێڕانە وا نەدەبوو کە هەیە. دووبارە سوپاس و خۆشەویستیم بۆ ئینگەر بۆ پێکەوە بەراوردکردن و پیاچوونەوەی دەقە کوردیەکە لەگەڵ دەقە نەرویجییەکەیدا. نەوەکو هەڵەیەك یان بەهەڵە لێتێگەیشتنێك هەبێ و بەسەر مندا تێپەڕیبێ. لەگەڵ

ئەوەشدا دیارە کە ئەمە هێشتا هەر وەرگێڕانەو وەرگێڕانیش لە کەم و کوڕی بەدەر نیە. داوای لێبوردن لە منداڵە خۆشەویستەکانم تین و ئارام دەکەم کە وەرگێڕانی ئەم شانۆنامەیە زۆری لەکاتی من لەگەڵ ئەواندا بۆ خۆی قۆستەوە. سوپاسی تەحەمول وتێگەیشتنیان دەکەم.

هاودەم ساڵح جاف

05.08.2007

Oslo